# مامۆستای کورد



ژماره ۲۸ زستانی ۱۹۹٦

ISSN 1102-2000

# Mamostay Kurd



28
Winter 1996

# مامۆستای کورد

ژمارە: ٢٨، زستانی ١٩٩٦

**سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی**



ناونیشان: Address

Mamosta-y Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden



ژمارەی حیسابی پۆست
Postgironummer/Postal Giro Number:
43 55 59 - 0



وێنەی سەر بەرگی یەکەم: یادگارێکی شێخ مەحموودی نەمر

تابلۆی سەر بەرگی دووەم: قەرەنی جەمیل

## ناوەڕۆک


بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی... بەشی دووەم ٣
کتێبی ئاو، کتێبی پشکۆ... شیعر... محەممەد ئەلغوززی... و. فەرهاد شاکەلی ٢٣
فرانسوا میتران ٢٨
ئەفسانەی دووکەڵ... چیرۆک... جەبار جەمال غەریب ٣٣
گرنگیی ئاو بۆ ژیان... ئەسعەد قەرەداغی ٣٩
چوار جرتەکی... شیعر... شەماڵ سائیب ٤٥
فەلسەفە لە یۆنانەوە بۆ کوردستان... فوئاد عەبدولڕەحمان ٤٦
نهێنییەکانی تەنیایی و هەڵوەرینی باڵە ڕەشەکانی شەو... شیعر... خەبات عارف ٥٥
چەند ڕاستییەک دەربارەی نەخۆشیی ئەیدز... د. زاهیر سۆران ٥٧
گومان... چیرۆک... میقدار شاسواری ٦٥
دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ٦٨
کتێبخانەی مامۆستای کورد ٦٩
وەرامی دۆستان ٧٦
یادگارێکی شێخ مەحموودی نەمر ٧٧
سێ شیعر... سیمین چایچی ٧٩
هاملێت لە سێ دیدی جیاوازەوە... ڕاپۆرتی شانۆ... دانا ڕەئووف ٨٠




# بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی

بەشی دووەم

## ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵەح ئەحمەد

## پەراوێزنووسین: محەممەد ڕەسووڵ هاوار

ئەم بیرەوەرییە بە کوردی کراوانەی خوا لێ خۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکی لە بنەڕەتدا بە تورکی نووسراوە و تا ئێستا چاپ نەکراوە و ناونیشانی لەسەر دانەنراوە، بەڵام من لای خۆمەوە ناونیشانی "بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"م بۆ هەڵبژارد.

کاتی خۆی لە دەورانی ڕژێمی پاشایەتیی عیراق کراوە بە کوردی. ساڵی ١٩٩٣ دانە کوردییەکەیم لە لای مامۆستا غەفووری میرزا کەریم دی. ئەویش کاک جەمالی محەمەد سەعیدی خەیات دابوویێ کە هەردوو دانە تورکی و کوردییەکەیی لە لایە و نازانێ کێ کردوویە بە کوردی. چەند هەوڵم دا نەمتوانی ناوی وەرگێڕ و هێندێک زانیاریی دیکەی پێویست ساخ بکەمەوە.[١] بۆیە وام بە باش زانی تا ئەو کاتە کە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەون پێشدەستی بکەم بۆ بڵاوکردنەوەی، لەبەر ئەوەی گەلێک زانیاری و ڕاستییان لە بارەی سەروبەندی دوادواییەکانی حوکمی دەولەتی عوسمانی و سەرەتاکانی دامەزرانی دەولەتی نوێی تورکیاوە تێدایە کە کەلکیان بۆ مێژوونووس و خوێندەواری کورد دەبێ.

ڕەفیق

### یەکەم چوونم بۆ ئەستانبووڵ

وەضعییەت لە بەغداد زۆر تێکەڵوپێکەڵ بووبوو. منیش تەمەنم گەیشتبووە ٩ ساڵ. باوکم خەتەنەسوورانێکی گەورەی بۆ کردم، پاش ئەوە ئێمەی ئامادە کرد بۆ ناردنمان بۆ ئەستانبووڵ. لە ئەساسدا سەعید پاشای خاڵم(٢٥) لە ئەستانبووڵ ڕەئیس شوورای دەوڵەت و وەزیری خارجییە بوو وە داوای کردبوو کە ئێمە بچین بۆ ئەستانبووڵ، لەبەر ئەوە لە مارتی ٣١٧ لەگەڵ کاروانێکی گەورە کە ئامادە کرابوو کەوتینە ڕێ.

من تەصدیقنامەی پۆلی دووەمی ئەعدادیی مەلەکیم وەرگرتبوو، لەگەڵ قافڵەکەدا ئەموالێکی تیجاریی زۆر هەبوو، دایکی میر ئالای عارف بەگ و صەبیح بەگ نەشئەت بەگیش وە گەلێ عەوائیلی کەمان لەگەڵدا بوو، وە بلۆکێکی ئێسترسواریش مەئمووری حیمایەی قافڵەکە بوو. بەشێک لە عائیلەکان لە (تەخت ئەلرەوان) و بەشێکی کەشیان لە کەژاوەدا بوون وە بارگیرە بارکراوەکانیش یەکی زەنگۆڵەیەکی گەورەی لە ملدا بوو. دەنگی ئەم زەنگۆڵانە بووبوو بە وەلوەلە. بەم شێوەیە ڕێمان گرتبووە بەر. یەکەم قۆناغ ئەبووغرێب بوو کە گەڕەکێکی بەغداد بوو، دووەم قۆناغمان فەللووجە بوو. لە هەر قۆناغێکدا خێوەت هەڵئەدرا وە مەڕ سەر ئەبڕرا وە بەیانیان بە مۆسیقای عەسکەری خەبەرمان ئەبووەوە و ئەکەوتینە ڕێگا. ڕێگاکەمان زۆر بە خطوورەت بوو، وە موعەڕڕەض بوو بۆ هجوومی (قوطاع ئەلطوروق). بەم شێوەیە بە ٤١ ڕۆژ بەسەر دێر ئەلزووردا چووینە شاری حەڵەب، لە تەخت ئەلرەوانی ئێمەدا من وە دایکم وە هەردوو خوشکم زەهرا وە ئەفخەم بووین. سائیقی تەخت ئەلرەوانەکە کە جاشوولکەیەکی بچووکی هەبوو وە من ئەمویست سواری ئەو جاشوولکەیە ببم. لەسەر ئەوە کەوتمە سەغڵەت کردنی زەهرای خوشکم وە هەوڵی ئەوەم ئەدا کە تەئمینی موافەقەتی دایکم بکەم بۆ

سواربوونی ئەو کەرە. لە ئەنجامدا لە تەخت ئەلرەوانەکە هاتمە دەرەوە وە کەرێکیان بۆ بە کرێ گرتم وە سواری بووم، هەموو ڕێگام بەسواریی ئەو کەرە تەواو کرد. لەم ڕووەوە زۆر کەیفخۆش بووم.

لە دوای شاری حەڵەب بەسواری عەرەبانەی یایلی بە ٣ ڕۆژ گەیشتینە ئەسکەلەی ئەسکەندەروون. لەبەینی شاری حەڵەب و ئەسکەندەروون زۆر مەنظەرەی جوانمان دی، بە شاخی (بیلان)دا بە پێچاوپێچ سەرکەوتین. باوکم بە مەقصەدی خزمەت لەخزمان مەعرووف چاوەشی لەگەڵدا ناردبووین. ئەم مەعرووف چاوەشە کە بەحرەکە و ئەو پاپۆڕانەی ناو بەحرەکەی دی، ئەیگوت سواربوونی ئەم پاپۆڕانە لەناو ئەم بەحرەدا بێعەقڵییە. بەم قسانەی دایکمی خستبووە موشکیلەوە. لە شاری ئەسکەندەروون دوو ڕۆژ ماینەوە، بە [...] عیززەت وە ئیکرامی قوماندانی مەوقیعی ئەسکەندەروون، بە سواریی پاپۆڕی ڤێنووس کە پاپۆڕێکی نەمساوی بوو لە پاش ٥٣ ڕۆژ ڕێگا گەیشتینە ئەستانبووڵ.

## لە ئەستانبووڵ

لە ئەستانبووڵ چووینە ئەو خانووەی کە لە نیشانطاش بەرامبەر مزگەوتی ڕائیف ئاغا بوو. ئەو خانووە کە لە بەرد دروست کرابوو، نەنکم وە پوورم حەبیبە خانم تێیدا ئیقامەتیان کردبوو. سووتانی ئەستانبووڵم بیستبوو. شەوێک بیستم کە لە گەڕەکی (قوم قبو) کە لە ئێمەوە زۆر دوور بوو ئاگر کەوتۆتەوە، دەستم کرد بە هاوار ئەموت ئێمەش ئەسووتێین. بەمە خێزانی ماڵەکەم خستبووە تەلاشە. خاڵم سەعید پاشا لە خانووەکەی کە لە گەڕەکی تەشویقییە بوو وە خاڵەکانی تریشم عیززەت و سلێمان بەگ[٢٦] لەگەڵ دایکیان (سەرافراز خانم) لە دێی (ئەرن ) لە کۆشکی مونجیم باشی دائەنیشتن. خاڵم عیززەت بەگ ئامینەی کچی خدێوی محەمەد پاشای بابان ژنی بوو. ئەم خاڵۆژنەم وێنەی بەدەگمەن ئەبوو. مالیکی ئەخلاقێکی جوان بوو. ئێمە زوو زوو ئەچووین بۆ لای. ئەو کاتە خاڵم عیززەت بەگ ڕوتبەی (ئالا صاحبی) وە موعاوینی ئەووەلی موتەرجیمی دیوانی هومایۆن بوو. بەڵام سلێمان بەگ[٢٧] ژنی نەهێنابوو، ڕوتبەی میرئالای یاوەران پادشاهی بوو. هیوایەتی موطالەعەی تەئریخ وە یاریی شەطرەنج بوو.

من لەجیاتی بڵێم (خایر) ئەموت (خێر). خاڵۆزاکانم وە منداڵەکانی تر پێم پێ ئەکەنین. ڕۆژێک لەگەڵ ئەواندا چوومە باخەکەیانەوە، کە دیم نەمامی بامیەی ناو باخەکەیان زۆر کورتە و بامێشی گرتووە، سەرم سووڕما، وە پێم وتن: لە عیراق نەمامی بامیە بە قەدەر باڵای ئینسانێک بەرزە. ئەوانیش وتیان ئای لەو درۆیە، وە دەستیان کرد بە گاڵتە پێ کردنم. لەمە زۆر ڕقم هەستا وە تووڕە بووم، پەلاماری (بەڵقیس)ی خاڵۆزامم[٢٨] دا. لێدانێکی پاکوتەمیزی لە دەستم خوارد. کە هەواڵ گەیشتە نەنکم وە دایکم، بە قسەی زۆر ڕەق نەصیحەتیان کردم، وە ئەوانیش سزایەکی موناسیب دران. زۆر شتێکی توحفەیە لەو ڕۆژانەدا وا بڵاو بوو کە ئەم بەڵقیسە دەزگیرانی منە.

لە ساڵی ١٩٠١ لە مانگی مایسدا چوومە پۆلی دووەمی ڕوشدییەی عەسکەری (بەشک طاش). لەو زەمانەدا تەحصیلاتی قوتابخانە عەسکەرییەکان زۆر ئیعتینایان پێ ئەدرا. ئەسپێکی بچووکیان بۆ کڕیبووم، لەگەڵ خزمەتکارێکدا بەو ئەسپە ئەچوومە قوتابخانە وە ئەهاتمەوە. بە شەو لە تاوڵەکەی سەعید پاشای خاڵم کە نزیکمان بوو خزمەت ئەکرا. هەموو ڕۆژێک ئەسپەکە فرێی ئەدامە خوارەوە وە خۆیشی بە چوارناڵە ڕای ئەکردە بەردەم دەرگای حەوشی ماڵی خاڵم، منیش بەڕاکردن شوێنی ئەکەوتم بۆ ئەوێ. خاڵم ئەهاتە لای دەرگای دەرەوە وە چاوەڕێی ئەکردم. خاڵم مەرحووم سەعید پاشا لەم کەوتنە خوارەوەم لەسەر پشتی ئەسپەکەم زۆر پێ ئەکەنی. لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی سواریی ئەم ئەسپەوە فێری فرووسییەتێکی زۆر چاک بووم.

لێرە برادەرانم هیدایەت و عوثمان شەفیق وە کوڕانی (ئەنوابچی باشی) حیکمەت و حەلیم بەگ بوون. لەو سەردەمەدا خاڵۆزام یاوەران حەضرەت پادشاهیدان فوئاد پاشا لە ئەڵمانیا خوێندنی تەواو کردووە، لە (قونقور دوبێکدا) کە کراوە یەکەم دەرچووە. بەهۆی ئەوەوە ئیمبراطۆر (ڤیلهێلم) پادشاهی تەبریک کرووە، وە پاداشتی ئەو یەکەمییەی تەرفیعیان پێ کردووە لە ڕوتبەی قائمقامەوە بۆ میرئالای وە بەو شێوەیە گەڕاوەتەوە. هەر لەگەڵ گەیشتنی صەدر ئەعظەم فەرید پاشای ئارناوود، برازاکەی خۆی کە ناوی سەعد خانم بووە لێی مارە کردووە. ئەو شایی‌یەی کە بۆیان کراوە بە دەبدەبەی ئەو زەمانە ناو براوە.

## طائیفەی کوڕیج[٢٩]

کاتێ دەوامی پۆلی سێیەمی ڕوشدییەی بێشکطاشم ئەکرد لە کاتی ئیسراحەتەکاندا شت کڕین لە حانووت زۆر موشکیلە بوو لەبەر ئیزدحام. نازانم بە بیری کێ پارتێک تەشکیل بووبوو بە ناوی (کوڕیج)، یەکێک لە ئەندامی ئەم پارتییە هاتبوو بۆ حانووتەکە بۆ شت کڕین، کە دیبووی زۆر قەرەباڵغە پەنجەکانی هەردوو دەستی خستبووە ناو یەک، دەستی بەرز کردبووەوە و هاواری کرد (کوڕیج)، وە بەم شێوەیە ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد، هەر کوڕیجێک بەم شێوەیە یارمەتیی ئەوی تری ئەدا بۆ شت کڕین، وە ئەم ناوی (کوڕیجە) مانای چییە وە لە چییەوە هاتووە، تاکوو ئێستا بۆم ساغ نەبۆوە. منیش تێکەڵ بەمانە بووم. لەو سەردەمەدا من بلێتی تراموایم کۆئەکردەوە وە ئەم بلێتانە ڕەنگاوڕەنگ بوون وە بە بۆیەی زەڕکەفت دەوری قوتووەکانم بۆیاخ ئەکرد. ڕۆژێک ناوی ئەوانەی کە سەر بە سەرۆکی تایەفەکەن لە دەفتەرێکدا نووسیم وە داوام کرد هەندێ نمرەیان بدرێتێ وە داواکەم قبووڵ کرا. ڕەئیسی پۆل گەورەمان کە عەلی غالب قەندەلی بوو وە موعاونەکەی (یەنگی بفحەلی تەحسین) بوو، عینوانی ئەمینی دەفتەریان دامێ. ئەم طائیفەیە لە موددەتێکی زۆر کەمدا وای لێ هات خەڵقی لە شرووریان ڕای ئەکرد، وە بووبوون بە کۆمەڵێکی زۆر موهیم. قوتابییەکان کە ئەمانەیان ئەدی حاڵەن ڕێگای حانووتیان بۆ چۆڵ ئەکرد وە ئەوەی سەرکێشیی بکردایە تێهەڵدانێکی باشی ئەخوارد.

ڕۆژێک قوتابییەک کە ناوی (کەمال یەنگی مەحەلە) بوو لێدانێکی باشی لە دەستیان خوارد، بەهۆی بەغیرەتییەوە لە داخلییە شکاتی کرد. ڕۆژی دوایی لە کاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ پۆل (کەمال یەنگی مەحەلە) لەگەڵ ئەفسەرانی داخلییە وەستابوو، بە یەک ئیشارەتی کەمال هەرچی سەر بەو تایەفەیە بوو تەوقیف کران، منیش لە بەینی ئەوانەدا بووم. لە ژووری مودیر نۆرە هاتە سەر من وتیان تۆ کێیت وە بۆچی چوویتە ڕیزی ئەم تایەفەوە، وە ناوی ئەم تایفەیە مەعنای چییە وە لە چییەوە هاتووە. دوای ئەوە شەش حەوت قامووسیان هێنا بۆ ئەوەی بزانن ئەو ناوە کە لەو تایفەیە نراوە مەعنای چییە. زۆر هەوڵیان دا نەگەیشتنە مەقصەد. لە دواییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەم ناوە موشابیهە بە ناوی قەبیلەیەک (ئاسو بچرە). تەحقیقاتەکە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەردەوام بوو، ئێوارە لەبەر ئەوەی کە من لە دوای ڕەئیس وە معاونەکەی ئەمینی دەفتەر بووم، لەبەر ئەوەی کە سێیەمین کەس بووم لە پۆلەکەمدا، لە تەحقیقەکەدا ئەمە تەثبیت کرابوو، من و ٩ قوتابی لە هاوڕێکانم ئەمری دەرکردنمان لە قوتابخانە دەرچوو بەڵام نەمانزانی ڕەئیس و معاونەکەی چییان بەسەر هات.

لەبەر بچووکیی تەمەنم وە بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە خاڵم مەوقعێکی دیاری هەبوو لە میریدا بە دەرکردنم لە قوتابخانە وازم لێ هێنرا. من حیسابی ئەوەم کردبوو کە چۆن لە حکوومەتێکی وا موطلەقدا ئەو کارەم کردبوو چووبوومە ئەو کۆمەڵەوە، بەڵام دوای ئەوە لە هەموو ژیانمدا ئیمضای خۆم چۆن بەکار بێنم فێر بووم. موخبیر کەمال یەنگی مەحەلە وە ئەفسەرانی داخلییە بە هۆی ئەم واقیعەیەوە میدالیەی مەجیدیی دەرەجە پێنجیان پێ درا.

وەلحاصل کە گەڕامەوە ماڵەوە بیرم لەوە ئەکردەوە کە سبەینێ چی بیانوویەک بدۆزمەوە کە نەچوونەوەی قوتابخانەمی پێ بشارمەوە. بەیانی بەو ئیسپرتۆیەی کە شیری لەسەر گەرم ئەکرا قەصدەن دەستی خۆم سووتاند، کردم بە واوەیلا. ئەو ڕۆژە بەو هۆیەوە نەچوونەوەی قوتابخانەم داپۆشرا. ڕۆژی دوایی تەصادوفی عارفەی ئەکرد وە ڕۆژی دوایی جەژنی قوربان دەستی پێ ئەکرد. بەم شێوەیە چەند ڕۆژێک تێپەڕی، دایکم نەیزانی، بەڵام دوای جەژن بۆ بیانوویەکی تر ئەگەڕام. حەبیبە خانمی پوورم کەوتە شکەوە لێم، وە بە زۆری دایکم ئیعتیرافم بە مەسئەلەکە کرد. دایکم بەپەلە چوو بۆ لای سەعید پاشای کاکی. لەپاش سەعاتێکیش لە خزمان لە یاوەرانی پادشاهی ماجید بەگ هاتە ماڵەوە منی بردە لای ناظری مەکاتبی عەسکەری ڕەضا پاشا. کە چوومە ژوورەکەی پاشا، ناظر بە یاوەرەکەی وت بزمار و چەکوش بێنە بۆ ئەوەی گوێچکەی داکوتین بە دیوارەکەوە، کاتێک کە بزمار و چەکوشەکە هات بڕوام بە هەموو شتێک کرد، دەستم گرت بە گوێمەوە وە دەستم کرد بە هاوارکردن. یاوەر کە ئەمەی دی واسیطەی بۆ کردم وە داوای ئیسترحامی بۆ کردم لە پاشا. لە ئەنجامدا پاشا نەصیحەتێکی دوورودرێژی کردم وە فەرمانی چوونەوەی قوتابخانەی بۆ دەر کردم. لەوانەی کە لە قوتابخانەوە دەرکرابوون تەنیا (٣) هاوڕێی کەم هاتنەوە بۆ قوتابخانە.

## تەصادوفێکی زۆر سەیر

٣٩ ساڵ پاش ئەم واقیعەیە من لە جەیشی عیراقی بووم بە مودیری (نەقلیاتی ئالییە)، داوام لێ کرا کە سزای سائیقێکی سەیارەی ئیسعاف بدەم. کاتێ کە سائیقەکەیان هێنا ئەسبابی هەڵسانی بە موخالەفەکەیم لێ پرسی، وە لێم پرسی کە بۆچی تاکوو ئێستا تەرفیعێکی نەکردووە کە ماوەیەکی زۆرە عەسکەرە. لە وەڵامدا وتی: من فەلاکەتزەدەم وە بێطالعم وە لەبەر بێطالعیم کەوتوومەتە ئێرە، وە داوای لێ کردم کە ئەم جارە لێی ببوورم، جارێکی کە ئاگای لە خۆی ئەبێت وە موخالەفە ناکات، وە پێی ڕاگەیاندم کە دانیشتووی گەڕەکی بێشکطاشە وە لە طائیفەی کوریجە، وە لەبەر ئەوەی کە لە خوێندنی قوتابخانەدا موەفەق نەبووە لە جەنگی یەکەمدا کراوە بە سەرباز و نێرراوە بۆ دەوروپشتی بەغداد وە لێرە ژنی هێناوە وە پێی ڕاگەیاندم کە لە یەکەم ڕۆژی بوونم بە مودیری نەقلیەی ئالی منی ناسیوەتەوە، وە منیش نەصیحەتێکی زۆرم کرد وە دڵخۆشیم دایەوە وە تەرفیعیشم پێ کرد و وەظیفەیەکی موناسیبیم پێ سپارد. بەڵام ئەم بەدبەختە پاش موددەتێک بە نەخۆشیی ذاتولریئە وەفاتی کرد.

## کاتێک کە لە ئەستانبووڵ بووین، ڕووداوەکانی بەغداد

باسی مانەوەی باوکمم کرد لە بەغداد. لە بەغداد لە کۆنەوە کە جسرێک دروست کرابوو لەسەر (دویە) کە هەردوو بەری بەغدای بە یەکەوە ئەبەست. تەنها ئەم پردە هەبوو، لەبەر کۆنی خراپ بووبوو وە دووبارە تازە کرابووەوە وە حەفلەی ئیفتیتاحی تەصادوفی جلووسی پادشاهی کرد کە لە ١٩ی ئاغستۆس ١٩٠٤ - ٢٦ی جەمادی ئەلئەووەل ١٣٢٠ بوو. بەڵام هەفتەیەک پێش ئیفتیتاحەکە لە مزگەوتی مەیدان لەدوای خوطبەی جومعە خەطیب لە دوای دوعا بۆ پادشا ناوی والی نامیق پاشای زۆر بە ڕیایانەوە بردووە، ئەمەش بە تاوانێکی گەورە ئەژمێررا. قول ئاغا حەسوون فەرید بە برووسکە خوتبەکەی ناردووە بۆ (مابین هومایون)، ئەویش دەسبەجێ فرمانی دەرکردنی والی دەرئەکات، وە ئەنێرێت بۆ موشیر ئەحمەد فەیضی پاشا بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکە، بەڵام فەرمانەکە تەبلیغی والی نەکراوە. تا ڕۆژی ئیفتیتاحی جسرەکە، کە کاتێک والی دێت بۆ شوێنی ئیحتیفالەکە لەوێدا فەرمانی دەرکردنەکەی تەبلیغ ئەکەن، لە کاتێکدا کە والی ژنەکەی کە تازە هێنابووی (متوکە خانم) وە گەلێک پیاو و ژن کە حاضر بوون لەو حەفلەیەدا یەکسەر والی شوێنی ئیحتیفالەکە بەجێ ئەهێڵێت، وە ئەگەڕێتەوە ماڵەوە وە مەراسیمی ئیحتیفالەکە لە لایەن موفتی ئەفەندی کە کرابوو بە وەکیلی والی برا بە ڕێوە وە لە پاش دوو مانگ موشیر فەیضی پاشا کرا بە وەکیلی والی. لەو سەردەمەدا بە بۆنەی عەزل کردنی والییەوە گەلێک شیعر و قەصیدە لە دژی ئەو والییە بەرتیلخۆرە دەستی کردبوو بە بڵاوبوونەوە. ئەو پردە کە ناو ئەبرێت بە (جسر العتیق) سەرەڕای پارەی میری بەزۆر وە تەئثیر گەلێک دار و پەردوو لە خاوەن موڵک و بێستانەکان سەنراوە، دروست کراوە. بەم شێوەیە والی گەلێک پارەی لا زیاد بووە وە خستوویەتیە کیسەی خۆیەوە. ئەم والییە لە ژنی یەکەمی کوڕێکی هەبوو ناوی حەسەن ڕەضا پاشا بوو. کاتێ کە ناظم پاشا بوو بە والیی بەغداد ئەویش بە وەظیفەی ڕیاسەتی ئەرکانی حەربی ئوردوو هاتووە بۆ بەغداد وە دوای ئەوە بە ماوەیەک لە (ئاشقودەرە) لەلایەن ئەسعەد پاشا کە مەشهوور بوو بە ئەڵمانیایی کوژراوە.

ئەحمەد فەیضی پاشا کاتێ وەکیلی والی بوو دەستی کرد بە ڕووتانەوەی گەورەکان. ئەم هەواڵە گەیشتە ئەستانبووڵ، ئەویش لە ٢١ی تشرین ئەوەل ٩٠٤ عەزل کرا. باوکم ئەیوت بەرتیلخۆریی ئەم ذاتە لە کاتێکەوە دەستی پێ کردووە کە لە یەمەن بووە، واتە لەو وەختەوە بەرتیلخۆر بووە. ئەم زاتە بە عەزلکراوی لە ئەستانبووڵ ساڵی ١٩١٠ - ٩١١، منیش لەگەڵ باوکم لەوێ بووم. ڕۆژێک لەگەڵ باوکم چووین بۆ ماڵەوە بۆ سەردانی لە گەڕەکی (یەشیل طلومبە). بەڵام چەند مانگێک دوای ئەوە ئاگرێک کەوتە ماڵەکەی، سووتا وە هەرچی لە ماڵەکەدا بوو لە ئەشیا و پارە هیچی بۆ دەرنەچوو. تەنانەت کوڕەکەی کە ناوی ڕەضا بەگ بوو لەبەر ئیحتیاجی لە مەنطیقەی سرکەچی لە ئەجزاخانەی حەڵەب دامەزرابوو بۆ ئەوەی خۆی بژێنێ.

## نەقڵی باوکم بۆ سیواس

لە ٣ / کانوونی ئەووەڵ / ١٣١٨ ڕۆمی باوکم لە بەغداوە بۆ ڕیاسەتی ئەرکانی حەربی فیرقەی سیواس نەقل کرا. بە مەقصەدی بینینی ئێمە ڕێگای حەڵەب - ئەسکەندەروونی ئیختیار کردووە. پاپۆڕەکەی کە لە (ئیزمیر) وەستاوە باوکم چووە بۆ سەردانی قوماندانی مەوقیع تۆفیق پاشا، بەڵام ئەم تۆفیق پاشایە بەرقییەیەکی کردووە بۆ ڕەضا پاشا ئاگاداری کردووە کە موصطەفا بەگ یەکسەر نەچووە بۆ سیواس وە ڕێگای ئەستانبووڵی ئیختیار کردووە. کاتێک باوکم ئەگاتە (ریختمی غەلطە) بە فەرمانی سەرعەسکەر ڕەضا پاشا ئەبرێت بۆ سەرعەسکەرییە وە لەوێ دوو ڕۆژ تەوقیف ئەکرێت، وە ئێمە پێمان زانی چووین بۆ زیارەتی بۆ ئەو ژوورەی کە لە ڕێگای مزگەوتی سلێمانییەوە بۆی ئەچوویت، بابی سەرعەسکەری ئەو سەردەمە لە بنایەکی گەورەدا بوو کە بورجی حەریق بوو کە سەردەمی حکوومەتی جمهووری کرا بە جامیعە.

باوکم کە کەوتە ڕێ بۆ سیواس، ئێمەش لە دوای ئەو بە ڕێگای دەریای ڕەش بەسەر (صامسۆن)دا چووین بۆ سیواس، بە هۆی ئەو تەوقیف بوونەی باوکمەوە بەینی خاڵم سەعید پاشا لەگەڵ سەرعەسکەردا تا ئەهات تێک ئەچوو. لە (صامسۆن)ەوە بۆ سیواس بە عارەبانەی یایلی چووین. ئەو مایینەی کە باوکم لە عیراقەوە ناردبووی لەگەڵ ئەسپەکەی خۆمدا لەگەڵ خۆماندا بردبوومان.

## لە سیواس

لە سیواس بەرامبەر ئەو خانووەی کە تیایا بووین ڕوشدییەی عەسکەری هەبوو. چوومە دواپۆلی ئەوێ، لەوێدا لەگەڵ باوکم زۆر کات غارغارێنمان ئەکرد، بە سواریی ئەسپ ئەچووین بۆ باغچەی (سەید بەطال غازی). قوتابخانەکەمان قاتی سەرەوەی کوڕان وە قاتی خوارەوەی ڕوشدییەی کچان بوو. من ئەو سەردەمە ئەچووم بۆ قوتابخانەکەی ژێرمانەوە. لەوێ لەگەڵ کچە چەرکەسییەکی بەقووەت کە ناوی نەسیمە بوو تووشی ئاگری عیشق بووم. کە پێی زانرا، برای کچەکە بە قەمە محاوەلەی کوشتنی کردم، بەڵام ئەو لێدانەی کە لە دایکمم خوارد وە باوکیشم بە زەردەخەنەوە پەڕەی ناو کتێبەکانم ئەگەڕا، وە زەهرای خوشکیشم بەردەوام دایکمی لێ تیژ ئەکردم وە ئاگری خۆش ئەکرد، قەت لە یادم ناچێت. وە بە هۆی ئەم واقیعەوە بوو کە قوتابخانەکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ شوێنێک کە ناو ئەبرا بە (جفتە منارە)، کە ئەم جفتە منارەیە لە سەردەمی سەلجووقییەکانەوە مابووەوە.

ساڵی ٢٦ی تشرین ئەلئەوەل ١٣١٩ ڕۆمی بە وەرگرتنی دیپلۆم ڕوشدییەی سیواسم تەواو کرد، وە دیسانەوە من لەگەڵ دایکم و خوشکەکانمدا بە عەرەبانەیەکی یایلی بەسەر (ئاماسیە - طوقات - صامسۆن) دا گەڕاینەوە بۆ ئەستانبووڵ، وە ئەم ڕێگایە پڕە لە مەنظەرەی زۆر جوان. لە ڕێگا لە دەوروپشتی (حاملی بیل) کارێزێکی بچووک هەبوو پێیان ئەوت (ترس ئاقان). نازانم ئەفخەمی خوشکم بۆچی لەم ناوە ڕقی هەلئەسا، نەیئەویست ئەو ناوە دووبارە بکەینەوە، ئێمەش لە ڕقی ئەو، من و زەهرای خوشکم ئەمانوت: (ترس ئاقان ...... ترس ئاقان)، ئەویش تووڕە ئەبوو ئەیقیژاند وە دایکیشم لەسەر ئەوە لێی ئەدا ئێمەش پێی پێ ئەکەنین. بەم وەضعە لەناو عەرەبانەکەدا خۆشترین کاتمان ئەبردە سەر.

صامسۆن، لە قەراغی دەریای ڕەش، شارێکی زۆر جوان و خۆشە، دانیشتووانی پێیان ئەڵێن (لاز)، زۆر ئازا و بەغیرەتن. لەم شارە لە شەڕی بەڵقاندا لیوایەکی پیادە هاتبوو لە مەنطیقەی جقالجە، جەسارەت و فیداکارییەکی وایان نواند کە بە چاوی خۆم دیم، بە ئازایەتییەک وە جەسارەتێکی بێهاوتا، قەمەکانیان بە دەمیانەوە، پەلاماری دوژمنیان ئەدا، وە بولغارەکانیان پاشەوپاش گەڕانەوە دواوە. ئەمەش شایانی تەقدیرە وە قەت لەبیرم ناچێتەوە.

## دووبارە لە ئەستانبووڵ

باوکم حەزی نەدەکرد ببم بە عەسکەر، لەگەڵ گەیشتنە ئەستانبووڵ منی خستە قوتابخانەیەکی (فەرەنسی) لە (بەگ ئۆغلو). کاتێک کە هاوڕێکانم وتیان هەرچی لەم قوتابخانەیە دەرچێت ئەبێ بە قەشە یان توجار یان کاتب، کە ئەمەم زانی هاوارم برد بۆ نەنکم وە بە شەفاعەتی ئەو لەو قوتابخانەیە هێنامیانە دەرەوە.

خاڵم سەعید پاشا لە بابی عالی لە قەڵەمی تابعییەت بە مانگانەی (٨٠٠) قروش کە ئەو وەختە ئەو مەبلەغە زۆر بوو دایمەزراندم. هەموو بەیانییەک بە عەرەبانەکەی خاڵم لەگەڵ خۆیدا ئەڕۆیشتم، بەرانبەر مودیری قەڵەم دائەنیشتم وە فێری موعامەلات ئەبووم.

ڕۆژێک خاڵی بچووکم یاوەر میرئالای سلێمان بەگ[30] هات بۆ ماڵی خۆمان. لە بەینی قسەدا وتی عەسکەری عەزل ناکرێت، بەڵام تۆ هەوڵ بدە ئیشەکەت باش فێربە. ئەگەر عەزل بکرێیت چەکمەجەکەت لێ بار ئەکەن. کە گوێم لەم قسەیە بوو، بۆ ڕۆژی دوایی کە چووم بۆ دائیرەکەم فەحسی مێزەکەمم کرد، ئەوەندە قورس بوو کە مومکین نەبوو بتوانم بیجووڵێنمەوە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەگەر عەزل ببم چۆن ئەتوانم ئەم مێزە لەخۆم بار بکەم. مدیرەکەم کە لە دەرەجەی خولەفادا بوو کە لەمە گەیشت ئەوەندە پێکەنی خەریک بوو شەق بەرێ. ئەم حیکایەتە دەرەجەی منداڵیی من دەردەخات. لە دایکم ئەترسام، نەمئەتوانی هیچ بڵێم. بەڵام ڕەحمەتیی نەنکم خاتوو ظفرخانم فریای دەردم ئەکەوت. خاڵم عیززەت بەگ لە دەوامی دائیرەم زیاتر تەرەفداری خوێندنێکی باشم بوو. نەنکم سەعید پاشای ئیقناع کردووە دامنێ لە ئەعدادییەی طوبییەی عەسکەریدا. لەگەڵ یەکێک لە ئەعزای هەیئەتی تەعلیمییەی قوتابخانەکە طەبیب میر لیوا لوتفی پاشا کە موراجەعەتی قوتابخانەمان کرد دەرکەوت کە تەمەنم بچووکە، وە ئەبێ ساڵێک چاوەڕێ بکەم. بەم هۆیەوە بۆ بەهێزکردنی زمانی فەرەنسیم قەرار درا کە لە قوتابخانەی (سلطانییەی غلطه سرای) دەوام بکەم. جلی سووری ئەم قوتابخانەیە وە شەعشەعەی ناوەکەی ئارەزووی دەوامی زیاد کردم. لەولایشەوە کچەکەی خاڵم زۆر هانی ئەدام. بەم شێوەیە دەستم کرد بە دەوام، بەڵام کە بۆم دەرکەوت هەرچی لەم قوتابخانەیە دەرچێت نابێت بە عەسکەر، بەڵکوو ئەبێت بە کاتب وەیان تاجر پەشیمانیم دەستی پێ کرد، بەڵام ئەم جارە نەنکم فریام نەکەوت وە ئەیوت خاڵی گەورە لە دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیەدا یەکەم قوتابی بوو. خاڵی گەورەم لە عومری گەنجیدا لەگەڵ باوکی لە سلێمانییەوە کە هاتووە بۆ ئەستانبووڵ خراوەتە ئەم قوتابخانەیە وە دوایی لە زۆر سەفارەتی موهیم وە لە وەزارەتی خارجییە کاری کردووە، وە ئەمانە هەمووی بەبۆنەی ئەوە بووە کە ئەو قوتابخانەیەی تەواو کردووە.

## نەجاتدەرم

من کە بە بێدەسەڵاتی ئەچوومە قوتابخانە و ئەهاتمەوە، ڕۆژێکی پشوو لە خزمان لە یاوەرانی عوثمان پاشازادە ماجید بەگ[31] هات بۆ لامان، لە دەردم گەیشت وە منی بردە پەنایەکەوە وتی خۆم دێم بۆ قوتابخانە وە چارەسەرت ئەکەم. ڕۆژی دوایی هات بۆ قوتابخانە منی لە سوڵتانییەوە برد بۆ ناظری مەکاتبی عەسکەری وە وتی ئەمە یەکێکە لە کەسی شەهیدەکانی جەنگی (دومکە) وە خزمی خۆمە وە ئەو ئەرزوحاڵەی کە حازرم کردبوو دای بە ناظر وە ئەویش حەواڵەی کرد. بەم شێوەیە بە خصووصی لە ئەعدادی عەسکەری (قولەلی) لە تشرین الثانی ساڵی ٣٢٠ قبووڵ کرام، وە هەرچییەک پێویست بوو تەواو کردم و نەقڵیشی کردم بۆ ئەعدادیی عەسکەریی (قولەلی) لە (چنکل کۆییی). کە لە سەری هەفتەدا لە ئەعدادیی (قولەلی) هاتمەوە بۆ ماڵەوە دایکم جلەکانی دیم شڵەژا. کە لێی پرسیم ئەمە چییە؟ لە وەڵامدا وتم چی بکەم لەبەر ئەوەی عەسکەرزادەم، لە قوتابخانەوە نەقڵیان کردم. پوورم و نەنکم سەریان سووڕ مابوو. دایکم سەری داپۆشی، چوو بۆ ماڵی سەعید پاشا وە مەوضووعەکەی بۆ گێڕاوەتەوە. خاڵم سەری سووڕماوە. ڕۆژی جومعە لە مەراسیمی سەلاملقدا ڕەضا پاشای ناظری مەکاتبی عەسکەریی دیوە وە مەسئەلەی ئەو نەقڵەی منی لێ پرسیوە. لە وەڵامدا وتوویەتی یاوەرێک منداڵێکی بۆ هێنام وتی ئەمە منداڵی شەهیدێکە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کاتی قبووڵ کردنیشی تێپەڕ ببوو، بە ڕەغمی ئەوەش یارمەتیم دا وە قبووڵم کرد .

وە لەسەر ئەمە خاڵم زۆر لە ماجید بەگ تووڕە بوو، وە دایکیشم لێدانێکی باشی لێ دام، بەڵام لەو کاتەدا خاڵی بچووکم سلێمان بەگ هات وە بە شەفاعەتی نەنکم ئەو کارە جێ بەجێ کرا، وە بەردەوام بووم وە مەسئەلەکەیان کە بۆ باوکم نووسیبوو ئەویش دۆعای خێری بۆ کردبووم.

ئەو سەردەمە خاڵم عیززەت بەگ لە دیوانی هومایوون موتەرجیم ئەووەڵ بوو. لە بێشکطاش لە جادەی ترامواى لە خانوویەکی گەورەدا ئەژیا. من هەموو سەری هەفتەیەک کە دائەبەزیم ئەچووم بۆ ئەوێ بۆ زیارەتی نەنکم (سرافراز خانم) وە ئامینە خاتوونی خاڵۆژنم کە زۆرم خۆش ئەویست. لەو سەردەمەدا بوو کە نەنکمان (سرافرازخانم) داوای لە بەڵقیس کردبوو کە من سەری هەفتان چووم بۆ ئەوێ خۆیم لێ بشارێتەوە، ئنجا من بچمە ژوورەوە، بەڵام ئەم ئوصووله نەئەبوو بەکۆسپ لە ڕێگای ئەوەدا کە لە پشت دەرگاوە چاومان بەیەکتری

بکەوێت. وە من بە دەلالەتی ئەو ئەچوومە بەر دەرگای ژوورەکەی نەنکم، سەرافرازخانم. لە جێگای خۆی هەڵئەستا هەر لەوێوە فرمانی دەرئەکرد. دوای ئەوە ئەچووم بۆ لای خاڵۆژنم.

ئێمە لە ئەستانبووڵ وە ماوەیەکیش لە سیواس بووین. لە ١٩٠٥ لە مانگی کانوونی ئەووەڵ ئیرادەی سەنییە دەرچوو، بۆ تەشکیلی هەیئەتی تەحقیقییەی حدوودی ئێران بە سەرۆکایەتیی ماجید پاشا. لە سیواسەوە بە ڕێگای مووصلدا کەوتە ڕێ وە ئێمەی بەوە ئاگادار کردەوە ئەم مەئمورییەتەی باوکم بە درێژاییی حدووود بەردەوام بوو، وە تاکوو ئیعلانی مەشرووطییەتی خایاندووە.

لە قوتابخانە هەموو ئێوارەیەک لە (٣) تەعلیمخانەی گەورەدا یاریی جمناستیک بەردەوام ئەکرا، وە هەموو ساڵێک لە خضر ئەلیاس بە شێوەیەکی گەورە یاریی جەنگ ئەکرا، دوایی خواردن ئەخورا.

لە مامۆستاکانمان میر لیوا صالح پاشا مامۆستای مێژوو بوو، زۆر پیر بوو، جەنگاوەرێکی کۆن بوو. لەسەر فەرمانی پاشا تەقاعود نەکرابوو، موعاونەکانی ئەچوونە ژێر باڵی وە ئەهات بۆ دەرس وتنەوە. ئەم ذاتە لە جەنگی ڕووسیادا لە کاتی ئیمپراتۆرییەتی موحەمەد پاشای باڵتەچی چۆن چاوی بە (فاترینە) کەوتووە بۆی باس ئەکردین، وە هەندێ جار دەرسەکەمان چەند سەعاتێ بەردەوام ئەبوو، وە قوتابییەکان زۆر بە شەوق و ئیحترامەوە گوێیان لە قسەکانی ئەگرت.

مامۆستای عەقائیدی دینییەمان هەرچەندە زۆر زانا بوو بەڵام ناویان نابوو (خواجە گێلاس). پیاوێکی ساویلکە بوو قوتابییەکان داوای جەریدەیان لێ ئەکرد کە بۆیان بێنێ، بۆ ئەوەی بزانن کێ مردووە کێ ماوە، ئەویش بۆی ئەهێنان. لە کاتی دەرسا دەست ئەکرا بە جەریدە خوێندنەوە. ئەمە گەیشتە ئیدارە لەسەر ئەمە ئەو پیاوە فەقیرە تووشی نەفی بوو.

مامۆستای فەننی میکانیکمان یەکێک بوو لە ڕوتبەی قائمقامی ئەرکان حەرب، ناوی محەمەد عەلی بەگ بوو. ئەم پیاوە مائیلی قوتابیی جوان بوو، وە بەرامبەر هەندێ لەو قوتابییانە ئەوەستا، لێیان دوور نەئەکەوتەوە، هەر بۆ فرصەت ئەگەڕا قسەیان لەگەڵ بکات. لەبەر ئەوە تووشی ئەم بێئەخلاقییە بووبوو ئەویشیان لەسەر ئەوە نەفی کرد.

لە دواپۆلەکانی قوتابخانە ئەعدادییەکاندا شەقاوەیەتی بە قارەمانێتی ئەژمێردرا، وە ئەمانە لە پشووی دوای دەرسەکان یەخەیان ئەکردەوە وە قەدیفەی سووریان لە مەچەکیان ئەئالاند. ئێمە خۆمان لەمانە ئەپاراست وە ئەمانە زۆرجار کە وقووعاتیان ئەکرد سزای لێدانیان بەسەردا ئەدرا.

بۆ لێدانی ساحە لە ئاخری هەفتەدا قوتابییان هەموو کۆئەکرانەوە وە ضابطی داخلییە سزای خەتابارەکەی ئەخوێندەوە، وە ئەمری پێ ئەکرد لەسەر ئەو بەڕەیە ڕاکشێت کە لەسەر زەوییەکە ڕاخرابوو، ئەویش لە پڕێکدا قۆپچەی چاکەتەکەی ئەکردەوە وە لەپەڕوو پاڵ ئەکەوت، وە بە دار دەست ئەکرا بە لێدانی وە بە هیچ نەوعێ دەنگی لێوە نەدەهات. دوای ئەوە ئەگەر بەپەلە هەڵسایە زۆر تەقدیر ئەکرا، وە ئەگەر لە هەڵساندا خاوەخاوی بکردایە لەلایەن هەموانەوە دەست ئەکرا بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنی. لە قوتابخانە هەرچەندە ضەبطوڕەبط ببووایە وە لێدان هەرچەندە بەشیددەت بووایە لەگەڵ ئەوەشدا وقووعات ظهووری دەکرد.

## ڕووداوی بۆمباکە

٢١ی تەمموز ١٩٠٥ کە تەصادوفی ڕۆژی جومعەی ئەکرد، وەختی نیوەڕۆ بوو، هەموومان لە هۆڵەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبووین. لە پڕێکدا لە بەردەم مزگەوتی (یيلدز) ناڵەیەکی بەشیددەت بوو، دووکەڵ و تەپوتۆزێکی زۆر هەڵسا، وە بوو بە هاوار هاوار و قیژوهوڕ. ئێمەش لە پەنجەرەکانەوە سەیرمان ئەکرد هەموو خەڵق کەوتبووە ترسەوە. ئێوارە کاتێک کە چوومە بێشکطاش وە سواری پاپۆڕی (چنگڵ کوێبی ) بووم بێدەنگی خەڵقی داگرتبوو وە ئەو بێدەنگی و پەستییە لە قوتابخانەکەشدا دیار بوو. دوایی وەکوو لە خوارەوە باسی ئەکەم ئەم ڕووداوە زانرا.

تومەز چەند کەسێک لە پارتی (طەشناقسیون)ی ئەرمەنی بۆمبایەکی (دینامیت)یان لەناو عەرەبانەیەکی پێچکە لاستیکدا داناوە، وە بۆمباکە تەوقیت کراوە لە کاتێکدا بتەقێت کە سوڵتان لە نوێژی جومعە دێتە دەرەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە سوڵتان عەبدولحەمید خان کە لە نوێژ هاتۆتە دەرەوە (شێخ الاسلام )ی دیوە کە چەند هەفتەیەک بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە بچێت بۆ نوێژی جومعە. کە ئەم پیاوەی دیوە لەگەڵیا وەستاوە، خۆشی و چۆنیی لەگەڵدا کردووە، وە هەواڵی نەخۆشییەکەی لێ پرسیوە. بەم هۆیەوە لە هاتنە دەرەوە بۆ بەردەرگای مزگەوتەکە دوا کەوتووە. ئەو دواکەوتنە بۆتە هۆی ڕزگاربوونی لە مردنێکی بێشوبهە، وە بۆمباکە تەقیوە. ئێشتا ئەو لەناو مزگەوتەکە بووە. تەقدیری ئیلاهی تەدبیری ئەو کۆمەڵەی بەتاڵ کردووەتەوە.

لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە بالطبع تەوقیفاتێکی زۆر کراوە، بەشێک لە خەڵق نەفی کراوە وە بەشێکی تریش خراونەتە دەریاوە، وە گەلێکیش لەوانەی کە لە قەتەعاتی حیمایەی سوڵتان بوون لە بەردەرگای مزگەوتەکە کوژراون. وە گەلێک کوژراو و بریندار لە ئەهالی کە لە نوێژ هاتوونەتە دەرێ هەبووە. وە هەندێ کەس پارچەی لە شوێنی دوور دۆزراوەتەوە. لە کاتی ئەم واقیعەیەدا حادیثەیەکی زۆر سەیر هاتۆتە کایەوە کە وا لە خوارەوە بۆتان باس ئەکەم:

لە پۆلەکەماندا قوتابییەک هەبوو کە لە (قیرشەهر )ەوە هاتبوو، ناوی (شەوقی قیرشەهر) بوو. ئەمە زۆر متعقل بوو، هەموو کاتێ گاڵتەمان پێ ئەکرد. ئەو ڕۆژە کە حادیثەی بۆمباکە ڕوویدا، بەیانی زوو هاتووە قاتێ جلی یاوەرانی پادشاهی لەبەرکردووە، ئەنواع مەدالیەی بە خۆیەوە کردووە، (شیرێکی موقەووەس)یشی بەستووە. وەختی نوێژی جومعە چۆتە ڕیزی نوێژکەرەکان وە ئەو شوێنەی ئەو لێی وەستاوە بە صەدەها یاوەرانی ئەصلزادەی لێ وەستاوە. ئەم کوڕە چونکە لە خۆی بە شک بووە، بە حەپەساوی هەر سەیری ئەملاو لای خۆی کردووە، مەئموورینی خەفیەی ئەو ناوە لێی کەوتوونەتە شکەوە، دەستوبرد ئەیگرن و تەوقیفی ئەکەن، بەڵام لە تەحقیقاتێکدا کە پاش حادیسەی بۆمباکە دەستی پێ کرد ئیستجوابیان لەگەڵ (شەوقی قیرشەهر) دەست پێ دەکات، لە وەڵامدا ئەڵێت ... من کە حادیثەکەم بیست وەختێک لە بێشکطاش بووم، شوبهەم لە عەرەبانەیەک [کرد] کە ئەبێ ئەو هەڵسابێ بەو کردەوەیە وە بۆ تەعقیبی ئەو عەرەبانەیە من ئەم جلانەم لە بازاڕ کڕی وە لەبەرم کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی کە زوو گیرام نەمتوانی میری لە مەقصەدم ئاگادار بکەم، وە بەم ساختەیە خۆی ئەپەڕێنێتەوە، وە ئەو خەفییانەی گرتبوویان هەموو سزا دران، وە خۆیشی ئیرادەی سەنییەی بۆ دەرچوو لە قوتابێتییەوە یەکسەر ڕوتبەی قائمقامێتیی پێ درا، وە داخل بە سلکی یاوەران کرا. ئاوەها هاوڕێی پۆلمان شەوقی بەم شێوەیە بە ڕوتبەی قائمقامی دەوامی قوتابخانەی ئەکرد. زۆر زەحمەتە بتوانم وەصفی عەظەمەت و غرووری ئەم کوڕە بکەم. بێزی نەدەهات قسە لەگەڵ کەس بکات. مامۆستاکان کە ئەهاتنە پۆلەوە تا ڕوخصەتیان لەو وەرنەگرتایە نەیانئەتوانی دەست بکات بە دەرس وتنەوە. طالع و عەظەمەتی ئەم قولەلیە نەقڵ بوو بۆ حەربییە لە کاتی ئیمتیحانی پۆلی دووەمدا.

ساڵی ١٩٠٨ لە ٢٣ی تەمموز وە بە تەئریخی کۆنی عوسمانلی ١٠ی تەمموز ساڵی ١٣٣٠، تاکوو ئیعلانی مەشرووطییەت بەردەوام بوو، وە لە گێژولوولی ئیعلانی مەشرووطییەتدا بیستم کە پارچە پارچە کراوە. کاتێک لە پۆلی دوایی قولەلییەدا بووم ڕۆژێ کە هاتمەوە ماڵەوە دیم کە مەلیحەی خوشکم لە دایک بووە.

# گوێزرانەوەم بۆ حەربیە

١ی تشرین ثانی / ٣٢٢ – ١٩٠٦ گوێزراینەوە بۆ قوتابخانەی حەربییەی بانغالی شاهانە. ئیتر هەقی هەلگرتنی (قلیج)مان پێ درا. من یادی ئەو ڕۆژە زۆر بە کامەرانییەوە ئەکەمەوە، وە لەوێ کە ئێمە ژمارەمان ٨٦٠ قوتابی بوو پێویستمان بە (٥٠) قوتابی بوو بۆ صنفی سواری، لەبەر ئەوە کردیان بە قورعە. لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوثمانلی لە تراکیا، ڕۆم ئێلی، ئەرزڕۆم و عیراق و طەرابلسی غەرب جەمعەن ٤٠ و کسوور فەوجی سواری نظامیی هەبوو، وە لە کوردستان چەند فیرقەیەک فەوجی سواری حەمیدییەی کورد[٣٢] تەشکیلاتی هەبوو. ئەمانەش بەرانبەر قازاغەکانی ڕووس لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید خانی ثانییەوە تەشکیل کرابوون. غەیری ئەمانە پادشاهیش لە مەعییەتیدا چەند فەوجێکی عەرەب و ئارناوود هەبوو، کە ئەمانە جلی میللیی خۆیان لەبەر ئەکرد، ڕۆژی تەفریقمان بۆ سواری زۆر ئەترساین، وە خەفەتمان ئەخوارد. دوای ئەوە دەست کرا بە ئورجی گرتنمان، بۆ جلی سواری وە لە قورعەکەدا دەرچووم. ئەوەندە کەیفخۆش بووم بیرەوەرییەکە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

## لە قوتابخانە عەنعەنەی گاڵتە پێ کردن

لە ئەعدادییەوە بۆ حەربییە کە گوێزراینەوە ئەو قوتابییانەی کە لە پۆلی یەک و دوودا ڕاسیب ئەبوون، ئەو قوتابییانە دەستیان ئەکرد بە گاڵتە پێ کردن و عەزیەت دانی قوتابییە تازەکان وە ئەم عەنعەنەیە بەردەوام بوو، لەبەر ئەوە ئێمەش ئەو حاڵە گرتینیەوە.

یەکەم ڕۆژ کە چووینە سەر ڕیحلەی دەرس، پێش ئەوەی ظابطی داخلییە بێت یەکێک لەوانە کە پێیان ئەگوترا (دونک) چووە لای تەختەکە وە نووسیی (السلام علیکم) وە وەستا، ئێمە هەموومان بێدەنگ بووین بەڵام ئەو لە پڕێکدا هاواری کرد، ئێمە سەلامتان لێ ئەکەین بۆچی جوابمان نادەنەوە؟ دەستی کرد بە نەوعێک جوێندانمان ناتوانم باسی بکەم. وە کەسمان جوابمان نەدایەوە چونکە لەمانە تەنها لە پۆلەکەی ئێمەدا لە ٦٠ کەس زیاتر بوو، لە هەمان کاتدا پۆلی دووەمیش لەمانەی زۆر تیا بوو، ئەگەر ئێمە بچووینایە بە گژ ئەوانەی پۆلی خۆمان ئەوانەی پۆلەکەی تریش ئەهاتن بە دەنگیانەوە وە سەروگوێلاکی هەموومانیان ئەشکاند، وە لەمانە کە لە ئەعدادییەدا بووین، هەر ڕۆژێک تاقمێکمان تێهەڵدانی ئەخوارد، وە لەترسی ئەمانە نەمانئەتوانی بچین بۆ ئاودەستی قوتابخانە، ئەگەر برادەرێک لە پۆلە بەرزەکانمان لەگەڵدا نەبوایە، چونکە ڕێیان پێ ئەگرتین وە لێ ئەدراین، وە بە گەسکەوە ئەوەستان ئەوەی لە بەردەمیانەوە بڕۆیشتایە وە سڵاوی بکردنایە ئەیانوت ئای کە بێشەرمە سڵاو ئەکات، ئەگەر سڵاوی نەکردایە ئەیانوت بۆ سڵاو ناکەیت. لە هەردوو حاڵەکەدا موحەققەق بەو گەسکە پیسەی کە بە دەستیانەوەیە لە سەرو چاویان ئەدا.

مومکین نەبوو لە صالۆنەکەدا بتوانی بەتەنیا هاتوچۆ بکەیت چونکە تەعەرڕوزی ئەنواع گاڵتە و لێدان ئەبوویت. ئەم حاڵە کە لە ساڵی ١٢٥٠ی ڕۆمییەوە لە حەربیە بەردەوام بووە وە بووبوو بە ئوصولێک.

## مەراسمی جیابوونەوەمان بۆ سواری

لە ڕۆژانی جیاکردنەوەی سواری مەراسیمێکی عەسکەریی تایبەتی ئەکرا، لە دەرگای دەرەوەی قاعەی قورعەکە، ئەو قوتابییانەی دەرچوون بۆ پۆلی دووەم لە پیادە ڕاسیبەکان بەکۆمەڵ ئەوەستان هەرچی لە صالۆنەکە ئەهاتە دەرەوە ئەگەر لە قورعەکە دەرنەچووایە، پیادە ڕاسیبەکان دەوریان ئەدا پێیان ئەوت ئەو چاتر، بە پیادە ڕازی نەبووی ویستت ببی بە سواری. بە لێدان ئەیانگەیاندە پۆلەکەی. بەڵام ئەوانەی کە لە قورعەدا دەرئەچوون دەرئەکران بە سواری، کە ئەهاتنە دەرەوە سوارییە کۆنەکان دەوریان ئەدا بە ڕێزەوە قۆڵیان ئەکرد بە قۆڵیدا، سواری دارێکیان ئەکرد و تیرپاچێکیان ئەدایە دەست وە قڵپاغێکی ئاوێنەلییان ئەکردە سەر وە چەن هێلکەیەکی پیسیان ئەخستە ناو قڵپاغەکەی، وە ئینجا بە دەست ئەیانکێشا بە قەڵپاغەکەیدا، هێلکەکان لە ناویا ئەشکا وە هێلکەکان بە دەموچاویا ئەهاتە خوارەوە وە ئەمجا بە مارشی طنتاراطاط طانتاراطاط لەگەڵ گەلێ لە قوتابییانی سواری لە حەدیقەی قوتابخانە بە دەوری حەوزێکی گەورەدا پیاسەی پێ ئەکەن، لە دواییدا ئەیبەن بۆ حەمام وە بەمە ئەچێتە حیمایەی سوارییەکان.



## مەشقەکان

سواری و پیادە هەموو بەیەکەوە دەرسمان دەخوێند، تەنیا لە دەرسەکانی صنفدا بەیطەرە و سەفەرج و بەعضێک لە مەشق و دەرسی تر جیا ئەبووینەوە. لە یەکەم ڕۆژانی مەشقی (فروسیة) مامۆستامان صادق بەگ کە منی دی چۆن سوارێکم ئەویش بە هۆی ئەسپەکەی خۆمەوە بوو کە لە هاتوچۆی قوتابخانەدا سواری ئەبووم، زۆر سوارییەکەمی بە دڵ بوو وە تەقدیری کردم، دوای ئەوە بازدانی مەوانیع دەستی پێ کرد. لەوەشدا زۆر باش بووم، پاداشتی ئەوە ئەسپێکی عەرەبیی بۆ تەرخان کردم. ئەم مامۆستا بەڕێزەم لە جەنگی جهانیی یەکەمدا قوماندانی فیرقەی سێیەمی سواری بوو، لە شەڕەکانی جەبهەی ڕۆژهەڵات شەهید کرا، خوا غەریقی ڕەحمەتی خۆی کات.

تەصادوفێکی زۆر سەیرە کاتێ لە ساڵی ١٩٤٣ کە قونصلی عیراق بووم لە کەراچی، کچی ئەو مامۆستا ڕەحمەتییە، کە ژنی یوزباشی بەیطەری نووری بەگ بوو، لەگەڵ مێردەکەیدا دیم کاتێ بەسەر کەراچیدا ئەچوون بۆ ئەفغانستان، زۆر کەیفخۆش بووم.

## لە پۆلەکانی قوتابخانەی حەربییە

لە پۆلی یەکەمدا پیادە و سواری ژمارەمان ٨٦٠ و کسوور قوتابی بوو. ئەم ژمارەیە بە شەش بەشەوە بەش کرابوو. بەپێی سیاسەتی سەرای لە مەنعی ڕوودانی تەهلوکە مەوجوودییەتی حەربییەیان کەم کردەوە. لەساڵی ٣٢١ وە ئەدرنە، مناستر، ئەرزڕۆم، شام، بەغداد، لە مەراکیزی جەیشدا قوتابخانەی حەربییەیان کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئیعلانی مەشرووطییەت ئەو قوتابخانانە داخرا، وە هەموو قوتابییەکانیان گەڕانەوە بۆ ئەستانبووڵ. بەم شێوەیە تەنیا ئەو پۆلەی کە پێی ئەوترا صنفی ٣٢٤ ساڵی ١٩٠٩ بە ئەفسەری لە موختەلیفی قوتابخانەکانی حەربییە تەخەڕوجیان کردووە. لەو کاتەدا کە ئێمە دەرچووین بۆ پۆلی ئاخری کە هەموو حەربییەکان تەوحید بوو وە هاتنەوە بۆ ئەستانبووڵ، بە باندی مۆسیقاوە پێشوازیی قوتابییانی هەموو وڵاتەکانمان ئەکرد و میوانداریمان ئەکردن.

لە حەربییە بێجگە لە دەرسی فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕووسیشیان ئەخوێند. ئینگلیزی تەنیا لە بەحرییە ئەخوێنرا. هەر صنفە بێجگە لە مەشقی عەسکەری، صنفی ثلثە، تعبئة، خدمات سفرية، تاريخ حرب، وە جوگرافیای عەسکەری، فن بالستیک، فن الاسلحة، استحکامات، طوبوغرافیا، استکشافات، قارتۆغراف، طرامە، تەشکیلاتی جەیشی عوثمانلی و ئەجنەبی، علم فقە، منطق، فن معماری، انشاء ات عسکرية ، ماکنة، قۆزموغرافیا، و انواع هندسة، قوانین عسکرية، حفظ الصحە، بیطرية، حج و اسقریم، جمناستیق، و ولتەز ئەخوێنرا و مەشقیش زۆر بەڕێکوپێکی تەطبیق ئەکرا. ئەو مامۆستایانەی کە ئەم دەرسانەیان ئەدا ساڵ بەساڵ ئیختصاصیان کەسب کردبوو. لە ناو ئەوانەدا چەند جەنەراڵ و زەعیم هەبوو. بەو سایەیەوە هەرچی ئەفسەرێک لە حەربییەی ئەستانبووڵ دەرچووایە، کە پێویستی بکردایە ئەیتوانی موهەندسی بکات، تاکوو مەشرووطییەت بوو، صنفی ئەرکان حەرب لە یەکەمەوە تا پانزەهەم وەرئەگیرا، بەڵام لە صنفی ئێمەوە یەعنی لە ئیعلانی مەشرووطییەتەوە هەرچی لە قەطەعاتدا خزمەتی زۆر بووایە وەرئەگیرا.

دەرسی تەئریخی حەرب موشیر ئەحمەد موختار پاشا کە قوماندانێتی و سەردارێتیی جەیشی کردبوو پێی ئەوتین. وە دەرسی تەشکیلاتی ئۆردوو میرئالای ئەرکان حەرب صوبحی بەگ زۆر بەجوانی پێی ئەوتین. ئەم ذاتە لە دواییدا کە والیی بەصرە بووە تەقریری داوە کە ئینگلیزەکان خۆیان ئامادە کردووە حەملە بکەنە سەر عیراق وە داوای کردووە کە قەطعاتی عەسکەریی عیراق بکرێت و بڵاونەکرێنەوە بەملاو ئەولادا، وە لە ئەنجامدا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە خەفەتەوە لە بەصرە وەفاتی کردووە. وە من تەقریرە موهیمەکانیم لە کاتێکدا خوێندەوە کە ئیشم ئەکرد لە شوعبەی ١٦هەمینی تەئریخ لە دائیرەی ئەرکانی عموومی حەربییە. ئەم دوو ذاتە لە زۆر دەرسەکاندا کە پێیان ئەوتین باسی پێشکەوتنی جیووشی ئەجنەبییان بۆ ئەکردین وە موقارەنەیان ئەکرد لەگەڵ جیووشی عوثمانلی. دەرگای پۆلەکەیان پێوە ئەدا، موناقەشەیەکی کراوەیان ئەکرد و فیکرو زەینی قوتابییان ئەکردەوە وە هۆشیاریان ئەکردن بە مەدحی پیاوەکانی ئەو دەوروبەرە وەقتیان بەسەر نەئەبرد.

دەرسی فەرەنسی مسیۆ دوو بودا وە ڕووسی غوسبورین غاصبرنسکی پێیان ئەوتین، وە ئەمانە هەریەکە موعاونێکیان هەبوو، وەکوو موئەڕڕیخی بەناوبانگ ئەحمەد ڕەفیق وە میرئالای سداد بەگ.

لە قوتابخانە عەسکەرییەکاندا نوێژ کردن ئیجباری بوو، هەرچی فەرزە نوێژی نەکردایە بە قووەت سزا ئەدرا.

قوتابییان ئەو غەزەتانەیان پەیدا ئەکرد بۆ خوێندنەوە کە نامیق کەمال و شەریف پاشا مەقالەیان تێدا ئەنووسی وە دەستاودەس قوتابییان ئەم غەزەتانەیان ئەدا بە یەکتری، کە ئەمە خطوورەتێکی زۆر گەورەی تەشکیل ئەکرد.

ڕۆژێک کە دەرچووین بۆ تەطبیقات لە ڕێگا هەموومانیان گەڕاندەوە، کە گەیشتینە قوتابخانە، هەموومانیان خستە قاعەی ئیسراحەت، هەموو کتێب وە جل و دۆڵابەکانمان لە لایەن ئەفسەرەکانمانەوە پشکنرابوو. ئەو کاتە ئەو ئەثەرانەی کە موضیڕ بوو لەلای هەرچی کەسێک بدۆزرایەوە، قیسمێکی نەفی ئەکرا و قیسمێکی تریشی حەپس ئەکرا. لەناو ئەوانەدا عیصمەت دارندە و بەکر بۆسنەیی هەبوو.

ئەنکم، سرافرازخانم، ئەو کاتە کە لە ماڵی خاڵم بوو لە (فنار یۆلی) لە ٢٤ی مارت ١٩٠١ تەصادوفی ٣٢٥، ڕۆژی سێشەممە وەفاتی کردبوو وە لە مەقبەرەی ئەیووب سوڵتان دەفن کرا.

لە پۆلی سێیەمی حەربییە یەکی ٥ مەجیدییە مەعاشمان هەبوو. لە کاتی مەعاش وەرگرتن وە یان لە کاتی دابەشکردنی کتێب قژمان تەفتیش ئەکرا، ئەگەر زۆر بووایە بۆیان ئەتاشین. لە ساڵێکدا سێ ئیمتیحانی خاص هەبوو، هەرچی دەرنەچووایە لە چوونە ماڵەوەی دوای هەفتە مەنع ئەکرا. جاری وا ئەبوو ئەم مەنعە چەند هەفتەیەکی ئەخایاند. هەموو ڕۆژێک قوتابییەک ئەبوو بە حەرەسی مەطبەخ وە ئەو مێزی خواردنی ئەڕازاندەوە، وە هەموو ڕۆژێک نموونەی خواردنەکە بە سینییەکەوە لەگەڵ قوتابییە حەرەسەکان ئەبرا بۆ سەرای. هەموو ڕەمەزانێک لە ١٩هەمین ڕۆژیدا قوتابییانی حەربییە ئەبران بۆ سەرای (ییلدز) وە لە دوای ئیفتار لەسەر سینییەکی گەورە کۆمەڵە ئاڵتوون تیایدا، ئەیانهێنایەوە. هەر قوتابییەی یەک پارچە ئاڵتوونیان ئەدایە. هەموو ئێوارەیەک قوتابییەکان لە دوای نان خواردن لەسەر حەوزەکە کۆ ئەبوونەوە، وە دوای ئەوەی ئەوامیری یەومییە ئەخوێنرایەوە، سێ جار دۆعا بۆ پادشا ئەکرا.

## تەرجەمەی ژیانی موصطەفا پاشا یامولکی

عەزیز یامولکی - ی باوکی[٣٣] لە مەلازادەکانی بیارە وە پیرۆزخانی دایکیشی کچی حەمەرەسووڵ ئاغا بووە کە یەکێک بووە لە کوێخاکانی عەشیرەتی جاف.

موصطەفا پاشا ١٢٨١ی ڕۆمی و ١٢٨٢هیجری (٢٥ی کانون الثانی ١٨٦٦میلادی) لە شاری سلێمانی لە







خانووەکەی باوکی لە گەڕەکی گۆیژە بەرامبەر حەمامی موفتییە هاتۆتە دنیاوە. کاک ئەحمەدی شێخ کە ساڵی ١٢٠٥ هیجری لە دایک بووە، لە ساڵی ١٣٠٥ وەفاتی کردووە، لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا بووە وەفاتی کردووە، ئەو ناوی ناوە. دەرسەکانی قورئانی لە مزگەوتی سەید حەسەن[٣٤] لای مامۆستایان مەلا فەتاح و مەلا عیرفان خوێندووە. دوای ئەوە چۆتە ڕوشدییەی عەسکەری کە لە شاری سلێمانی کرابۆوە.



وە لە دوای خوێندنی ساڵێک بۆ تەواو کردنی پۆلەکانی کەی ڕوشدییەی عەسکەری نێرراوە بۆ بەغدا، وە لەوێ ٣١ی مایس ١٢٩٥ شەهادەتنامەی وەرگرتووە وە داخڵی قوتابخانەی ئەعدادیی عەسکەریی بەغداد بووە. لە دوای خوێندنی ساڵی یەکەم کە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە بۆ چاوپێکەوتنی دایک و باوکی ساڵی ١٢٩٦ هیجری هاتووە بۆ سلێمانی، باوکی لە پێش هاتنەوەی ئەودا وەفاتی کردووە، بەمە زۆر دڵتەنگ بوو هەموو جارێک باسی ئەوەی ئەکرد.

دوای ئەوەی سێ ساڵ خوێندنی ئەعدادیی عەسکەریی بەغدای تەواو کردووە، وە لە مەجمووعی ٢٨٥، (٢٨٠) نمرەی هێناوە، وە لە ٨ / ئاغستۆسی / ١٢٩٨نێرراوە بۆ قوتابخانەی حەربییەی شاهانەی ئەستانبووڵ. ئەو کاتە حەربییە لەژێر نەظارەتی (فوندەر غوڵتس) پاشادا بووە. بە هێنانی ١٤٦ نمرە لە مەجمووعی ١٥٠ نمرە لە ٨ی تەمووز ٣٠١ی ڕۆمی بە ڕوتبەی مولازم ثانی خراوەتە صنفی ئەرکانی حەربییە.

لە ١٥ی حوزەیرانی ٣٠٢ تەرفیعی کردووە بووە بە مولازم ئەووەل، وە لە ٢٥ی ئاغستۆس ٣٠٢ کچی خەندانزادە حسێن وە خوشکی ناظری خارجییە محەمەد سەعید پاشا، صەفییە خانمی مارە کردووە،[٣٥] وە لە ٣٠٤ی ڕۆمی ٣ی مایسی ١٨٨٨ لە ئەسکدار حەفلەی زەفافیان کراوە.

ساڵی ٣١٣ لە ٢ی تەمووز حسێن پاشا وەفاتی کردووە، وە بەم بۆنەیەوە سوڵتان عەبدولحەمید خانی ثانی بۆ صەفیەخانم وە باقیی خێزانەکە یەکی(٥٠٠) قرووشی مەعاشی قەیدی حەیات بڕیوەتەوە.

لە ١٨ی مایس ٣٠٤ لە بەشی فەننیی ئەرکان حەربییە بە ڕوتبەی یوزباشی بە پلەی شەشەم لە پۆلەکەیدا دەرچووە، وە لە شوعبەی سیهەمی ئەرکانی حەربی عموومی دامەزراوە، وە لەو سیاحەتە گەورەیەی کە لە دەوروپشتی ئەدرنە پێک هێنرابوو، ئیشتراکی کردووە.

٢٩ی تشرین الاول ٣٠٥ی ڕۆمی بووە بە قول ئاغاسی وە لەسەر داوای خۆی نەقل کراوە بۆ فیرقەی ئەرکانی حەربییەی حیجاز، وە لەوێ قوماندانەکەی کە فەریق ئەحمەد فەیضی ئەبولخەیر بووە لەلایەن ئەوەوە سەرباقیی واجیباتی خۆی بە مەئموورییەتی تەعمیراتی

ڕێگای ئاوی عەین زبیدە لە مەککەی موکەڕڕەمە وە نەظارەتی دروست کردنی قشڵەیەکی گەورە لە وادی جیاد پێ سپێرراوە، وە لەلایەن شەریف مەککە (عون الرفیق)ەوە تەقدیرنامەی بۆ نووسراوە بۆ ئەستانبووڵ ساڵی ٣٠٦ی ڕۆمی ٨ی کانوونی ئەووەڵ وە ٢٢ی کانوونی ئەووەڵ ١٨٩٠ (عەبدولعەزیز)ی کوڕی لەوێ لە دایک بووە.

نزیک ئەواخیری ساڵی ٣٠٦ی ڕۆمی جوولەکەیەکی نەمساوی بە ناوی (پۆڵ فریدمان)[٣٦] بۆ پێکهێنانی (ئیمارەتێکی یەهوودی) لە عەقەبە وە دەوروپشتی فیتنەیەکی بەرپا کردووە، وە لەگەڵ دامەزراندنی ئەم فیتنەیەدا هەندێ مەفرەزەی جوولەکە کە لە بەحرەوە کە هاتوونەتە وشکانی توانیوێتی سەرکەوێت بەسەریاندا وە دەریانبکات وە لە ئەنجامی ئەمەدا (ضبا و مویلخ) وە دەوروبەری عەقەبە لە خدێوێتیی میصر جیاکراوەتەوە، بەستراوە بە مەمالیکی شاهانەوە، بە هۆی ئەم واقیعەیەوە نیشانی دەرەجە چواری مەجیدییەی پێ دراوە.

٢٨ی ئەیلوولی ٣٠٨ تەرفیعی کردووە بۆ ڕوتبەی بینباشی (مقدم)، لە فیرقەی حیجازەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەرکانی حەربییەی جەیشی هومایوونیی شەشەم لە بەغداد، وە دووبارە بە هۆی کرانەوەی شابەندەرێتیی مەنتیقەی (خوی و سەڵماس) لە ئێران لە ١٣ ذی القعدة ٣١٠ تەعیین کراوە بۆ ئەوێ. کاتێ لە (خوی) بووە لە ١٥ شەعباندا کچێکی هاتۆتە دنیاوە وە ناو نراوە زەهرا زەرینتاج، ٢٢ی موحەڕڕەمی ٣١٢ نیشانی چوارەمی عوسمانیی پێ دراوە.

وە لەسەر واقیعەیەک ڕووی دا لە بەینی حکوومەتی مەحەلییە وە تەبەعەی عوسمانی لە سنە بۆ نەهێشتنی ئەو واقیعەیە کراوە بە سەرشابەندەر لە سنە وە لەوێ دووەمین کچی هاتۆتە دنیاوە کە ناو نرا (ئەنجوم).

لە سنە موشکیلەیەکی مەزهەبی هاتبووە کایەوە لە بەینی کوردەکان، کە سوننی مەزهەبن، وە لە بەینی حکوومەتی مەحەلییەدا. ئەو خیلافە بووبوو بە هۆی هەڵسانێکی گشتی، وە لەم هەڵسانەدا گەورەپیاوانێکی زۆر کوژرابوون. وە مەقەڕی حکوومەت ئابڵۆقە درابوو، وە لەناو ئەم وەضعەدا والیی ویلایەت حسام الملک لەگەڵ (احتشام الدولة)ی کوڕی و (قمر السلطنة)ی ژنی کە کچی مظفرالدین بوو، لە لایەن ئەوانەوە داوای یارمەتییان لێ کردبوو، وە بە هۆی ئەوەوە کە موداخەلەی کردبوو ئاسایشی گەڕاندەوە وە ئەمیرە قمر السلطنەی ڕزگار کرد وە مەحفووظەن (محفوظا) گەیاندوویەتیە تاران، وە لەبەر ئەوە لە لایەن شای ئێرانەوە، لە ربیع الاول ٣١٣ (با جمایل قرمز) شیروخورشیدی دەرەجەی دووی دراوەتێ، وە هەروەها لە لایەن حکوومەتی عوسمانیشەوە بە نیشانی دەرەجە سێ تەلطیف کراوە.

١٥ی جمادی الاول ٣١٣ گوێزراوەتەوە بۆ شابەندەرێتیی قارص کە تابیع بە (قارص)ـە، وە لەوێ لەبەر ئەوەی کە مەعلووماتی موهیمی دەرحەق هێزەکانی قەفقاسی ڕووسی گەیاندووە بە شوێنی تایبەتی، ئەم جارە بە نیشانی دەرەجە سێی مەجیدی تەلطیف کراوە.

ساڵی ٣١٤ی ڕۆمی لە شابەندەرێتیی قارسەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەرکانی حەربی جەیش لە بەغداد وە لە ٣١٦دا تەرفیعی کردووە بۆ ڕوتبەی قائیمقام وە ١٠ی مایسی ٣١٧ تەعیین کراوە بۆ ڕیئاسەتی ئەرکانی حەربییەی جەیش.

١٧ی صەفەری ٣١٦ی هیجری ڕەجەب پاشا کە والی و قوماندانی بەغداد بوو گوێزرایەوە بۆ تەرابولسی غەرب وە لە جێی ئەو موشیر ئەحمەد فەیضی پاشا لە ٢٨ی ربیع الاخر هات بۆ بەغداد.

ساڵی ٣٢٠ی ڕۆمی تەرفیعی کردووە بۆ ڕوتبەی میرئالای و ٨ی کانون الاول ٣٢١ بە ئیرادەی سەنییە کراوە بە مەئمووری قۆمیسیۆنی حودوودی خاقانی لە سلێمانی، وزنە، لاهیجان وە لە طەرەفی ئێرانییەکانیشەوە احتشام السلطنة هەبوو. ئەم هەیئەتە نزیکەی سێ ساڵ لە حودوود مەشغووڵ بوون، لە دواییدا لە دەوروپشتی بەغداد، بەصرە، مووسڵ، سلێمانی دەستی کردووە بە ئیش. کاتێک کە لەو ناوە بووە، ٢٣ی






تەممووزی ٩٨٨ (؟) لە ئەستانبووڵ ئیدارەی مەشرووطییەت ئیعلان کرابوو، پاش بەینێک نەقڵ کرا بۆ ڕیئاسەتی ئەرکانی حەربییەی ئەنقەرە. لە ٦ی ئاغستوسی ٣٢٤ لە مووسڵەوە حەرەکەتی کردووە. ١٩ی ئاغستوسی ٣٢٤ گەیشتۆتە حەڵەب وە لە بەیرووتەوە بە پاپۆڕی حاجی داوود لە یەکی ئەیلوول گەیشتۆتە ئەستانبووڵ وە لەوێشەوە چۆتە ئەنقەرە وە دوای ئەوە لەوێوە بە ئیجازە هاتۆتەوە ئەستانبووڵ.

١٦ی ئەیلوولی ٣٢٨ نەقڵ کراوە بۆ فیرقەی ٢٧ نیظامی لە بەیرووت وە بووە بە قوماندانی قول ئۆردووی هەشتەم وە لەگەڵ ئەم فیرقەیەدا لە حەربی باڵقان مەساحەی شەڕی (بولایر ـ ئەکسامیل) شەڕی کردووە، لە دوای سوڵح لە پێش هەموو قووەتەکان گەیشتووەتە (ئەدرنە). خورشید پاشا کە قوماندانی جەیشی دەیەم بوو لەگەڵ ئەرکانی حەربییە وە و ئەنوەرێک کە حەزیان ئەکرد یەکەم قەطعەی عەسکەری تورک ئەچێتە ئەدرنە ببینن، چوونە نزیک شارەکە کە لە نمازگاهی حاجییاندا ئیصطیدام واقیع بووە، ئارەزووی دواخستنی جەیشەکە کە قوماندانی ئۆردووی لێیە، داوا کراوە جێ بە جێی نەکردووە. لە پێشا فیرقەی ٢٧ بەیرووت بە تەزاهوراتێکی گەورەی ئەهالی داخیل بە شارەکە بووە وە لە جیهەتی شەرق لە (کۆرنیش طابیە) جێگیر بووە. بۆ ئەوەی کە بزانن بوڵغارەکان کە ئەدرنەیان بە جێ هێشتووە تا کوێ کشاونەتەوە، بۆ کەشفی ئەووەڵی فوئاد پاشازادە بە مەئموورییەت نێرراوە، لە مامۆستایانی قوتابخانەی حەربییە یوزباشی سواری ڕەشید بەگ لە لایەن بوڵغارەکانەوە بە دیل گیرابوو بە بڕینی قۆڵ و قاچی بە شێوەیەکی ناخۆش شەهید کرابوو، بۆ تەقدیری ئەم زاتە کە زۆر ئازایەتیی نواندبوو لە جەنگەکەدا وە بەو شێوەیە شەهید کرابوو لە دەوروپشتی شاری ئەدرنە بە بەشداریی هەموو ئەفسەران وە ئەهالی خۆنیشاندانێکی گەورە کرابوو وە لەم کۆبوونەوەیەدا خەتیبی ئیتتیحاد وتەرەقی عومەر ناجی وە والیی ئەدرنە حاجی عادل بەگ خوتبەیان دابوو، وە لە هەموو خوتبەکەیاندا هەر باسی تورک کرابوو لە جیاتی عوسمانلی، وە باسی ئەوانە نەکرابوو کە لەبەیرووتەوە بە ناوی عوسمانلی و ئیسلام هاتبوون وە لە هەموو شەڕەکاندا بەشدارییان کردبوو وە لە شەڕی (ئەکسامیل) چوارهەزار ضایعاتی دابوو کە ئەفسەرەکانی هەموو عەرەب بوون، ناوی ئەمانە هیچی باس نەئەکرا.

لەمە موستەفا پاشا زۆر موتەئەسسیر بوو، لە پڕێکا قلیجەکەی ڕاکێشا وە هاتە ناوەڕاستی خەڵقەکە و وتی: ئەی حازران، من کوردێکی خالیسم، ئەوانەی لەژێر ئەمری مندان هەموویان عەرەبن بە تەجهیزاتێکی نوقسانەوە لە شەڕەکانی (ئەکسامیل وە بولایر) بە ناوی عوسمانلییەوە لە ٤٠٠٠ زیاتر شەهیدیان داوە، یەک لە فیداکارێتیی ئەمانە باس نەکراوە، کە ئەمە شایانی تەئەسسوفە، وە دەستی کردووە بە نوتقێکی زۆر درێژ وە وەزعی ڕوئەسای ئیتتیحاد و تەرەقیی بەرباد کردووە. لەسەر ئەمە یەکسەر مەراسیمەکەیان دوایی پێ هێناوە. ئەم واقیعەیە حیددەت و حیرسی ئیتتیحادچییەکان وە ڕەئیسی ئەرکانی حەربی ئۆردوو (ئەنوەر)ی هەڵساندووە. ئەنوەر لە ساڵی ٣٢٩ لە کانون الاول ـ دا کە بووە بە ناظری حەربییە موستەفا پاشا و ڕەئیسی ئەرکانی عوموومییە هادی پاشا العمری و ١٦ جەنەڕاڵی تەقاعود کردووە وە لەسەر ئەمە موستەفا بە درێژایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەستانبووڵ لە خانووەکەی خۆی لە نیشانطاش ماوەتەوە و موخالیفی جەماعەتی ئیتتیحاد و تەرەقی بووە.

بەڵام جەنەڕاڵ "فوندەر غۆلتس پاشا" تەعیین کرا بۆ قوماندانێتیی بەغداد وە دەوروپشتی وە دوای ئەویش موستەفا کەمال پاشا کرابوو بە قوماندانی مەنتیقەی دیاربەکر، داوایان لە پاشا کردبوو کە ئیلتیحاقیان پێوە بکات و شەخصیەن (شخصیا) چووبوونە لای کە ئیتتیفاقی لەگەڵدا بکەن بەڵام پاشا قوبووڵی نەکردبوو وە مابووەوە بە تەرەفدارییی (حوڕڕییەت و ئیئتیلاف).

١١ی تشرین الثانی ١٩١٨ جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو بوو وە ئەفرادی تەرەقی فیراریان کرد، تۆفیق پاشا

هاتە مەوقیعی ئیقتیدار، موستەفا پاشا لەژێر ناوی موحافەزەی حوقووق جەمعییەتێکی گەورەی تەئسیس کرد، ئەوانەی لە سەردەمی ئیتتیحاد و تەرەقیدا غەدریان لێ کرابوو لە ئەرکان و ئومەرا وە ئەفسەران ڕوتبەکانیان بۆ ئیعادە کرایەوە وە پاشایش یەکێک بوو لەمانە. دوای موددەتێک ئەوانەی لە لایەن حکوومەتی ئیتتیحاد و تەرەقییەوە تەهجیر کرابوون لە ئەرمەنی وە بۆ سزادانی تاوانبارانی شەڕی ئەرمەنییەکان وە هەروەها سزادانی وزەرای ئیتتیحاد و تەرەقی بە سەرۆکایەتیی فەریق حیرەت پاشا دیوانی حەربی فەوقەلعادە تەشکیل کرابوو، پاشا یەکێک بوو لە ئەندامەکانی وە بیلئاخیرە چەند گۆڕانێکی قابینە ڕووی داوە وە داماد فەرید پاشا چەند جارێک وەزارەتی تەشکیل کردووە وە نیهایەت لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩١٩ کە دووبارە قابینەی تەشکیل کردووە وە پاشا بووە بە والیی ویلایەتی خوداوەندکار وە بەم هۆیەوە چووە بۆ بورسە وە لەوێ کەمالییەکان لە بەرهەڵستیی ئیشغالی یۆنان زیاتر فیکری ئیعلانی جەمهوورییەتیان بووە وە موستەفا کەمال پاشا[٣٧] میرئالای بەکر سامیی ناردووە بۆ لای پاشا کە ئیلتیحاقی پێوە بکات، ئەمیش ڕەفزی کردووە وە وتوویەتی من ئەو سوێندەی کە بۆ پادشاهم خواردووە موحافەزەی ئەکەم؛ خستنی خیلافەت گەورەترین زەربەیە بۆ عالەمی ئیسلام، لەبەر ئەوە ئیلتیحاق ناکەم و موحافەزەی خیلافەت ئەکەم، لەبەر ئەوە قووەی عەسکەری کەمالیست دائیرەکەیان داوەتە بەر ئاگر، مەجبوور بووە بورسەی بە جێ هێشتووە، لە ٣ی تشرین الاول ٣٣٥ - ١٩١٩ گەڕاوەتەوە بۆ ئەستانبووڵ. وە هەمان ڕۆژ فەرید پاشا ئیستیقالەی کردووە وە عەلی ڕەزا پاشا قابینەی تەشکیل کردووە، مرسنیلی جەمال پاشا بووە بە ناظری حەربیە. موستەفا پاشا کە بورسەی بە جێ هێشتووە، گەلێک شتومەکی شەخسیی خۆی لە دائیرەکەیدا بە جێ ماوە، لە لایەن کەمالییەکانەوە تالان کراوە. موفرەدات و نرخی ئەو شتومەکانە هەیئەتی تەحقیقییە تەسبیتی کردووە وە میقدارەکەی لە ٢ی ئەیلوولی ٣٣٦ بە قەراری مەحکەمە تەسدیق کراوە.

٣ی مارتی ١٩٢٠ لە دوای ئەوەی قابینەی عەلی ڕەزا پاشا ئیستیقالەی کرد دووبارە فەرید پاشا قابینەی تەشکیل کرد، لە ١٠ی نیسانی ٣٣٦-١٩٢٠ بە دەرچوونی ئیرادەیەکی سەنییە موستەفا پاشا تەعیین کرا بە ڕەئیسی فەوقەلعادەی دیوانی عورفیی یەکەم، بەو هۆیەوە ئیشتیراکی شوورای سەڵتەنەتی کرد کە تەشکیل بووبوو بە حوزووری پادشا لە سەرای (ییلدز)، لە دژی خائینان وە ئەوانەی دژی خیلافەت وەستابوون نوطقێکی داوە بە پێی ئەو ئیرادە شەریفە کە لە ١١ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچووبوو، دەستی کردووە بە محاکەمەکردنی ئەوانەی کە هەڵسابوون بە حەرب و تەقتیل وە بەرامبەر پادشا عوسیانیان ئیعلان کردبوو وە ئەوانەش بریتی بوون لە موستەفا کەمال پاشا وە هاوکارەکانی وە هەرچی بڕیارێک کە پێویستی ئەکرد دەری ئەکرد، دوایی ئەو وەزعەی بە تەئسیراتی دووەلی ئیئتیلافییەوە دروست بوو وە ئەنجامی ئەم گۆڕانە تۆفیق پاشا لە ئەناضۆل بوو بە پشتگیری کەمالییەکان وە کرا بە صدر الاعظم و ٢١ی تشرین الاول ١٩٢٠ تەشکیلی قابینەی کرد وە میرلیوا ضیاء پاشا بوو نە ناظری حەربییە.

ئەم قابینەیە یەکسەر هەیئەتی دیوانی حەربی تەبدیل کرد بۆ سەرۆکێتیی فەریق محەمەد خورشید پاشای تەعیین کرد وە فەرمانی ناظری حەربیە، ڕەئیس و ئەندامانی دیوانی حەربی عورفیی پێشوو تەوقیف کران. لە دیوانی حەربێک کە (درزی پاشا) سەرۆکی بوو دەستی کرد بە مەحکەمەیان. لەم مەحکەمەیەدا موستەفا پاشا بەیانانێکی داوە، دەری خستووە کە ئەم مەحکەمەیە صەلاحییەتی نییە، لەبەر ئەوە مەحکەمەکەیان داوە ئەو ئەرکانی دیوانی حەربە کە سەرەکەکەی موشیر کاظم پاشا بووە. بیدایەت ٦ی شوباطی ١٩٢١ بە دەرچوونی ئیرادەی سەنییە بەرەڵلا کراون وە بەرامبەر بەو وەزعەی کە لە ئەستانبووڵدا هەبوو پاشا لە عەسکەری ئیستیقالەی کرد، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢١ ئەستانبووڵی بە جێ هێشت وە





گەڕایەوە عیراق کە وەطەنی خۆی بوو. لەگەڵ گەیشتنی بە بەغداد چووە بۆ شارەکەی خۆی کە سلێمانییە وە لەو حکوومەتەی کە شێخ مەحموود داینابوو کرا بە وەزیری مەعاریف.[٣٨] وە لەو ماوەیەدا سمکۆ هەڵسابوو بە حەرەکەتێک لە ناوچەی گۆمی ورمێ دژی ئێران، پاشا چوو بۆ ئەوێ، تەوصییەی سمکۆی کرد کە لەگەڵ ئێراندا هیچ نەوعە دوژمنایەتییەک نەکات. دوایی کە گەڕایەوە سلێمانی لە ١٦-٧-١٩٢٦ دەستی کردووە بە دەرکردنی غەزەتەیەک بە ناوی (بانگی کوردستان)[٣٩] وە لە ئاخریدا ئەو سیاسەتە جاهیلانانەی کە لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمووددا دیوێتی، سلێمانیی تەرک کردووە چووە بۆ بەغداد وە سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆردمان و تەخریب کراوە.

موستەفا پاشا لە بەغداد ٩ی کانون الثانی ١٩٢٦ کە لە وەزارەتی داخلییە ئیمتیازی وەرگرتبوو دووبارە دەستی بە دەرکردنی غەزەتەی بانگی کوردستان بە زمانی عەرەبی وە کوردی وە بە هۆی وەزعێکی تایبەتی کوردستانییەکانەوە لە بەغداد صەرفی نەظەر لە دەرکردنی غەزەتەکە کراوە . بەهۆی سیاسەتی ئینگلیزەکانەوە زۆر مەقهوور بووە وە نیهایەت ٢٥ی کانون الثانی ١٩٣٦ لە بەغداد لە گەڕەکی صەڕافییە وەفاتی کرووە. وەصیەتی و مەترووکاتی بەعضێک شیعر بووە ، وە ئارەزووی ئەوە بووە کە لە سلێمانی لە گردی (سەیوان ) بەتەنیشت قەبری باوکییەوە نێژراوە، لەسەر وەصییەتی خۆی لەسەر بەردی دەرگای گومەزی قەبرەکەی ئەم نووسینە نووسراوە:

– فاتحە بۆ روح مصطفی پاشا یاملکی –

ئەترسم ئەی وەطەن بمرم نەبینم بەختیاری تۆ
بنووسن با لەسەر قەبرم وەطەن غەمگین و من غەمگین

پاشا لە ئاخری ژیانیا وەصییەتی کردووە کە بە کوردی تەلقینی بدەن وە داواکەی جێبەجێ کراوە.

## پەراوێزەکان

٢٥- سعید پاشای خالّم. سعید پاشای خەندان ژنبرای مصطفی پاشای یامولکی بووە، کوڕی حسین پاشای خەندان بووە، کە حسین پاشای باوکیشی کوڕی ئەحمەد ئاغای خەندان بووە. سعید پاشا لە ساڵی ١٨٣٤دا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و حسین پاشای باوکی (یەعنی خەزووری مصطفی یامولکی) نائبی دوا پاشای بابان بووە. ساتێک حسین پاشا چۆتە ئەستەمبووڵ سەعیدی کوڕیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە و لەوێ زمانی فرەنسی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی فێر بووە. لەپێشدا بووە بە ئەفسەر لە دائرەی تەرجەمەی بابی عالیدا و لەوەوە بووە بە متصرف یانیە لە ساڵی ١٨٦٧دا لەوێوە نێرراوە بۆ (قبرص) وە لە ساڵی ١٨٨٢دا کراوە بە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی. ساڵی دوای ئەوە کراوە بە (سفیر) لە برلین و دووبارە جارێکی تر کراوەتەوە بە وەزیری دەرەوەی عوسمانی و پاش ئەوە کراوە بە رئیس مجلسی (شورا) وە لەسەر ئەوە مایەوە هەتا لە ساڵی ١٩٠٧دا کۆچی دوایی کرد.

٢٦- عزەت و سلێمان بەگ (خاڵم) لەگەڵ دایکیا (سەرئەفرازخان) دیارە حسین پاشای خەندان جگە لە سعید بەگی خەندان کە خاڵی عزیز یامولکی و ژنبرای مصطفی یامولکیی باوکی بووە، دوو کوڕی تریشی هەبووە کە ناویان (عزت بەگ) و (سلێمان بەگ) بووە.

٢٧- سلێمان بەگ لە ٢٦ی پێشوودا باس کراوە کە برای عزت بەگ و برای سعید بەگی خەندان بووە.

٢٨- بۆم ڕوون نەبووەوە کە (بەلقیس) کچی کامیان بووە. سعید بەگ و عزەت بەگ و سلێمان بەگ؟ یاوەران پادشاهی (یاوەر ئەوانە بوون کە لەگەڵ یەکێک سەرکردەدا بن کە ئیمڕۆ بەرامبەر بە وشەی (مرافق) بەکار دەهێنرێت.

٢٩- طائفەی کوریج، زۆرم هەوڵدا لە سەرچاوەکاندا باسی ئەو طائفەی کوریجە بدۆزمەوە، ئایا قزڵباش بوون، علوی بوون، یزیدی بوون، بۆم دەرنەکەوت. تەنها لە گەشتەکەی میجر نویل (Diary of major Noel) کە لە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O. 35-١٣٩٤)دا کە باسی بیرەوەری خۆی لە ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٤ی کردووە هەتا ٢١ی ئەیلول ناوی عەشیرەتی (GURREJIK)ی لە لاپەڕە ٩٦ی ئەو دۆکیومێنتەدا کردووە کە وێنەی (عمر ئاغا)ی سەرۆکی ئەو عەشیرەتەی تیادایە و بەڵام تەواو دڵنیا نیم کە هەردووکیان یەک بن. ئەوەی شایانی باسە لە دواییدا تورکەکانی عوسمانی

ئەوانەی لەو عەشیرەتە ڕایان کردووە هەموو دێهات و خانوویان سووتاندوون و ژن و منداڵەکانیان لەژێر فشار و برسێتیدا مردن.

٣٠- میرئالای سلێمان بەگ (هەر ئەوەیە کە لەسەرەوە لە ٢٦ و ٢٧دا ناوی هاتووە.)

٣١- ماجد بەگ، لەوە ئەچێت تورک بووبێت.

٣٢- سوارەی حمیدیە، لە زەمانی سوڵتان عبدالحمیدی دووهەمدا، بەپێی پێشنیاری ئینگلیزەکان خەلیفەی عوسمانی بۆ بەربەرەکانیکردنی دەسەڵاتی ڕووسی قەیسەری لە سەر سنوور لە ساڵی ١٣٠٢ی هیجریدا، ١٨٨٥ی زایین، هێزێکی لە کورد پێکەوە نا کە بە سوارەی حەمیدییە و لەناو کورددا بە (ئێسترسوار) ناسرا بوون.

٣٣- ئەوی ڕاستی بێ من لەو تەرجەمەی ژیانی مصطفی پاشا یامولکی زۆر بەگومانم، چونکە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا یەک ناگرێتەوە و لاموایە ئەو ژیانەی مصطفی یامولکی ممکن نییە لەلایەن عزیز یامولکی کورییەوە بەو جۆرە نووسرابێت، بەڵگەشم بۆ ئەمە زۆرە:

یەکەم: عبدالعزیز یامولکی لە زۆر شوێندا کە باسی خاڵەکانی ئەکا (کە سعید پاشای خەندان و سلێمان بەگ و عزت بەگ بوون)، وەکوو لە ٢٧،٢٦ و ٢٨دا خۆی باسی کردوون) بەمەدا دەرئەکەوێ کە دایکی عبدالعزیز کە ژنی مصطفی یامولکی بووە لە بنەماڵەی خەندان بووە و کچی حسین پاشای خەندان بووە و بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە حەمەڕەسول ئاغای جافەوە نەبووە. ساجدەخانی برازای مصطفی یامولکی ئەڵێ: شتی وا نییە کە قەت نە باوکی مصطفی یامولکی (کە باوکی خۆشی ئەگرێتەوە کە عبدالقادر یامولکی بووە) هیچ پێوەندییەکیان بە مەلازادەکانی بیارەوە هەبووبێت و ئەڵێ من هەر وام بیستووە لە هەموو خزمەکانم کە باوکم لە عەشیرەتی (بڵباس) بووە و پێوەندی بە بیارەییەوە نەبووە. جگە لەوە لە پەراوێزی ٨، لاپەڕە ١٦دا، باسی شەجەرەی یامولکی (لە باوکیەوە) و خەندان (لە دایکیەوە) کردووە کە بە هیچ جۆرێک باسی شێخی بیارە و جافی نەکردووە. وە لەوەدا وتوویەتی دایکم خاتوو صفیەخانی کچی حسین پاشا لە خەندانە.

- بەپێی تەرجەمەکە عبدالعزیز لە لاپەڕە ٣٣ و ٣٤دا ئەڵێ: مصطفی پاشا لە سلێمانی لە دایک بووە و نەیوتووە باوکم لە سلێمانی لە دایک بووە.

- لە هەمووی ئاشکراتر ئەوەیە (وەکوو لە پەراوێزی ژمارە ١٠دا هاتووە) عزیز یامولکی خۆی دانی پیادا ناوە و وتویەتی: لە ٢ی تەمموزی ساڵی ١٣٠٣دا بە بۆنەی وەفاتی باپیرم حسین پاشا (کە مەبەستی حسین پاشای خەندان بووە) کە مانای ئەوەیە حسین پاشای خەندان خێزانی مصطفی یامولکی بووە. ساجدەخان ئەڵێ:

لە ڕاستیدا مصطفی یامولکی و عبدالقادری باوکم کە کوڕی عزیز بوون، ئەو عزیزەی بلباس خێزانەکەی ناوی (مەلکەخان) بووە کە بنەماڵەی یامەلەک ـ یامولکی لەوەوە داکەوتووە. (لە هەندێ شوێندا وەکوو کۆیە بۆ ڕێزگرتن لە ژن لە پێش ناوەکەیدا (یا) بەکار دێنن کە ئەمە بووە بە یامەلەک. باشترین سەرچاوە بۆ ژیانی مصطفی یامولکی ئەوەی (میر بصری)یە کە عالمێکی زۆر شارەزایە لەکتێبەکەیدا باسی ژیانی زۆر کەس کراوە وەکوو ئەمین زەکی و شەریف پاشای خەندان و سەعید پاشای خەندان کە لە لاپەڕە (٧٠-٧٢)دا، وەکوو خوارەوە، باسی مصطفی یامولکی کردووە:

امیر لواء مصطفی پاشا یاملکی (یامولکی)

لە کتێبەکەی میر بصری: اعلام کرد

چاپی لندن و قبرص ١٩٩١

لاپەڕە ٧٠-٧٢ بە عارەبی

مصطفی شوقی کوڕی عزیز یامولکی کوڕی ملامصطفی کوڕی ملاعزیز کوڕی ملا حیدر لە عەشیرەتی (بڵباس)ە و لە ساڵی ١٨٦٦دا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و بۆ تەواوکردنی ئیعدادی چووەتە بغداد و لەوێ ئیعدادی عەسکەری تەواو کردووە. (تێبینی خۆم: لە سلێمانیدا قوتابخانەیەکی عەسکەری هەبووە کە زۆربەی ئەوانەی لە دواییدا بوون بە ئەفسەر وەکوو ئەمین زەکی، مصطفی یامولکی، تۆفیق وەهبی و گەلێکی تر، ئەمانە قوتابخانەی سلێمانی کە پێی وتراوە ڕوشدییەی عەسکەری، وەکوو قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە سلێمانیدا بووە و ئەوی لەوێ دەرچووبێت چووە بۆ بغداد بۆ تەواوکردنی ئیعدادی و پاش ئەوە ئەمجا چووە بۆ ئەستەمبووڵ، بۆ تەواوکردنی کلیەی عسکری، ئەو قوتابخانەی ڕوشدییە لە سلێمانیدا لە ساڵی ١٨٩٣دا کراوەتەوە کە سەعید پاشای خەندان ئەو قوتابخانەیەی کردۆتەوە. (لە لاپەڕە ٨٤ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا باسی ئەوانەم کردووە.)

مصطفی یامولکی دوای بغداد چووەتە ئەستەمبووڵ و مەکتەبی عەسکەری تەواو کردووە و چووەتە مەکتەبەی ئەرکان کە بە ڕوتبەی (رئیس رکن) لە ساڵی ١٨٨٨دا کراوە بە کونسوڵی عوسمانی لە شارەکانی (خوی و سەلماس) و پاش ساڵێک نێرراوە بۆ (سنندج ـ سنە) و لەوێوە بۆ (قارص) لە ساڵی ١٨٩٧دا. لە ساڵی ١٩٠١دا گەڕایەوە بۆ ناو سوپا و کرا بە وەکیلی ڕەئیسی ئەرکانی لەشکری شەش لە بغداد. وە دوای ساڵێک گوێزرایەوە بۆ (سیواس) و ساڵی ١٩٠٤ کرا بە ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە بۆ دەستنیشانکردنی سنووری ئێران پێک هاتبوو، دوای ئەوە کرا بە رئیسی ئەرکانی فرقەی عەسکەری لە ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٠٨دا و ساڵی ١٩٠٩ کرا بە (امیر لواء) و کرا بە قائدی فرقەی (٢١) لە بغداد و لە ساڵی ١٩١٠دا گوێزرایەوە بۆ فرقەی (٣٠) لە ئەرنجان و لەوێ کرا بە







جێگری قائد فیلقی دەیەمین.

کە شەڕی تورک و ئیتالیا لە ساڵی ١٩١١دا هەڵگیرسا مصطفی یامولکی کرا بە قائدی فرقەی پێنجەم و بەهێزکردن و قایمکردنی گەرووی (دردنیل)ی پێ سپێررا و لە شەڕی باڵقاندا بەشداری کرد کە کرابوو بە قائدی فرقەی (٢٧).

لە شەڕەکانی (غالیبولی) و (بولایر) و سەندنەوە و داگیرکردنەوەی (ادرنە)دا بەشداری کردووە و لە ساڵی ١٩١٤دا بە فەرمانی ئەنوەر پاشای وەزیری حەربییە خانەنشین کرا. ساتێک پەیمانی هدنە مۆر کرا لە ساڵی ١٩١٨دا مصطفی پاشا کرا بە ئەندامی مەحکەمەی عورفی عەسکەری و دوای ئەوە کرا بە والی (بروسە). سەرەکوەزیران (کە ئەوسا پێی ئەوترا صدری اعظم) کە داماد فرید پاشا بوو مەجلیسێکی عەسکەری دانا بە سەرۆکایەتی مصطفی پاشا یامولکی بۆ موحاکەمەی مصطفی کمال پاشا (ئەتاتورک) و هاوکارەکانی لەوانەی کە لە حکومەتی ئەستەمبوڵ یاخی بووبوون لە (ئەنادۆڵ)دا، وە ئەو مەحکەمەیە لە ٢٠ی ئایاری ١٩٢٠دا بڕیاری غیابی مصطفی کمال و امیر لواء فواد پاشا و فریق مصطفی فوزی پاشای (کە بە چقماقچی بەناوبانگ بووە)، و حسین روف بەگ و چەند کەسێکی تر. پاش ئەوەی بزووتنەوەکەی مصطفی کمال سەرکەوت. مصطفی یامولکی ناچار بوو لە ساڵی ١٩١٢١دا ئەستەمبوڵ بەجێ بهێڵێت و هاتەوە بۆ عێراق و بەشداریی کرد لەو حکومەتەدا کە شێخ مەحموود لە سلێمانی دانابوو و بوو بە وەزیری مەعارف لە تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٢٢دا. و لە سلێمانی ڕۆژنامەی (بانک کردستان)ی بە کوردی و فارسی و تورکی دەرکرد لە ڕۆژی ١٩٢٢/٨/٢دا دوای ئەوە هەمان ڕۆژنامەی بە ناوی بانگی کوردستانەوە لە بغداد لە ٢٨ی کانونی دووهەمی ١٩٢٦دا دەرکرد. (تێبینی خۆم: لە کتێبەکەی شێخ مەحمووددا بە دووردرێژی باسی ئەو ڕۆژنامەیە کراوە.)

لە ٢٥ی کانونی ـ ینایر ١٩٣٦دا کۆچی دوایی کرد.

مصطفی پاشا لە کاتی خۆیدا (صفیەخانی کچی حسێن پاشای خەندان، کە صفیەخان خوشکی سعید پاشای وەزیری عوسمانی بەناوبانگ بووە، مارەی کردووە). مصطفی پاشا زۆر ئیفتیخاری بە نەتەوایەتی کوردەوە ئەکرد و ئەیوت: کورد بەبێ زانیاری و بەبێ سیاسەت ناگات بە هیچ مەبەستێکی خۆی و وا بەناوبانگ بووە کە مصطفی یامولکی لە پێناوی بێباوکێکی کورددا بچێت بە گژ مەلیکێکدا. مصطفی پاشا زۆر ئیعتزازی بە کوردایەتییەکەی خۆیەوە دەکرد و زۆر بە ئاشکرا و چاونەترسانە دژی تەفرقەی عنصری ئەدوا و لایەنگری هەموو بزووتنەوەیەکی کورد بووە.

میر بصری باسی شیعرێکی یامولکی کردووە (بەداخەوە دەستم نەکەوت) کە بەر لە مردنی وتوویەتی: ئەمە تەرجەمەکەیەتی: "ئەی نیشتمان هیوادارم کە مردم لە باوەشی تۆدا بم و ئەوسا ئاواتەخوازی چەند دڵۆپە ئاوێکی سارد و خۆشی ئاوی (کانیی ئاسکان) ئەبم و هیوادارم کە لە گردی سەیوان بنێژرێم."

لە ڕاستیدا مصطفی یامولکی پێش مردنی ڕایسپاردبوو ئەم دێڕە لەسەر کێلی گۆڕەکەی بنووسرێت، کە تەرجەمەی شیعرێکی (نامق کمال)ە، بە داخەوە لەبیرم نەماوە، کە ئەڵێ:

ئەترسم، ئەی وەتەن بمرم بەختیاریی تۆ

بنووسن با لەسەر قەبرم وەتەن غەمگین و من غەمگین

هەروەها ڕای سپاردبوو بە کوردی تەلقینی بدرێ.

زۆرباش لەبیرم دێ لە قوتابخانەی ناوەندی بووم، بەر لە ئیمتحان لەگەڵ چەند قوتابییەکدا ئەچووینە گردی سەیوان و لەژێر دارئەرخەوانەکانیدا سەعیمان ئەکرد، زۆرباش لەبیرم دێ کە پیاوێک ڕۆژی جومعان (قرناطە)یەکی پێ بوو بۆ ماوەی نیوسەعات لەسەر گۆڕەکەی مصطفی یامولکی قرناطەی بۆ لێ ئەدا و کە لێ دەبووەوە شیعرەکەی دەخوێندەوە و ئەیوت: پاشا گیان، بە خوا کورد ئێستەش هەروەکوو ئەوسا وایە کە تۆ دیووتن.

٣٤- مزگەوتی سیدحەسەن، مزگەوتێکە لە گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی کە لە کاتی خۆیدا بە مزگەوتی سید حەسەنی موفتی ناسراو بوو، بەرامبەر کۆنە ماڵەکەی مصطفی پاشا یامولکی کە خانووی مصطفی یامولکی بەرامبەر حەمامی موفتی بوو. مەلا فەتاح یەکێک بووە لەو مەلایانەی لەو مزگەوتەدا دەرسی وتوەتەوە و مەلا عرفان مەبەست عرفان ئەفەندی باوکی جەمال عرفانە کە لە پەراوێزی ١٥ی لاپەڕە ١٩دا باسم کردووە.

٣٥- صفیەخان کچی حسین پاشای خەندان و خوشکی سعید پاشای خەندان بووە. کە محمد سعید پاشا ئەو ئەفسەرەیە کە لە کاتی خۆیدا گەورەترین خزمەتی خوارووی کوردستانی کردووە کە لەو کاتەدا مەکتەبی عەسکەری لە عێراقدا تەنها لە بغداد و لە سلێمانی هەبووە کە ئەوەی سلێمانی زۆربەی ئەفسەرەکانی پێگەیاندووە و ڕوشدییەی عەسکەرییان لەوێ تەواو کردووە، وەکوو ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و مصطفی یامولکی (لە کتێبەکەی شێخ مەحمووددا باسی دەوری ئەو قوتابخانەیەم کردووە.)

٣٦- هیچ شارەزاییەکم دەسگیر نەبوو دەربارەی (پول فریدمان) بەداخەوە.

٣٧- مەبەست مصطفی کمال (ئەتاتورک)ە کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە سالافیک لە دایک بووە، باوکی ناوی علی رضا افند بووە کە مەئمورێکی بچووک بووە لە دائرەی گومرگی سلافیک و دایکی ناوی زبیدە بووە.

٣٨- دەربارەی بوونی مصطفی یامولکی بە وەزیری مەعارف، کە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٢دا وەزارەتەکەی دامەزراند بەپێی ارادەء علیەی حضرت حکمداری عدد ٢١٩ صفر الخیر ١٣٤١ بەرامبەر بە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ هەروەکوو لە

لاپەڕەکانی (١-٢)ی ژمارە ١٠ی ڕۆژنامەی بانگ کردستان کە لە ١٥/١٠/١٩٢٢دا لە سلێمانی دەرچووە، و لە هەمان ژمارەدا ئەو بڕیارە بە تورکیش بلاو کراوەتەوە، بەپێی ئەوە مصطفی یامولکی کراوە بە (رئیس معارف) کە بەرامبەر بە وەزیری مەعارف بووە و ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە ١١٦ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیدا کە ناوی ئەو قابینەیەی بە ناوی وەزیرەکانەوە بلاو کردۆتەوە، باسی مصطفی یامولکی کردووە و کراوە بە وەزیری مەعارف.

٣٩- ئەو یاداشتەی ئێوە بۆ منتان ناردووە هەڵەی تیادایە کە وتوویەتی: دوایی کە مصطفی یامولکی گەڕایەوە سلێمانی لە ١٦/٧/١٩٢٦دا دەستی کرد بە دەرکردنی غەزەتەیەک بە ناوی (بانگی کوردستان). لە ڕاستیدا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە ٢/٨/١٩٢٢دا دەرچووە کە فۆتۆکۆپی ئەو ڕۆژنامەیەم لە لاپەڕە ٣٢٦ی بەرگی دووەمی کتێبەکەی شێخ مەحموودا بلاو کردۆتەوە کە ئەو ڕۆژنامەیە تا لە سلێمانی داخرا ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

لە دوای ئەوەی مصطفی پاشا کوردستانی بەجێهێشت و چووە بغداد ٣ ژمارەی تری بە ناوی ئەو ڕۆژنامەیەوە لە بغداد دەرکرد کە زنجیرەکانی (١٤-١) و (١٤-٢) و (١٤-٣) بوون، کە یەکەم ژمارەی لە بغداد لە ڕۆژی ٢٨/١/١٩٢٦دا بلاو بۆتەوە و دواژمارەی لە ١/٤/١٩٢٦دا کە دیسانەوە لە لاپەڕە ٥٩٧ی بەرگی دووەمی کتێبەکەی شێخدا فۆتۆکۆپی ژمارە یەکی ئەو ڕۆژنامەیەم بلاو کردۆتەوە.

- لە لاپەڕە ٣٧دا بەپێی ئەو یاداشتە وتراوە کە ئەو سیاسەتە جاهیلانانەی کە لە حکومەتەکەی شێخ مەحموودا دیویتی سلێمانی تەرک کردووە و چووەتە بغداد و ئینگلیزەکان سلێمانییان تەرک کردووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە، هەرچەند لە بەرگی دووەمی شێخ مەحموودا ڕوونم کردۆتەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕاستە حکومەتەکەی شێخ مەحموود گەلێک کەموکورتی تیادا بووە، بەلام هۆی ڕاستیی ئەوەی کە مصطفی یامولکی و هەندێکی تری وەکوو ئەو وەکوو توفیق وەهبی و عزت مەدفەعی کە چوونەتە بغداد. هەروەکوو توفیق وەهبی لە پێش مردنیدا بە ماوەیەک بە ئاشکرا کە لێم پرسی لە وەرامدا وتی: ئەوی ڕاستی بێ، ئێمە کە چووینە سلێمانی و هاوکارییمان لەگەڵ شێخ مەحموودا کرد، ئەوسا سیاسەتی ئینگلیز بە کورد وەکوو ئێمە بۆی چووبووین، لەوەدا بوو کە حکومەتێک بۆ کورد دامەزرێنێت، بەلام لە دواییدا سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد گۆڕا و زانیمان ئینگلیز نیازی نییە ئەو حکومەتە بمێنێت، ئێمەش یەکە یەکە شێخ مەحموودمان بەجێ هێشت.

بێگومان ئەو پاشگەزبوونەوەیەی ئینگلیز شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بووە کە هۆی چی بووە و ئەوی سەرنجی دۆکیومێنتەکانی ئینگلیز بدات گەلێک شتی لەو ڕووەوە بۆ ئاشکرا ئەبێت کە لە کتێبەکەی شێخدا لە هەمووی دواوم.

کورتەکەی ئەوە بووە، ئینگلیز ترسی ئەوەی هەبوو کە مصطفی کمال و تورکەکان لەگەڵ سۆڤیەتدا کە بووبوون بە دۆست و ئیجازەی حزبی شیوعی تورکی درابوو، سۆڤیەتییەکانی ئەو ڕۆژانە مصطفی کمال و بزووتنەوەکەیان بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی دژ بە ئیمپریالیزم لە قەڵەم دابوو، بۆیە لەگەڵیدا ڕێک کەوتن و پەیمانیان مۆرکرد و (حقی بهجە)ی طورانی کە بە ڕواڵەت ئیجازەی حزبی شیوعی وەرگرتبوو ڕۆژنامەکانی ئەو حیزبەی لە ڕێگەی کەرکووکەوە ئەگەیشتە سلێمانی و ناوچەکانی تر، ئەوە سەر و دڵی ئینگلیزی گرتبوو، بۆیە لەگەڵ مصطفی کمال ڕێک کەوتن کە ئەو واز لە دۆستایەتی سۆڤیەت بێنێت و ئەمانیش حکومەتەکەی شێخ هەڵوەشێننەوە کە ئەمە لەوەی لۆزاندا بەئاشکرا دەرکەوت کە پەیمانی سیڤر پێشێل کرا و لە لۆزاندا بە هیچ جۆرێک ناوی کورد نەهێنرا.



# کتێبی ئاو، کتێبی پشکۆ



## موحەممەد ئەلغوززی

**فەرهاد شاکەلی**

کردوویە بە کوردی

موحەممەد ئەلغوززی، ڕۆژی ٢٤-٢-١٩٤٩ لە شاری قەیرەوان (لە توونس) لە دایک بووە. خوێندنی دواناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کردووە و پاشان چۆتە زانستگەی توونس و ساڵی ١٩٧٣ لیسانسی ئەدەبی عەرەبیی وەرگرتووە و بە دوویدا ئەنجامی توێژینەوەکانی خۆی لە تێزێکدا لەسەر شیعری عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی نووسیوە. ئێستا مامۆستای زمانی عەرەبییە لە زانستگەی قەیرەوان. لە سەرەتادا شیعرەکانی خۆی لە گۆڤاری (الفکر)دا بلاوکردەوە. شیعری ئەو سەردەمەی زیاتر تێکەڵ بە باسە سیاسی و کۆمەلایەتییە باوەکانی دەورووبەری ساڵی ١٩٦٨ بوو، زۆریش کەوتبووە ژێر کاریگەری شیعری ئاراگۆن، بەیاتی، سەییاب، ئێلوار و شاعیرە تازەکانی دیکەی عەرەبی و فرانسییەوە. لەوەودوا ماوەی هەشت ساڵ بێدەنگ بوو. لەو ماوەیەدا خەریکی وردبوونەوە و تێگەیشتنی شارستانێتیی عەرەب و ئیسلام بوو، سەرلەنوێ شارەکەی خۆی و ئەدەبی سۆفییانەی دۆزییەوە. یەکەمین دیوانە شیعری ساڵی ١٩٨٢ بلاوکرایەوە: کتێبی ئاو، کتێبی پشکۆ (کتاب الماء، کتاب الجمر)، هەروەها هەندێ شانۆنامە و کتێبی منداڵانی بلاوکردۆتەوە.

موحەممەد ئەلغوززی لەگەڵ هاوڕێی شاعیری (ئەلونسیف ئەلوەهایبی)دا کۆمەڵێ شیعری سوێدییان کردۆتە عەرەبی. غوززی ژنی هێناوە و ژنەکەی مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و دوو منداڵیان هەیە.

### ئەستێرە

پەڕخامەکەت ئەمشەو بگرە بە دەستەوە، وێنەی ئەستێرە
ورشەدارەکەت بکێشە و
برۆ بنوو
ئەستێرەکە باڵ دەردەکات و
لە بەرەبەیانا سپێتیی کاغەزەکە جێ دەهێڵێ.

### خەون

کە ئەم منداڵە چاوی خۆی سپاردە خەون
ئەستێرەی شەو خۆی کرد بە ماڵەکەیدا، هەڵدەلەرزی
تەختەکانی چەرپاکەی بۆی بوون بە کەشتی و
گەردوونیش بوو بە سەدەفێک لەناو دەستیا.

### ڕاوکەر

کەشتییەکان گەڕانەوە و پڕ بوون لە شتی ئاڵووالا
دوا بەلەم گەڕایەوە، دە بڵێ تۆڕەکانت
لە کەنارەکان چییان کۆکردەوە؟
ئەوەتا دانیشتوویت، نە سەدەفت بە دەستەوەیە و نە ماسی
تۆڕەکەت کۆکەرەوە
گەورەم ئێستاکە تۆڕەکەت کۆکەرەوە
سبەینێ زەریا لە بەردەستتدا ڕادەخرێ و
ماسییش لە ماڵەکەی دێنە دەر.
بە پەنجە لەرزۆکەکانت قەڵەمێ بگرە و
بڕوا بێنە
گەردوون پەپوولەیەکی شینە و
وشەکان تۆڕن بۆ گرتنی.

### قەڵەم

لە هەرێمە بەفرینەکانی باکوور کورە خێوەتەکانی خۆی دامەزراند
گەورەم ترسی بۆ چییە
هەڵبژاردەکەت (کورەکەت) پێش ئەوەی کۆچ بکات
پارچەیەک با و
کەوڵەهەورێکی لە خۆیەوە پێچابوو.

### کۆچ

بێ هەراوهوریا
ئەم دڵە لە شینایی‌ی شەودا بە خۆشییەوە دێتە لات
بەڵام کە دەبینێ دەرگا زیوینەکەت داخراوە
کراسە دڕاوەکەی خڕدەکاتەوە و
وەک گەدایەک لە ئاسانەکەتدا دەکەوێ ...

### گەدا

بۆ: المنصف الوهایبی

ڕەگێکی مەچەکی خۆی بڕی و
بە خوێنی خۆی ئاوی دام ...
ئیدی چۆن بە جێم دەهێڵێ
دوای ئەوەی کە ئاگری خۆشی بەربۆتە خەڵووزی ڕۆح

### شاعیر

بۆچی دوای خۆیان بە تەنیا جێیان هێشتم
لە ئاوی ڕووبارەکەدا ماسییەکانم پرش و بڵاو بکەمەوە و
دەنگم بۆ مەلە شینەکان بکەمەوە؟

### بۆچی

گەورەم جارێک وەرە بۆ لام
گەورەم لای من دابەزە، لە ماڵەکەمدا
گۆزەی شەراب هێشتا سەریان هەڵنەدراوەتەوە
پاییزی سەرڕێگاکانمان بوو بە زستان و
چارەوێکانیش لە هەواری دوور گەڕانەوە،
ڕوو مەکەرە ئەم بایە، گوێ لە دڵ مەگرە،





ڕێگاکەت چۆڵ و هۆڵە و خۆشەویستانت ڕۆیشتوون ...
گەورەم من ماسییەکانی خۆم و
پێستی یەکەم نێچیری خۆم دانێ
بەڵام دوای خۆیان بە تەنیا جێیان هێشتم
شتەکانم لە ئاوی ڕووبارەکەدا پرش و بڵاو بکەمەوە و
دەنگم بۆ مەلە شینەکان بکەمەوە.
گەورەم جارێ سەرێ بدە لە ماڵەکەم
پێیشم بڵێ لە کامە دارستانی چۆڵەوە
مەرگی خۆم هات بۆ لام.

### پیر فێری کردم

بابە، کاتێ پیر فێری کردم
کە خوا لە تابلۆ و لە کاغەزدا ببینم
دڵ لە دەمی هۆشیاریدا ئاوا بوو و
ڕۆحیش لە زنجیرەکانی ڕزگار.

### ئاگۆر

پیر لەم کتێبە گڵکۆیانە چ هیوایەک دەخوازێ
ئەوەتا زەوی بەرماڵێتی و
ئەستێرەی ئاسمانیش لە دەستیدا تەزبێح.

### ئاهەنگ

حەوت مۆم لە بێدەنگیی مزگەوتدا تنۆک تنۆک دەڕژێن
بەرماڵەکەت ببە و دانیشە
با چاو لەم ئاهەنگە فرمێسکاوییە بکەین

### سواڵکەر

خودا وتی:
ئەوە کێیە ئەو سواڵکەرەی بەر دەرگاکەم
دەستکەوتەکانی خۆی فڕێ دایە زەریاوە و لە غوربەتی خۆیدا ماڵێکی دامەزراند؟
ئەمە کێیە لە بێدەنگیی گەردووندا دێتە ئاستانەکەم
لە پشکۆی برووسکە مەقەڵییەکانی دادەگیرسێنێ و
لە مەملەکەتەکەی مندا نیشتمانێک بۆ خۆی دروست دەکات؟
خودا وتی ...
کە تەماشام کرد، بینیم سواڵکەرەکەی بەر دەرگای خوا خۆم بووم

**خوشکەکەم**

مەڵێ خوشکەکەم چۆن پێش مەلابانگدان ڕۆیی و
بە شارانی سەرداپۆشراو هەڵخەڵەتا
ئەو لە ناخی ئێمەدا دەژی
وەک چۆن لە دڵی ناوکدا دەژی دار

**مێیینە**

نەتدیت ئێمە لە کەناری شەودا خێوەتمان هەڵدابوو وتمان
بە سەلامەتی وەرە ژووری شەوانە بە ئاوی زەریا دەموچاوی
پڕ لە ترسی کۆنت دەشۆین، ئەی لە بادا هەوارت نەگرتبوو پەنامان دا و
دەلەرزییت بانگمان کرد لە گلێنەدا ئەو ئارەقەی
گۆرانیت پێدا هەڵدەگوت بخۆرەوە و لە شینایی‌ی شەودا
پەیمان لەگەڵ ئەو زەوییەدا ببەستە کە ڕووت تێ کردبوو، ئەمەیە
ڕوومەتی تارماییئاسات پەلەوەرانی ئاو ڕەو لە دوای ڕەو دێنە ناوی و
ئەمەیە ماڵی کراوەت نەزری هەڵکشانی زەریایە، مێیینە
بە ناو بانگی کردیت و وتی:
"گەورەم خیانەتم لێ مەکە و وەرە ناو لەشمەوە
تا لە ئایینی شەودا غەریبییە کۆنەکەی بشۆی،
سەروی کۆن نوێنگەمانە و ئەمشەو شەوێکی خۆشە
لەلام بە."
گەورەم بۆچی ونت کرد؟ وتیان گوارە و سەرپۆشەکەی
فڕێ دایە ئاوی زەریاوە، وتیان بینیمان
لە بەردەم ئەو خەڵکەدا هاواری دەکرد: "ئاخۆ کێتان
گەورەکەم، کە خۆشم دەوێ، دێنێتەوە بۆم، لاوێکە دەڵێی سەروە
هەموو پەلەوەرەکانی ئێواران دەڕۆنە ناو چاوانیەوە، بانگیم کرد
لە ماڵی دایکم وتم چارەوێکانت بۆ دۆڵی خودا زین مەکە
ڕێگە بێ ڕێشاندەرە و زستان ڕێگاکانی گرتووە،
تۆ چیت دەوێ ئەمە خوایە لە لەشما؟"
گەورەم بۆچی ونت کرد وتیان بینیمان
لە بەردەم زەریادا هەردوو دەستی بڵاوکردبۆوە و هاواری دەکرد: "ئەی عاشقانی
مەملەکەتەکەم، وەرن ئێستا لەشم ئاهەنگی ئێوە دەگێڕێ"
گەورەم بۆچی ونیت کرد؟ ئەوەتا بە شانی تۆزاوی دەگەڕێیتەوە بە قورسی
دەگەڕێیتەوە هەواری هەڵۆی زەریا





لە ڕوومەتی کراوەتدایە، بە سەلامەتی دابەزە شەوانە
بە ئاوی زەریا دەموچاوی پڕ لە ترسی کۆنت دەشۆین،
ئەی لە بادا هەوارت نەگرتبوو پەنامان دا و
دەلەرزییت بانگمان کرد لە گلێنەدا ئەو ئارەقەی
گۆرانیت پێدا هەڵدەگوت بخۆرەوە و لە شینایی‌ی شەودا
پەیمان لەگەڵ ئەو زەوییەدا ببەستە کە ڕووت تێ کردبوو ئەمەیە
ڕوومەتی تارماییئاسات پەلەوەرانی ئاو ڕەو لە دوای ڕەو دێنە ناوی و
ئەمەیە ماڵی کراوەت نەزری
هەڵکشانی زەریایە

**وتی چی**

لە خۆڵەمێشی کۆنەئێوارەیەکدا
گۆزەیەک و تەڵێ وەنەوشەی بۆ درێژ کردم و
ڕۆیشت ...
چیی وت کە بەدوویدا ڕام کرد؟
چیی وت وا کراسەکەم و بیری خۆمم بەسەر داری ئەکاکیاوە
بە جێ هێشت و کەوتمە دوای بانگەکەی؟
چیی وت؟
لە سەبەتەکەمدا ماسییەکان و تۆڕە کۆنەکانم گرد کردنەوە و
ئەمجا چوومە خێوەتەکەیەوە ...
چیی دەرخوارد دابووم؟
گەورەکەم چیی دەرخوارد دابووم
کە سەرمی لەسەر لەمەکە دانا و
کەواکەی خۆی پێدا دام؟
چیی دەرخوارد دابووم
کە لەژێر ئاوابوونی ئەستێرەکاندا بە جێی هێشتم و
ڕۆیشت
لە خۆڵەمێشی کۆنەئێوارەیەکدا ...

# فرانسوا میتران

## ١٩١٦-١٩٩٦

لە ڕۆژی دووشەممە، هەشتەمی یەکەمین مانگی ساڵی تازەی ١٩٩٦دا (٨-١-١٩٩٦) سەرکۆماری پێشووی فرانسا، فرانسوا میتران، کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی پێنجشەممە ١١-١-١٩٩٦ لە کڵێسای شارۆچکەکەی خۆی، ژارناک، لە باشووری ڕۆژاوای فرانسا، بە ئامادەبوونی نزیکترین کەسەکانی بە خاک سپێردرا. لە ناو ئەمانەدا بێجگە لە بێوەژنەکەی، دانییێل، و هەردوو کوڕەکەیان، ژندۆستەکەی میتران، ئان پینژۆ، و کچەکەیان (واتە کچی فرانسوا لەم ژندۆستەی)، مازارین، لە پێش هەمووانەوە بوون. هاوکاتیش کۆبوونەوەیەکی ڕێزگرتنی لە کڵێسای نۆتردام لە پاریس بۆ ڕێک خرا. لەم کۆبوونەوەیەدا نزیکەی ١٣٠٠ کەس بەشدارییان کرد و لە ناو ئەمانەدا پەنجا کەسێک لە گەورەپیاوان و سەرکردەکانی دنیای ئەمڕۆ هەبوون؛ بو نموونە بۆریس یەلتسین، فیدەل کاسترۆ، یاسیر عەرەفات، شیمۆن پێرێز، ئال گۆر، هێلمۆت کۆل، شازادە چارلسی بریتانیا و پاشای سوێد. میتران ماوەیەکی زۆر بوو تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووبوو، بەڵام دیسانیش هەر کۆڵی نەدا و تا بەسەربردنی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی خۆی ڕاگرت.

بە مردنی فرانسوا میتران لاپەڕەیەکی گرنگی مێژووی فرانسا و سیاسەتی نێونەتەوەییش دادرایەوە. چ لە کاتی ژیانی خۆیدا و چ لە دوای مردنەکەشی، میتران بووبووە ئامانجی کۆمەڵێ بیروباوەڕی جیاواز و دژ بە یەک و ناتەبا. گەلێ کەس وەک چاکێک، وەک یەکێ لە ئەولیای پیرۆز تەماشایان دەکرد، بەڵام زۆریش هەبوون کە بە نموونەی سیاسەتمەدارێکی دووڕوو، درۆزن و فێڵبازیان دادەنا. لە ناو کورددا سەرۆک میتران زیاتر بە هۆی ژنەکەیەوە، خانم دانییێل میتران، ناسرابوو، چونکە ئەمیان زۆرتر نزیکی کورد و مەسەلەکەیان بوو. دیارە ڕۆڵی خاتوو میترانیش، وەک هی مێردەکەی، گەلێ جار خراوەتە بەر پرسیار. ئەگەرچی زۆر کورد ئەویان بە دۆستێکی بێغەلوغەشی گەلەکەیان داناوە، بەڵام خەڵکی دیکەش هەن کە دۆستایەتییەکەی ئەویش بە جۆرە فێڵ و فڕ و ڕۆڵ دابەشکردنێک دەزانن.

فرانسوا میتران لە ماوەی چواردە ساڵدا (١٩٨١-١٩٩٥) سەرکۆماری فرانسا بوو، بەوەش بوو بەو سەرۆکەی کە درێژترین کاتی لە سەرۆکایەتیی فرانسادا بردۆتە سەر.

شەوی پێش ناشتنەکە، خەڵکێکی زۆر لە مەیدانی باستیل، ئەو جێگەیەی میتران ساڵی ١٩٨١ جەژنی سەرکەوتنی تێدا گێڕا، کۆبوونەوە و مۆمیان داگیرساندبوو و لە ژێر وێنەیەکی یەکجار گەورەی میتراندا ڕۆژیان کردەوە. لەم شەوەدا دواوتاری تۆمارکراوی میتران، هی ئەو کاتەی کە هێشتا سەرکۆمار بوو، لێ درا. "من باوەڕم بە هێزی گیانە،" میتران لەو دوا وتارەیدا دەڵێ، "هەرگیز بە جێتان ناهێڵم."

لە سەرتاسەری فرانسادا کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێزگرتنی یادی میتران ڕێک خرا. ئەو لە زۆر ڕووەوە شەخسییەتێکی تاکانە و هەڵاوێردە بوو. فرانسییەکان وەک هاوشانێکی جەنەراڵ دیگۆل یادی دەکەنەوە.ئەو





ئەوروپاخوازێکی دڵگەرم بوو و ئەو بوو کە سزای مەرگ (ئیعدام کردن)ی هەڵوەشاندەوە و ئەوەشی جەخت کرد کە کۆماری پێنجەم، لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵاتدا لە ڕاستەوە بو چەپ، هەر دەمێنێ. هەر ئەویش بوو کە شکۆی بۆ فرانسا گەڕاندەوە و لە ناو وڵاتاندا ناو و ناوبانگێکی باشی بۆ پەیدا کرد، فەرهەنگی وڵاتەکەی پێشخست و پاریسی پایتەختی بە بایی شەش بلیۆن دۆلار پرۆژەی ئارکیتێکتور ڕازاندەوە. سەرکۆماری ئێستای فرانسا، ژاک شیراک ـ ی تازە ـ دیگۆلی، وتارێکی زۆر ڕەوان و دڵسۆزانەی لە تەلەفیزیۆنەوە بۆ ڕێزلێنانی میتران خوێندەوە.



ئەو میراتەی میتران بە جێی هێشتووە تا ساڵانێکی دوورودرێژیش دەبێتە مایەی هەم بەڕێزەوە تەماشا کردن و هەمیش سەرەگێژە بۆ زۆربەی مێژوونووسان. ئەوێک کە لاوێکی هەرێمەکان بوو، مەیلی بە لای سیاسەتی ئەوپەڕی دەستەڕاستدا بوو، وەک سۆسیالیستێک گەیشتە دەسەڵات، بەڵام لە دواییشدا نەتەوەکەی لەگەڵ سەرمایەداریدا ئاشت کردەوە. ئەو بوو تێکەڵاوبوونی ئەوروپای دەویست، بەڵام ڕووخانی لەناکاوی بلۆکی سۆڤییێت حەپەساندی. ئەوێک کە دۆست و هاوکارێکی گەورەی چینی کرێکار بوو، سەرۆکی وڵاتێک بوو کە ژمارەی بێکارانی تێدا بوو بە دوو قات، درزی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان فراوانتر بوو، و ڕادەی کەتنی بەرتیلخۆری، تەنانەت لەلایەن هەندێ لە دۆستە هەرە نزیکەکانی خۆیەوە، بە جارێ چووە سەرێ. ئەوێک کە پاڵەوانی چەپەکانی فرانسا بوو، کۆمونیستەکانی خستە لاوە و پارتی سۆسیالیستی تووشی ئاژاوە و سەرلێشێوان کرد.

ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن پێیان وایە ناکۆکییەکانی ئەم پیاوە بەڵگەی ئەوەن کە گاڵتەجارێکی هەلپەرست بووە. دانییێل ڕۆنیۆ لە نووسینێکی ڕەخنەگرانەدا ساڵی ١٩٩٤ نووسیویەتی: "ئەم کابرایە باوەڕی بە هیچ شتێک نەبووە. ئەوانەی خۆشیان دەوێ دەڵێن ئەم جۆرە داوەرییانە شەخسییەتی ئاڵۆزکاوی میتران لە بەرچاو ناگرن. لۆرێنت فابیوس کە جارێک سەرەوەزیری میتران بووە دەڵێ: "ئەو پێی وا بوو هەموو کەسێک و هەموو شتێک دوو لایەنی هەیە. تۆ ناتوانی لە فرانسوا میتران تێبگەی هەتا لەو دوولایەنی و دووبارەی کە بنەڕەتی فەلسەفەی ئەو پێک دێنن تێنەگەی."

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا میتران لە هەندێ شتدا پێداگر بوو: ئەو خوازیاری عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوو، دڵسۆزی ڕاستەقینەی دۆستەکانی بوو و باوەڕێکی نەلەقیوی بە چارەنووسی خۆی هەبوو. میتران بیرێکی لە ڕادەبەدەر تیژی هەبوو، بە عەشقەوە حەزی لە سرشت و ئەدەبییات و هونەر بوو و دەیتوانی بە قسەی ڕەوان و دۆستانە و نیگای تیژی پیاو و ژن لە ڕێ دەربکات و فریویان بدات. ئان لۆڤێرژیۆن، یەکێ لە نزیکترین ڕاوێژکارانی وی لە کۆشکی ئەلیزێ، دەڵێ: "ئەو وێنەیەکی وای دەدایە خەڵک وەک بڵێی پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵیاندا هەیە. حەزی دەهێنایە جۆش و خرۆش."

بەڵام هاوسەنگی ئەو گەرمییەش لووتبەرزییەکی تێدا بوو کە تەنانەت دۆستەکانیشی بە زیادەڕۆییان دادەنا. ژان دانییێل، دۆستێکی جارانی و نووسەرێکی حەفتەنامەی چەپڕۆ (نوڤێل ئۆبزێرڤاتۆر) دەڵێ: "میتران شانازی بەخۆوەکردووترین کەسێکە من لە هەموو ژیانمدا دیبێتم." فۆبیوس دەڵێ: "بە دەگمەن پارەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت. ئەو باوەڕی وا بوو کە پارە شایانی

ئەوە نییە خۆی پێوە خەریک بکات." بەڵام هیچ لەوەشدا دوودڵیی نەدەکرد پارەی دۆستەکانی بدات کە دەیانی بردە ئەو چێشتخانانەی خۆی حەزی لێ دەکردن.

ساردی، یا لەسەرخۆیی، یەکێک لە ڕەوشتە دیارەکانی میتران بوو. ساڵی ١٩٩٤ پیێر پیان کتێبی "لاوێتییەکی فرانسی"ی بڵاوکردەوە، کە لەکەدارکردنێکی ناوبانگی میتران بوو وەک پاڵەوانی بەرگری لە سەردەمی جەنگی گێتیگری یەکەمدا، بەوەی کە بە لاوێتی دۆستایەتیی سیاسەتی ئەوپەڕی دەستەڕاستی کردووە و خزمەتی حوکوومەتی نیشتمانفرۆشی ڤیشی - ی کردووە. بەڵام کاردانەوەی میتران بێدەربەستی بوو. پیان، کە میتران هاوکارییەکی زۆری لەگەڵدا کرد، دەڵێ: "بیری ئەو ئەوە بوو کە هیچ شتێک نەشارێتەوە و هەموو شتێکی ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی خۆی بۆ چوونە ناو مێژووەوە ئامادە بکات. بەڵام قرە و دەمەقاڵێ دواتری بە هێند وەرنەگرتبوو." کتێبەکە بوو بە هۆی لێشاوی ڕەخنە، بە تایبەت لەلایەن هاوبیرانی سۆسیالیستی میترانەوە. بەڵام خۆیئاسا، میتران نە پەشیمانیی دەربڕی و نە هیچێ، بە شان هەڵتەکاندنێکەوە وتی: "من بەرهەمی ژینگە و دەوروبەرەکەی خۆم بووم؛ پێتی بورژوازیی نەریتخوازانەی کاتۆلیک."

باوکی فرانسوا کارمەندێکی ئاسنەڕێ بوو کە پاشان دەستی کرد بە بازرگانیی سرکە. خێزانەکەیان گەورە و تا ڕادەیەک دەسترۆیشتوو بوو. فرانسوا ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٦ (٢٦-١٠-١٩١٦) لە دایک بووە. لە کتێبێکدا کە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکرایەوە و لە کۆمەڵە گفتوگۆیەک لەگەڵ (ئێلی ڤایسەل)دا کردوونی پێک هاتووە، دەهێنێتەوە بە بیری خۆیدا: "منداڵیم خۆش و شاد بوو، و ژیانی ڕووناک کردمەوە. بێ ئەوەی جیهان بناسم، دەستم بە سەردا گرتبوو ... خۆمم وەک پیاوێکی خاوەندەستەڵات دەبینی." ئەوەندەی هیوا لە دڵدا بوو دەتگوت پاڵەوانی یەکێ لە ڕۆمانەکانی بەلزاکە. ئەم لاوە لە پێشدا چووە خوێندنگەیەکی شەوورۆژانەی کاتۆلیک لە ئانگۆلێم و پاشان، ساڵی ١٩٣٤، لە پاریس دەستی بە خوێندنی قانوون کرد.

کە جەنگی گێتیگری دووەم هەڵگیرسا، میتران برا بۆ سەربازی و ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن ئاڵمانەکانەوە بریندار کرا و بە دیل گیرا. لە دیسەمبەری ١٩٤١دا هەڵهات و خۆی گەیاندە ڤیشی و کارێکی بچکۆلەی وەرگرت، کە دەبوو کاروباری نیشتەجێ کردنەوەی دیلەکانی شەڕ ببا بە ڕێوە. سەرکردەی ڤیشی فیلیپ پێتاین لەبەر خزمەتەکانی مەدالیایەکی کردە خەڵاتی. ئەمە یەکێکە لە باسە هەرە بێزارکەرەکانی کە کتێبەکەی پیان ئاشکرای دەکات. میتران لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا وازی لە کارەکەی هێنا و لەگەڵ تۆڕێکی کۆنە بەندییەکاندا گرۆیەکی بەرهەڵستیی دامەزراند.

دوای ڕزگاری ماوەیەکی کورت لە حوکوومەتی کاتیدا کاری کرد و ساڵی ١٩٤٦ بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردرا. ئەم لاوە فەرداره لە هەلومەرجی کۆماری چوارەمدا زۆر گەشەی کرد، و لە ساڵی ١٩٤٧ەوە تا ساڵی ١٩٥٧ لە یانزدە کابینەی وەزیراندا کاری کرد. ئەودەم بە هاوڕێکانی خۆی وتبوو: "هەموو گەوجێک دەتوانی لە پەنجا ساڵیدا ببێتە سەروەزیر، من دەمەوێ لە چل ساڵیدا ببم." بەڵام کۆماری چوارەم لەژێر باری قەیرانی ئەلجەزائیردا هەرەسی هێنا و دیگۆل لە ماڵنیشتوویی هاتە دەر و حوکوومەتی باری چاوەڕواننەکراوی دامەزراند.

ئەمە بەڵایەک بوو بۆ میتران، کە لەگەڵ دەستەڵاتی دیگۆل بەسەر بەرهەڵستکاریدا لە کاتی جەنگدا هەڵینەکردبوو، و لەوەو دواش ڕقێک لە دڵیدا مایەوە بەرانبەر جەنەراڵ. دانیێل دەڵێ: "میتران کەسایەتییەکی بەهێز بوو، سەرکردەیەکی سروشتی بوو. بەڵام وای هەست دەکرد کە دیگۆل چارەنووسی ئەمی دزیوە. لە جێی ئەوەی بۆ خۆشەویستیی دیگۆل بگەڕێ، دژی وی ڕاپەڕی." ئەمە بۆ میتران بوو بە سەرەتای بیستوسێ ساڵ چالاکیی دژەدیگۆلانە. ساڵی ١٩٦٥ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەرانبەر دیگۆل ڕاوەستا بەڵام دۆڕاندی و ساڵێ لەوەو پێشیش نامیلکەیەکی ئاگرهەڵگیرسێنی



بڵاوکردەوە و تێیدا کۆماری پێنجەمی دیگۆلی وەک "کودەتایەکی هەمیشەیی" ناو بردبوو.

لە نێوان دیگۆلیستەکان و کۆمونیستەکاندا، کە ئەودەم گەورەترین هێزی تاکە پارتی بوون لە فرانسادا، میتران هەوڵی دا "هێزی سێیەم"ێک دروست بکات. ئەمەی لە پینەوپەڕۆی چەپڕۆیانی ناکۆمونیست پێکەوە نا، و ساڵی ١٩٧١ هەموویانی لەژێر ئاڵای پارتی سۆسیالیستی فرانسادا کۆکردەوە. ڕەخنەگران دەڵێن میتران هەرگیز سۆسیالیستێکی ڕاستەقینە نەبووە، بەڵکە وەک باڵندەی کوکوو (وقواق = فاختە) لە یەکەم هێلانەی بەردەستدا جێی خۆی خۆش کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەو پراگماتیستێکی سیاسیی وا بوو کە باوەڕی خۆی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە هیچ ئیدیۆلۆگییەکدا نەدەکردە قسن و جێنەزرگە. جۆرج بیۆشامپ، کە سەردەمێکی دووروودرێژ هاوڕێ و هاوکاری سیاسیی میتران بووە، دەڵێ: "سۆسیالیزم لای ئەو مەعنای ئەوە بوو کە دەوڵەمەندان تۆزێ کەمتر دەوڵەمەند بن بۆ ئەوەی هەژاران بتوانن تۆزێ کەمتر هەژار بن. بەڵام هەرگیز ستراتێژییەکی مارکسیستانەی نەخستە کار."

بە پێچەوانەوە، ستراتێژیی میتران ئەوە بوو مارکسیستە ڕاستەقینەکان ورد و خاش بکات. لەبەر ئەوەی بە هەموو حسێب و کتێبێک دیار بوو بە بێ یاریدەی کۆمونیستەکان دەستەڵاتی دەست نەدەکەوت، داوی بۆ نانەوە و کردنی بە هاوپەیمانی هەڵبژاردن، بە دوو نیاز: یەکەم بۆ قووتدانی دەنگدەرانیان و دووەم بۆ نابەکارکردنی سەرۆکایەتیی پارتەکە لە ڕووی سیاسییەوە، و لە هەردوو کارەکەشدا سەرکەوت. ساڵی ١٩٧٤ بە پشتیوانیی، بە ناو، یەکێتیی چەپ لە هەڵبژاردندا بەرانبەر ڤالێری جیسکار دیستانگ ڕاوەستا و بە جیاوازییەکی یەکجار کەم دۆڕاندی. حەوت ساڵ دواتر سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بەڵێنی ئەوەی دا کە وڵاتەکە بباتەوە دۆخی خۆشگوزەرانی و کارکردن. دەیگوت: "ڕۆژی ١٠ی مایسی ١٩٨١، تەنیا یەک هەڵبژاردنبەرەوە هەیە، ئەویش هیوایە."

ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی میتران بەڕاستی شۆڕشێک بوو. ئەمە یەکەم جار بوو لە ساڵی ١٩٣٦ەوە چەپ دەستەڵاتی دەگرتە دەست. سۆسیالیستەکان بەشێکی زۆری بانکەکان و پێنج گرۆی سەرەکیی پیشەسازییان خۆماڵی کرد، کەمتری مووچەکانیان زیاد کرد، حەفتەی کاریان کورت کردەوە و کردیان بە ٣٩ سەعات، پێنج حەفتە پشوودانی بە مووچەیان بۆ هەموو کرێکاران کردە قانوون، باجی سامانیان دانا و تەمەنی ماڵنیشتنیان هێنایە خوارێ بۆ ٦٠ ساڵ. ئەگەرچی ئەم هەنگاوانە نەقیزەیەکیان ژەندە هێزی خەرجکردنەوە، بەڵام بوون بە هۆی ئاوسانێکی لەدەست دەرچوو، لاوازیی ڕوو لە زیادبوونی بازرگانی و دابەزینی نرخی فرانک.

هەمووی نەیبردە دوو ساڵ دوای شۆڕش، لە مانگی ئازار (مارت)ی ١٩٨٣دا حوکوومەت گەیشتە بەردەم دووڕێیانێکی بێئەمان: یان ئەوەتا فرانک لە سیستەمی پارەی ئەورووپی بێنێتە دەرەوە و سنووری پاراستن دروست بکات، یانیش واز لە سۆسیالیزم بێنێ، ئامێز بۆ بنەماکانی بازاڕی ئازاد بکاتەوە و چواردەوری فرانک بە پێوەری توندی دەست پێوەگرتن بگرێت. بە هەڵبژاردنی ڕێگەی دووەم، میتران وڵاتەکەی کردە هاوهەنگاوی دەراوسێکان و ڕێی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئاڵمانیادا خۆش کرد بۆ پێشخستنی تێکەڵاوبوونی ئەورووپا. بەڵام پشتیشی کردە ئابووریی چەپ و وڵاتەکەی خستە سەر ڕێگەی سەرمایەداری ... بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێ پێ لەوە بنێ کە سیاسەتی خۆی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە.

ڕیفۆرمی میتران لە بواری کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانیشدا لە هەنگاوە ئابوورییەکانی کەمتر نەبوون. حوکوومەت سزای مەرگی لابرد، پاوانکردنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشاندەوە، ئەوپەڕی ناناوەندێتیی کارگێڕیی خستە کار و دەستووری سەردەمی ناپۆلیۆنی گۆڕی. بەڵام کاتێ ویستی "سیستەمێکی یەکگرتووی سێکولاری خوێندن"

دابمەزرێنێ ( کە لە ڕاستیدا بەمە دەیویست خوێندنگە تایبەتییەکان کە زۆربەیان کاتۆلیک بوون، بخاتە ژێر دەستی حوکوومەتەوە)، بە ملیۆنان خەڵکی نارازی ڕژانە سەر شەقامەکان و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٨٤ سەرۆکوەزیران پییێر مۆرۆی دەست لە کار بکێشێتەوە.

لە سیاسەتی دەرەوەشدا میتران تۆمارێکی تێکەڵاوی هەبوو. ئەگەرچی بە غەریزە ناحەزی سەردەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا بوو، بەڵام پێشانی دا کە لە کاتی تەنگانەدا دۆستێکی وەفادارە. لە شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، ئەگەرچی لە ناخەوە بڕێک دوودڵ بوو، هێزی فرانسیی نارد بۆ بەشداری لەو هاوپەیمانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی بوو. لە مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو لایەنگری ئیسرائیل و دەوڵەتێکی فەلەستینی بوو، هەر لە زووەوە ئەوەی بە باش زانیوە کە هەردوو لا بە ڕەسمی یەکدی بناسن و هەر ئەمەش بووبووە بنەڕەتی پرۆسێسی ئاشتی. ئەو بە دڵگەرمی دەیویست یارمەتیی وڵاتانی گەشەنەکردوو بدات.

میتران بە هەموو هێزی خۆیەوە لە پشت مەسەلەی تێکەڵاوبوونی ئەورووپاوە وەستا و هاوپەیمانیی فرانسا-ئەڵمانیا بوو بە مۆتۆڕی ئەو تێکەڵاوبوونە، و هەر ئەویش ئەندازیاری سەرەکیی ڕێکەوتننامەی ماستریخت بوو.

بە سەرکەوتنی شیراک بەرانبەر لیۆنێل ژۆسپین - ی سۆسیالیست لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٥دا، میتران لە مانگی مایسی ساڵی پاردا دەستەڵاتی تەسلیم کرد و بەوەش درێژترین ماوەی سەرۆکایەتی لە مێژووی فرانسادا بڕایەوە. میتران دوا سەرکردەی نەوەی شەڕی ڕۆژاوا بوو کە دەستەڵاتی بە جێ هێشت.

لەو کاتەدا میتران زۆر بە سەختی تووشی شێرپەنجەی پرۆستات بووبوو. بە قسەی ڕۆژنامەی لێمۆند هەر لە ساڵی ١٩٨١ەوە بەمە زانرابوو، بەڵام یەکەم جار دوای برینکارییەکەی ساڵی ١٩٩٢ ئاشکرا کرا. لە دواساڵانی سەرۆکایەتییەکەیدا نەخۆشی پرزەی لێ بڕیبوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو بەشێکی زۆری ئەرکەکانی واز لێ بێنێ. بەڵام دیسانیش بە ئازایەتییەکی بێوێنە و بە هۆی دەستەڵاتخوازییەوە هەتا کۆتاییی ماوەکە و تا دواتریش بەردەوام بوو.

لە دوامانگەکانی ژیانیدا، کە ئیدی لە بێڕەحمیی دەستەڵات ڕزگار بووبوو، میتران گەلێ جار دەبینرا وێڕای هاوڕێکانی بە ناو شەقامەکانی پاریسدا پیاسەی دەکرد، دەچووە چێشتخانە دڵگرەکانی، لای مێزی کتێب و چاپەمەنییەکانی کەناری ڕووباری سێن لای دەدا، یا لە دارستانەکانی نزیک لاچێ پیاسەی دەکرد. هەروەها کاتی ئەوەشی هەبوو کار لەسەر دوو کتێبی بیرەوەری بکات، کە ئێستا بە ناتەواوی ماونەتەوە.

میتران ئارەزووی سەفەر و گەشتیشی هەر لە دڵدا مابوو. لە مانگی حوزەیراندا سەرێکی لە ڤینیسی خۆشەویستی دا. لە مانگی ئۆکتۆبەردا پێی نا بە جەرگی خۆیدا و سەفەرێکی کانی و سەرچاوەکانی کۆلۆرادۆی کرد و لەوێ لەگەڵ هەندێ لە کۆنە سەرکردەکاندا وەک جۆرج بوش، گۆرباچۆف، بایان مەلرۆنی و مارگارێت تاتشەر، بە یادی جاران، چاویان بە یەک کەوتەوە. دەڵێن میتران لە بارەی تاتشەرەوە گوتوویەتی: "لێوەکانی لە هی مارلین مۆنرۆ دەچن و چاویشی لە هی کالیگولا." لە مانگی دیسەمبەردا وێڕای دانیێلی خێزانی، مازارینی کچی و هەندێ لە دۆستە هەرە نزیکەکانی، جەژنی کریسماسی لە ئەسوان، لە میسر بردە سەر. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی دواهەشت مانگی ژیانیدا خۆی بۆ دواگەشت ئامادە دەکرد.

شینفێ ئامادەی کردووە

بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

* حەفتەنامەی تایم - ی ئەمێریکی، ژمارەی ٢٢-١-١٩٩٦.
* چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی داگینس نویهێتەری سوێدی، حەفتەی دووەم و سێیەمی مانگی یەکەمی ١٩٩٦.



# ئەفسانەی دووکەڵ

**جەبار جەمال غەریب**

دەگەڵ چوونەوە و نەچوونەوەی ئەستێران، لەو دەمەی ڕۆژ و شەو بە شمشێران لێک هەڵدەبڕێن، مووەکیان بە نێواندا دێ، ئەستێرەیەکی نە گەورە نە بچووک، نە درەشاوە نە کزۆڵە، لە سەرووی ئاسۆوە بە دیار دەکەوێ، نە ئەوەیە بە بڵندیی ئاسمانەوە ڕاگیرکرابێ، نە ئەوەشە بەرەوە بێ، سایەقە بێ، هەور بێ، دنیا تەمتومان بێ ئەگەر بۆ دەقەکیش بێ، ئەگەر بۆ هەناسەکیش بێ، بۆ چاوترووکانێکیش بێ بەدەر دەکەوێ، ئەگەر بێ و بڕوکەکی لێ بڕوانی، دیقەتەکی بدەی، دەبینی وردە وردە دادەکشێ، هەر هێندەی بە قەد نووکە دەرزییەک لە ڕووکاری ئاسۆ خشا دەتوێتەوە.

دەڵێن: پێش ئەوەی شەیتان بە شەیتان بناسرێ، مەرجانی خۆشەویستی دەدەنێ، تا لە دڵی تەواونەبووی ئادەمی گرێ، خۆپەرستی، بەردی گومان، سۆزی درۆ، جنسی شێواو و سەرەڕۆ، دەنێو دڵی ئادەم دەنێ. هەر بۆیەش، ڕەنگی خوێنی سوور و ئاڵی، دوای ڕژانی ڕەش ڕەش دەبێ.

لە نیوەی ڕێ دڵەڕاوکێ دایدەگرێ، سێ جار لەسەر یەک دەپژمێ، مەرجانی ئاڵ، خۆشەویستیی دنیای خەیاڵ، دەگەڵ پژمینی دەپەڕێ، لەو ڕۆژەوە دەنێو تەم و هاڵاوی دنیا دەگەڕێ. لەو دەمەی شەو و ڕۆژ بە نووکی خەنجەر لێک دادەبڕێن، سەرێک بەسەر دنیادا شۆڕ دەکاتەوە، تەماشایەکی ڕووی پڕ ترس و بەخیلی مەردم دەکات و فرمێسکێکی وەک کریستاڵی سەد ڕەنگی لێ بەر دەبێتەوە، ئەگەر یەک پڕووشکی بگاتە زەوی، تێکەڵ ئاوی دەریا ببێ، بەسەر شاخدا شۆڕ بێتەوە، بەسەر بێستاندا بباری، بەنێو شاراندا هەڵڕژێ، لە هەر کوێیەک، لە هەر جێیەک بۆنی بپڕژێ، تەمی ئاڵی مرۆویستی، ڕەنگی ئاڵی خوێندۆستی، بەسەر دنیادا دەکشێ. ئەو دنیایەی کە خەنجەری هەڵکێشاوە، ئەو دنیایەی لە نان، لە منداڵی ناوسک، کە گەنجێتی یووسف و وەلی، لە یەزدان و لە پێغەمبەر خەنجەری توند داکوتاوە.

دەڵێن: مەرجان! مەرجانی چوو هەر لە جەستەی شەیتاندایە، لە کونە کەپووی نەناوە، بۆ خۆشی نازانێ چۆنی کەوتۆتە چاو، مەرجان کاری خۆی کردبوو، ڕەنگی چاوی لێڵ کردبوو، ئەوەتانێ هەتا ئێستا چاوی شەیتان خێلە. مەرجانی چی؟

مەرجان لە چاوی شەیتانە، بۆ نابینن ئەو ئەستێرە مەرجان نییە؟ ئەو ئەستێرە وەکوو مرۆ دەتلێتەوە، وەکوو دڵی دەکڕووزێتەوە، ئەوەی دەیلێن هەر ئەوەیە:

نازانن چەند ساڵی پێش ئێستا، لە ئەنفالی چ شەڕێکدا، تاڵان، کوشتن، ئەتککردن، کچۆڵێکی شەش ساڵانە، لە کەسوکاری دادەبڕێ، دەڕوا... ڕێی لووتکەیەکی دوور دەبڕێ... دەست و چاوی ڕەشی ئەنفال

دوور دەبینێ، دوای دەکەون... کە دەیگەنێ گیانی تێدا نەماوە، کەڵکی وانی لێ بڕاوە. هەردوو لاق و دەستی دەگرن، لەسەر کام لووتکە زۆر بەرزە هەڵیدەدەن. بەڵام کچۆڵەی شەش ساڵە هەتا دێت و بڵندتر دەبێ، بڵندتر دەبێ، لە چاوی هەمووان ون دەبێ. لە نێوانی ئاسۆ و ئاسمان ئەستێرەیەک دەپشکوێ، یەک دەڵێ: لێوە گریاوە.

یەک دەڵێ: چاوە نووساوە.

یەک دەڵێ: دڵی کچۆڵێکی دەمدەمە بە شیری خوا لەت کراوە.

*　*　*

هەر لەو دەمەی ڕۆژ و شەو مووەکیان بە نێواندا دێ، ئەستێرەکی نە گەورە نە بچووک، نە ڕۆشن نە کزۆڵە، نە ئەوەیە بە بڵندایی ئاسمانەوە گیر بێ و نە ئەوەشە بەرەوە بێ...

دەڵێن: ئەو دەمی شێخ سەعید دەکەوێتە دەست چەند تورکەکی بێباب و چەکمەڕەق و ڕموزن، کە تەماشای چاوی دەکەن سامێکیان ڕێ دەنیشێ، هەر چەند برۆی داکشاوی چاوە چووکەڵەکانی داپۆشیبوون، بەڵام بروسکەکی لە درەوشە تیژتریان تێ هەڵدەچەقێ، پێکەنین و تەوسیان لە ڕوودا دەمەیێ و بە سام و ڕێزێکی زۆرەوە وە پێشە خۆیانی دەدەن، زۆریان قسە بە زمانی هەڵبەستووە، بەڵام شێخ تاقە قسەیەکی نەکردوە، زمانی مویارەکی بە مەلاشوویەوە نووساوە. هەتا لە حزوور خواش لێوی نەجووڵاوە و نەپاڕاوەتەوە، وەکی سەلام دەداتەوە، دڵۆپە فرمێسکێکی هێندەی چاوی لێ بەر دەبێتەوە،

یەک دەڵێ: چاویەتی لە حەیفان ڕژاوە.

یەک دەڵێ: دڵی بوو هەڵتۆقی.

ئەگەر چاوی نەڕژابا، بۆ هەموو جەللاد و میرغەزەب دەیانتوانی پەتی لە ملی کەن؟ دەبوو هەتا ئێستا بە ڕیشی پەمۆئاسای لە بەر قەنارە ڕاوەستێ.

دەڵێن: نەوەک چاوی، ئەگەر مێشکیشی ڕژابایە، جەللادێکی کورد نەبا، کەسێک لەوان ئەو پەتەی پێ لە ملی نەدەکرا.

دەڵێن: ئەو چاوە ڕژاوەیە ئێستا لە بڵندیی ئاسۆ و لە نەویانی ئاسمانان ڕاوەستاوە.

هەر ئەو دەمانەی ڕۆژ و شەو مووەکیان بە نێواندا دێ، ئەستێرەکی نە گەورە نە بچووک، نە ڕۆشن نە کزۆڵە...

دەڵێن: ئۆباڵ وەستۆی وان... سەروەختەکی ئەو ئەستێرە هاتۆتە خوار و هەناسەی ئەو دنیایەی هەڵمژیوە...

یەک دەڵێ: بۆتەوە منداڵێکی دوو ساڵانی چڵمن و لە پەنا چارداخە تووتنان لاقی باریکی هەتا بەلەکان لە جۆیە دەنێ و لە برسان هەتا شل دەبێ قوڕێ دەخوا و دوایەش سەر بە کەرسەکەکی دەکات و دەنێو دێراوەکیدا خەوی لێ دەکەوێ.

یەکی دی دەڵێ: ناوەڵا دەبێتەوە پیرە شێخەکەی جاران و بەڵام بێ عەبا و پێچ. بە خۆ و گۆچانەکی ڕزیو، کورتەکەکی بێڕەنگ و شەرواڵەکی دڕاو و دۆخین کورت. لەو بازێڕانە دێ و دەچێ...

یەک دەڵێ: لە دیاربەکرێیان دیوە، کەس نازانێ چۆنی خۆ گەیاندۆتە سەر مەرقەدی نالی و بەوەی چاکە تینی نەبووە دەنا ویستوویەتی کێلی لای سەری هەڵکێشێتەوە، بە قسان یان لە ئاوەڕۆی دیاربەکرێی فڕێ دا یان هەڵیداتەوە ئاسمانێ. ئەوەش ئەو ڕۆژە بووە کە تەلەفیزیۆن بیست و شەش جار فیلمی پڕ ئازایەتیی چەکدارانی هەرێمی پێشان داوە لەسەر دەبابەی تورکی.

یەکی دی دەڵێ: لە بازێڕی مهابادێیان دیوە، خەنجەرەکی دەبانی نووک پیچاوەی پێ بووە، چۆتە سەر گۆڕی قازی، بە هەموو هێزی خەنجەری لێ داهێناوە، بەڵام پێش ئەوەی بیهەنگێوێ خوێن وەک فوارەی لە ڕاستی سنگی هەستاوە، ئەویش دەستی پێوە ناوە، هەتا شل بووە لەسەر گۆڕەکە گریاوە. جا دەستی بە خوێنی بە





سەری عەولای موعینیدا هێناوە. سلێمانی کاکی لەلاوە تەماشای ئەو برا منداڵەی کردووە، دەڵێن هەتا ئێستاش ڕووەوڕوو قسەی دەگەڵ نەکردووە. کەسیش نازانێ بۆ هێندە خۆی بە شەرمەزاری ئەو برا چووکەڵەی دەزانێ.

هەندێکی دیکە دەڵێن: لە بازێڕی سلێمانییەیان دیوە، سێ ڕۆژان لەپەوڕوو لەپەنا مەرقەدی شێخی کەوتووە. شەوی سێهەمینێ، شێخی دەرهێناوەتەوە، بە کۆڵێ خۆیدا داوە و بە هەموو کۆڵانی شاریدا گێڕاوە. کەس تەرمەکەی نەناسیوەتەوە و گەوادێک نەیگوتووە بۆ کوێی دەبەی. ئەویش هەتا شل بووە جنێوی داوە و چۆتە سەر گردی مامەیارە و میزێکی هێندەی کۆلکەزێڕینەی درێژ بەسەر شاردا هەڵداوە.

دەڵێن: کەس نازانێ کام شێخی دەرهێناوەتەوە، هەرچەندە هێندێک سۆسەی ئەوەیان کردووە کە مەلای مزگەوتی گەورە ئاگادارە، چونکە هەر ئەو ڕۆژە پێش بەردەست و خزمەتچی مەرقەدێ لەوێ بووە. گوایە سەری گۆڕەکەی داپۆشیوەتەوە، بە دەستی خۆڵاوییەوە هاتۆتە دەرێ و چۆتە ژووری حەوزێ، دەستی لەوێ شتۆتەوە، بەڵام ئەو فەقێیەی کە دیویەتی لە مەلا دەترسێ و نایەوێ مەلا بوروژێنێ، نەکا باسی ئەوە بکات کە کاکی فەقێ لە ژووری حەوزێ بەو نیوەشەوە چیی کردوە.

ئەوانی دیکە سوێند دەخۆن و دەڵێن:

کە لە هەولێرێیان دیوە و حەوت شەو و ڕۆژانی لە نێوان قەڵا و منارەی هاتوچۆ کردووە نەیزانیوە کامیان لە کۆڵێ نێ و جا شەوێ چووە هەرچی پارەی سەر مەرقەدی ئیمام موظەفەری هەبووە، بردوویەتی و لە یانەی (ئەعلام) دوو بوتڵی شیری شێر پێ کڕیوە و لە پەنای دیواری مەرقەدی عوزێر پێغەمبەری بینی بە هەردووکیانەوە ناوە و شووشەکانیشی بە پەرلماندا داوە و تا ئێستا کەس سەرنجی ئەوەی نەداوە کە وشەی (نیشتمانی) لەسەر دیوارەکەی پێشێی کوژاوەتەوە.

لە گەڕەکی عەرەبان تووشی حاجی لەقلەقێکی بریندار دەبێ و دەڵێ: "لە دایە پاکانو بەم، لە ڕاست ئەو بێزمانەش شەرمەزار و کردم دەک شەرمەزاری نامووسی خۆو بن." پیرە لەقلەق لە بنهەنگڵی دەنێ و دەڕوا.

دەڵێن: تازەشیان لە کەرکووکێ دیوە، سێ جاران چۆتە نێو کڵپەی بابەگوڕگوڕ و مووەکی ڕیشیشی نەسووتاوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیوێراوە بە بازاڕێدا بڕوات و چۆتە سەر تەپەی مەلا عەولای و بە ڕەحیماواشدا سووڕاوەتەوە، لە پەنا پردی خاسەی دانیشتووە، گونە سیسەکانی لە کونی شەرواڵە دڕاوەکەی هاتوونە دەرێ و لە عەرزی خشاون، ئەمنێک لەوێ تێپەڕیوە و بەخێر هەندێکی پارە داوەتێ و بە عەرەبی قسەکی کردووە. نازانێ گوتوویەتی بڕۆ شەرواڵێکی پێ بکڕە یان بیدە بە نان. لەو فکرانەدا دەبێ و هەتیوێکی پارەکەی لێ دەفڕێنێ، دەڵێ: "حاجی بە دەستت گونت داپۆشە." ئەویش بە هەموو هێزی هاوار دەکات دەڵێ: "کوڕی سەگ بۆ دەستم ماوە؟ مەگەر بە قوزی دایکت داپپۆشم."

دەنگی هێندە گەورە دەبێ هەموو کەرکووک گوێی لێ دەبێ، پارێزگار بە خۆی تێدەگات و دەڵێ: "حوکمە دەبێ بە دەمت داپپۆشی." لەسەر ئەو حاڵەشەوە بەندیان کردووە، بەڵام ڕای گۆڕاوە دەڵێ: "حەز دەکەم هەتا ماوم لە بەندیخانە بم، لێرە ئازادییەکەم و ژیانەکەشم سەلامەتترە."

*　*　*

دەگەڵ چوونەوە و نەچوونەوەی ئەستێران، ئەستێرەکی نە درەوشاوە نە کزۆڵە، ئەگەر بۆ هەناسەیەک بێ، بۆ چاوترووکانێک بێ بەدەر دەکەوێ. سەروەختەکی ئەو ئەستێرە هاتۆتە خوار و هەناسەی ئەو دنیایەی هەڵمژیوە.

ئەوانی دیکە دەڵێن:

ئەدی هەموو دیمان، چۆن هاتە خوار و چۆن گەیشتە زەوی، بەڵام نە منداڵ بوو، نە پیرەپیاو، ژنەک بوو دەتگوت مانگە، ئەستێرە بوو. ڕووی نەدابووە کەس و لە کەسیش نەڕەنجابوو، کوڵەپشتێکی نان پێ بوو، لەو بەندەنەی دەگەڕا، یاخییەکی دیبایە، منداڵێکی پەڕاگەندەی بە کۆڵی پەڕاندباوە. دار و دیواری دەکردە بەیان، بەنێو لوغم و تەلدڕوواندا فیشەک و تەقەمەنیی دێنا و نانی دەمی منداڵانی بۆ ئەو چەک بەدەستانە دەبرد کە ئێستا نێویانی بە زاردا نایە. کە ڕۆژ لە کوردستان هەڵات، چاوی پیسیان تێ بڕیبوو، بە نیازی نێو جێی گەرم هەزار درۆیان بە باڵای شەنگی بڕیبوو. نانیان خواردبوو نانداننەکەشیان دڕیبوو. هەرکەس دەیگوت: من لە هەموان ماندووترم هەزار ساڵە دەستم تفەنگی بەرنەداوە. ئەوی دی دەیگوت: هێندەی ژمارەی سی حزب من تەنها شەهیدم داوە. داخوازیکەری زۆر بوون. شەوێک لای ئەو، ڕۆژێک لای ئەم. تا مەمکی بووە دۆدانە، لە پەردەی سەرکردان کرا، دوای وەڕسبوون هەروەکوو بووک بە ڕێ خرا، ئەندامانی بەرز و باڵا، پێشبڕکێیان لەسەر دەکرد، ڕەنگی سوورایی نەمابوو، لە دەرگای ئەو گەوادانە نامووسی وەک خوێن تکابوو، ژنەی ئەستێرەی نێو دەریا، هێندە گریا نامووسەکەی بدەنەوە، وتیان ڕژا، نامەیەکی درێژیان دایە بۆ پەرلەمان، سەرۆک نیو دێڕی خوێندەوە گوتی: دەبا بێتە ژووری، جێگر نیو دێڕی خوێندەوە گوتی: شت نییە خوا نەینێرێ، هەر یەکە و لە ژووری خۆیدا لۆکەیان لە کونی دەرگای نا. یەک دەڵێ: بەتەنها بۆنیان کردووە، یەک دەڵێ: نا، نا دەستیشیان گرتووە، شێتە دەڵێ: ژنە لە خۆشیی پەرلەمان هەر ئاگای لە خۆ نەمابوو، دەگەڵ هەرتکان تێ خزابوو. بۆ بەیانی هەر ئەندامە و دەستی دەگرت بەرەو ژووری چۆڵی دەبرد، هێندەیان بەڵێن پێ دابوو، ئابڕووی خۆی یان هی گەلی دەنێو بەڵێنان تکابوو. هەر ئەندامە و دەستەگوڵی خۆی لێ دابوو. دوای چەند و چەند بە ڕێ خرا... ئەنجوومەنی وەزیرانە... ژنە ئەستێرە... ئەستێرە ژن... ئێرە ڕۆژی کوردستانە... لەبیرکە ماندووبوون و خەم، ئەو شەوانەی خۆت لە گولله دەشاردەوە، نانت بۆ چەکداران دەبرد... ئەوڕۆ ڕۆژی کەیف و خۆشی، بەرهەمی خەمان دەنۆشی، جا سەرۆک و جێگرەکەی وەکوو لۆکە هەڵیدەگرن، هەر لەبەر قامکانی دەمرن... جا وەزیر و دار و دەستە، هەموو شیریان لەسەر دەستە... هەر شەوە و لای وەزیرێکە، هەر ڕۆژە لای گزیرێکە...

ئەو ئەستێرە لە ئاسمانەوە ڕژابوو، ئەو ئەستێرە مەرجانی خۆشەویستی بوو، ئەو ئەستێرە کچە گچکەی لەپزێڕین بوو، ئەو ئەستێرە چاوی ڕاستی شێخی پیران، لە دوای وەزیر و گزیران، دەگەڵ سەرچەور و بەردەستان چووە ژووریّ... ئێستا تامی ژنیەتیشی پێ نەماوە، ئەو گەورانە، ئەو زاتە موعتەبەرانە کە لێی تێر بوون، لەودیو دەرگا فڕێیان دا. لە پێشەوە لە دەوری پەرلەمان سووڕا، بۆ وەزیران گەڕایەوە... چووە ماڵی سەرگەورەکان، کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەو شەرەفە، ئەو ئافرەتەی هەزار ساڵە کوڕی کوردی لە کۆشایە، ئەو ئافرەتەی هەزار ساڵە لە دەوری شەهید ئالایە، کەس نییە بیناسێتەوە. وەدەریان نا. هەموو کون و قوژبن گەڕا. هەتیوە دەچوونە پاڵی، کوڕوکاڵ داوێنیان دەگرت، شەوانە ڕێیان پێ دەگرت... شێخی گەورە پەیدا دەبوو، گۆچانەکەی ڕادەوەشاند... دەیگوت:

"بڕۆن هەی زۆڵینە... وا دەورەتان لە کێ داوە. ئەو ئافرەتە دایکتانە شەرەفی بەو کوردە داوە، بەڵام ئێوە گەورەکانیشتان پێخواسن. نە نامووستان، نە دایکی خۆتان دەناسن."

بە نیوە ڕووتی دەیخاتە سەر شانی مویارەکی، قژی تا قولەپێی شێخ شۆڕ دەبێتەوە، هەزار و یەک جنێوان دەدات. یەک دەڵێ: بێ پەساپۆرت و فیزە هەر ئاوا، بە خۆی و ڕیش و گۆچان و ئەستێرەژنی سەرشانی لە ئیبراهیم خەلیل دەپەڕێتەوە، سمێڵزەردەکی قوتە شاقەلی ڕادەکێشێ و پۆلیسێکی بێشەپکەش ویستبووی گۆچانەکەی لێ بشکێنێ بەڵام شێخ مۆڕێکیان لێ دەکات و بەڕێی خۆیدا دەڕوات، لەوبەری جەندرمەکی بێموو دەست بە بەلەکی ئەستێرە ژنەی سەرشانیدا دێنێ، چ دەنگان ناکا و دێتەوە بەری خۆمان و حۆقە تفەکی خەست لە چڕوچاوی شێواوی ئەوانی ئەوبەری دەکات و ون دەبێ...

یەک دەڵێ: چۆتەوە دیاربەکرێ.

ئەوی دیکە دەڵێ: لە سعرت و لە مەلایە و وانێیان دیوە.

ئەوانی دیکە دەڵێن: بە چاوی خۆمان لەسەر لووتکە بەرزەکانی شەرناخ دیومانە و لە نێوەندی لووتکان، لەو ئاستەی خۆری لێ هەڵدێ، لەسەر ئەو بەفرە سپییەی لە پشتیەوە تیشک بڵند دەبێ درێژی کردوە، جبەکەی خۆی پێدا داوە، بۆ خۆشی لە پەنای هاتۆتە سەر چۆکان، ئێستا و ئێستاش لەجێی خۆیان ناجووڵێن، بەڵام ئەوەی ورد بڕوانێ، بە زەین بێ دەزانێ ئەو لووتکە بڕێک بڵندتر بووە و خۆی تەواو هەڵناوە، سەری لووتکەکەش لە پیاوێک دەچێ کە لە چاوەڕوانیی ژنێکدا وەستابێ. خەڵکیش هەموو لە چاوەڕوانیی ئەو پیاوەدایە. بەڵام ئەوانەی بە ڕاستی دیویانە دەڵێن: ئەوەی بە زەین بێ دەزانێ پیاوی سەر ئەو لووتکە سێ ڕۆژان دوای لەنێوبردنی شێخی نەهری لەوێ قیت بۆتەوە. ساڵی جارێکیش پێچەکەی سەری دەجووڵێنێ. دەنا شێخی پیران بە خۆ و ئەستێرەوە لەڕێی کێلەشینێوە چۆتە مهابادێ، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە نێو شاری دەیگرن و ئێستاش بەنیازن بەریدەن بەڵام پێی دەڵێن لە پەروەندەتدا نەنووسراوە چ ژنت دەگەڵ بووبێ.

* * *

دەگەڵ چوونەوە و نەچوونەوەی ئەستێران، ئەستێرەکی نە گەورە و نە بچووک، نە ڕۆشن نە کزۆڵە، نە ئەوەیە بە بڵندیی ئاسمانانەوە گیر بێ و نە ئەوەشە بەرەوە بێ... سەرەوەختەکی ئەو ئەستێرە هاتۆتە خوار و هەناسەی ئەو دنیایەی هەڵمژیوە. ئەوانی دیکە دەڵێن: بەڵێ دیومانە، چۆن هاتە خوارێ و چۆن تکایە زەوی، بەڵێ، نە منداڵ بوو، نە پیر، ئەدی شۆڕەژنەک بوو، وەک چنار بەرز و شۆڕ، ئەوی هەتا چەندان ساڵیش هەرکەس پێی لە یەکەم جێپێی نابایە هێندەی بڵێی جوان دەبوو، پیریش با گەنج دەبۆوە، کەس نازانێ دوای چەندان ساڵی چۆنی ڕێکەوتۆتەوە ئەو جێیە و شوێنپێکەی خۆی سڕیوەتەوە.

دەشڵێن: شوێنپێکە، لە جێی پاژنە تەنها شکلی هێلکەیەکی چووکەڵە و شوێن قامکەکانیشی تەنها سێ بازنەی نیوە پچڕاو دیار بوون.

یەک دەڵێ: هەتیوەکی زمانلووسی ملهوڕ هەڵیدەخەڵەتێنێ و ڕەگەڵ خۆی دەدات، دوو ساڵان لە شاری دەبن و دوایە لە برسان دەچنەوە گوندی و کۆختەکی بە کەڵەکان بۆ دەکات و هەر یەکەم زستان بەسەریاندا دەڕوخێت، خەڵکی گوندی بە دەنگیانەوە دێن و دەبینن کوڕە هەر لەجێی خۆی ساردبۆتەوە و ژنەش دیار نییە، بەرد و دار و باران کابرایان چاک کوتابوو، ئێستاش کەس نەیزانی ئەو تاکە گوارەی لە مستی کوڕەدا بوو کێ دەریهێنا و چیی لێ هات، ئەوەندە هەیە دوای عومرێک، ژنێک، ناوەڵا سوورەکچێک بە هەمان شێوە و ڕەنگ و ڕوو، هاتە ئەو دێیە و لەو تاکە گوارەی پرسیوە، هەتا نەڕۆیشتووە کەس نەیناسیوە، جگە لە زێنەلاڵی هەزار ساڵە کەس سەرنجی نەداوەتە ئەوەی ژنە هەر تاکە گوارەکی لە گوێ بووە، گوێی ڕاستیشی هەڵبڕاوە ئەویش هێندە حەپەساوە دوای حەوتۆیەکی ئەو قسەی بە خەڵکی ئاوایی گوتووە.

دەشڵێن: زێنەلاڵ جارێکی دیکەی لە بەندیخانەکی بیاباندا دیوەتەوە، تەنها تەلێکیان بەین بووە، وەردیانەکان زۆریان هێناوە و بردووە، تا برادەرە بەندییەکانی هەست دەکەن سکی پڕە و هەزار تفی لێ دەکەن و پێی دەڵێن: "تف، حەیف بۆ جوانیت،

ڕووســـووریی مـــیللەتێک لە لینگی ڕەشی ئەو ســـەیانە هەڵسووی!"

بە هەمـــوویان لێی دەدەن چەند جـــار و چەند ڕۆژ لێی دەدەن، ڕۆژێک لە بەردەســـتیـــان دەکـــەوێتـــە گیـــانەڵا، بەڵام پێش ئەوەی بمرێ دەڵێ: "بەو ئەســـتـــێـــرەی لێی تکاوم تا ئێستـــا بەنیـــئـــادەم دەخلی نەکردووم." ئەوانیش دەست بۆ سکەکـــەی ڕادەکـــێـــشن، ئەویش هاوار دەکـــات و دەڵێ: "بڕۆن لە مریەمی عیسا بپرسن."

دەڵێن: هاوارەکـــە هێندە توند و تیـــژ بووە لە ســـەمـــاوە گوێیـــان لێ بووە، خەڵکەکەی وێ کوردییـــان نەزانیوە و لە هاوارەکە حـــاڵی نەبوون بەڵام (عیـــســـا و مریـــەم)یان چەند جـــار لەبەرە خـــۆ گـــوتۆتەوە، دائیـــرەی ئەمنی ئەو شـــارەش هەر ئەو ڕۆژە نۆ کـــەســـیـــان گـــرتووە کـــە نـــاویان عیـــســـا و داکیـــان مـــریەم بووە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢٣ سێ عـیـســـا ناویان لێ هەڵواسیون.

دەڵێن: هـــەر بە دوای ئـــەو هـــاوارەوە باســـی بەندەکـــانی بیـــابان دەکـــەوێتـــەوە ســـەر زمـــانی چەند بازرگـــانێکی ســـیـــاســـەتمەداری قـــۆشـــمـــە، کـــە دەچن و دەیانبـــیـــنن بڕیار دەدەن هـــەندێکیان لێ مەزاد کەن. زێنەلاڵ دەڵێ: گوایە ژنە ئەســـتـــێرە نـــەمـــردووە و زرتـــەبـــۆزێکی کـــوێتی کـــڕیویەتیـــەوە، دەڵێن: لەوێ منداڵەکەشی بووە لە ســـەبەتێکی حـــەســـیری ناوە بـــۆ وەی کـــەس نـــەیبـــینێ، بـــۆ خـــۆشـــی نازانێ چـــۆنی لێ کـــــەوتـــۆتـــە ئـــاوێوە. دەڵێن: ئەگـــــەر نەوتیـــــان لە ئـــاوەکـــــە نەکـــردبایە لەوەی بوو یـــەک دیبـــایەوە و بە خـــێـــوی کـــردبا، ئەودەمـــیش هومـــێـــدی ئەوە پـــەیدا دەبوو، کـــە گـــەورە بووبا، وەکـــوو مـــەســـیـــحـــێک پـــێشـــوازیمان لێ کـــردبا و لە کـــۆڵ دوو سەرکردە بووبایەنەوە.

دەڵێن: بە هەمـــوو کـــوردەکـــانی ئـــەورووپـــاشی گـــوتووە کـــە لە ئەرشـــیـــفی ئەو فـــیـــلمـــانەدا بۆی بگـــەڕێن کـــە کـــۆمـــەڵەکـــانی پاراســـتنی ژینگە لە کـــەنداو گـــرتوویانە بەڵام تـــا ئێـــســـتـــا سۆراغێکیان بۆ نەکردووە.

دەشـڵـێن: ئەو تاکە گـــوارەی کـــە مـــابووی جـــارێکی دیکە بەر تالان کـــەوتووە. ئەفـــســـەرێکی دوو ئەســـتـــێـــرەی گـــەنج ویســـتـــوویەتی بۆ دەزگـــیرانەکەی بەرێ. گـــوایە دە کیلۆمـــەتر لە شـــاری کـــوێت دوور نـــەکـــەوتۆتـــەوە گـــیـــراوە. لەلایەن دەســـتـــەیەکی بە نێو پاسەوانی کـــۆماری گوللەباران کراوە. هەر لە هـــەمـــان ڕۆژ، یازدەی دەی ســـاڵی نەوەت، بەیانێکی دووورودرێژ لەلایەن چەکـــدارانـــی نیـــشـــتـــمـــانی کـــوێتـــەوە دەرچوو. گـــوایە لە شـــەڕێکی مـــەردانەدا هـــێزێکی گـــەورەی داگیرکەرانیان تێکشکاندووە و چەندانیان لێ کوشتوون لە ناویاندا ئەفـــســـەرێکی دوو ئەســـتـــێـــرە هەیە. ئەوەی ســـەرنجڕاکـــێشە لە کاتی گەڕانەوەی هـــەمـــوو ئـــەو شـــتـــانەی کـــە لە کـــوێت دزرابوون بە شـــێـــوەیەکی ئاشکرا باسی گوارەکە نەکراوە.

دەڵێن لە نێوان وەفدی عیراق و ئەمریکا مشتوومڕێکی زۆری لەســـەر کـــراوە. هەندێک دەڵێن: ئەمـــریکا بە نیـــازە ئەو گوارە بۆ پەیکەری ئازادی بســـتێنێتـــەوە. بەو مەرجەی ناوی کـــورد و ژنەئەســـتێرە و بازرگـــانی شـــەڕ و زرتەبۆزی کوێتی لێ نەبات. تەنـــها ئەوەند بگـــوترێ: شـــەیتـــان نەیزانیوە چـــۆن مەرجانی خـــۆشەویستی بشارێتەوە بۆیە کردوویەتیە گوارە و یەکێکیانی لەو ئاستە لێ بەربۆتەوە. بەڵام چونکە نەیانتـــوانیـــوە دەربارەی خـــێلبـــوونی شـــەیتـــان شـــتـــێک بدۆزنەوە جارێک مەسەلەکەیان سەرپۆش کردووە.

* * *

دەگـــەڵ چوونەوە و نەچوونەوەی ئەستێران، لەو دەمـــەی ڕۆژ و شـــەو بە شـــمـــشـــێران لەت دەکـــرێن، ئەســـتێـــرەکی نە گـــەورە نە بچـــووک، نـــە درەوشـــاوە نە کـــزۆڵە لە ســـەرووی ئاسـۆوە بە دیار دەکەوێ، نە ئەوەیە بە بڵندیی ئاسمانەوە ڕاگـــیـــرکـــرابێ نە ئـــەوەشـــە بەرەوە بێ. ئەگـــەر بڕۆکـــەکی لێ بڕوانی، دیقـــەتی بدەی، دەبینی وردە وردە دادەکـــشێ، هـــەر هێندەی بەقـــەد نووکەدەرزییـــەک لە ڕووکـــاری ئاســـۆ خشـــا دەتوێتەوە.

مانگی یەکی ١٩٩٥

هەولێر





# گرنگیی تاو بۆ ژیان

ئەسعەد قەرەداغی

لەنێـــو ئەو ســـەدان بلیـــۆن ئەســـتـــێـــرەیەی کـــە لە گـــەلەســـتـــێرەکـــەمـــاندا هەیە و ڕێگەی کاکێـــشـــان یاخـــود شیرەڕێ Milky Way یان پێکهێناوە، ئەستێرەی خـــۆر بە نزیکتـــرین ئەســـتێـــرەیەک دەژمـــێـــردرێت بۆ هەسارەی* زەوی.

خۆر، لە تەنێکی گلۆپیی فرە گاز پێک هاتووە، ئەو تەنە پڕ لە وزە و هێـــزەی کـــە بەخـــشـــشـــی خـــوایە بۆ مـــرۆڤ و بەردەوامـــیی ژیان، مایەی گـــەرمی و ڕۆشناییە بۆ زەوی و هەسارەکانی تر. هـــەر بەو هێزەی هەموویانی بەلای خۆدا کـــێـــشکردووە و بە دەوری خـــۆیدا دەیانخـــولێنێـــتـــەوە، هـــەریەکـــــە و لە خـــــولگەی دیارکـــــراوی خـــــۆیدا. بە هەمووشیانەوە کۆمەڵەی خۆریان پێکهێناوە.

ئەم تەنـــە مـــــەزنە نزیکـــەی $١,٤ . ١٠^{٦}$ کم تیـــرەکـــەیەتی، ١٠٣ جـــار لە قـــەبارەی زەوی گـــەورەترە و نزیکـــەی $٢٢ . ١٠^{٤}$ جـــار لە زەوی بەبارســـتـــەترە. لە چەقـــیـــدا گـــەرمی دەگـــاتە ســـەروو $٢٧ . ١٠^{٦}$ پلەی فـــهـــرەنایت ($١٥ . ١٠^{٦}$ پەتی)، خەستی دەگاتە نزیکەی ٩٠گم/سم$^{٣}$ (٩٠ جـــار لە ئاو خـــەســـتـــترە). لەم گـــەرمی و خـــەســـتـــییـــە هەرە زۆرەدا چەندین کارلێکی گەرمۆناوکی-Thermo Nuclear Reactions ڕوودەدات و لێـــــوەیشـــــیـــــڕا گـــــازی هـــایدرۆجـــین دەگـــۆڕڕێت بۆ گـــازی هـــیلیـــۆم. بە دوورکـــەوتـــنەوە لە چەقی، بەرە بـــەرە وزە و گـــەرمی و خـــەســـتی کـــەم دەبێـــتەوە تا لە دوورایی $١٠ . ٧$ کم گـــــــەرمی دەگـــــــاتە $١ . ١٠$ پلەی فهرەنایت و خەستی دەگاتە /١٠سم.

کەشی خۆر بە شێوەیەکی گشتیی پێکهاتووە لە:

ڕووی بـــیـــنـــراو Invisible Surface، کـــەمـــەرەی فـــۆتـــۆ Fhotosphere ، دوو نـــاوچـــەی گـــــــــەرمـــی زۆر بـــەرز ، کەمەرەی ڕەنگین Chromosphere و هالە Corona.

ئەو ڕۆشـــنـــایـــیـــەی کـــــــە لە دووری ١٥٠ ملیـــــــۆن کـــیلۆمـــەترەوە دەمـــانگـــاتێ لە ســـەر زەوی نزیکـــەی ٤٩٩ چرکەی پێدەچێت (نزیکەی ٨ خولەک).

... ئەوەی کـــە مـــــەبەســـتـــــە لێـــرەدا هەر ئەو گـــــەرمی و ڕۆشـــنـــاییـــیە بێـــهـــاوتـــایەیە کـــــە لە ڕۆژگـــارێکی زۆر زۆر دێرینەوە بە فـــاکـــتـــەرێکی ســـــروشـــتـــی زانراوە و بـــۆ چارەســـــەرکـــــردنی گـــــەلەک نەخـــۆشی بەکـــارهێنراوە. . گـــــەرمگەی خـــــۆری و لمی (خـــۆهـــەڵســـوین بە قـــوم و لم لە کەنار دەریا و دەریاچەکان) بە مەڵبەندە سەرەتاییـیەکان دادەنرێن بۆ چارەسـەرکـردنی نەخـۆشی. پیـری پزیشکان هیپۆکرات Hippocrates (٤٦٠-٣٧٧؟) لە ســـــەردەمـی خـــۆیدا نەخـــۆشـــەکـــانی دەخـــســـتـــە بـەر هـەتاو بۆ خـــــــێـــــــرالکـاندنـــەوەی زام و ئـێـــــــسـکگـرتـنـــەوە و ئازارهێورکردنەوە.

لە ساڵی ١٨٠٠ دا زانا هرتزل تیشکی بنسوور-Infra red ray ی دیتەوە، پاش ساڵێکیش زانا ڕێیتەر تیشکی بانوەنەوشە Ultra-Violet ray ی دیتەوە، بە کارپێکردن بە ڕێساکانی نیوتن و ماکسوێل، پاشان دیمانەکەی

پلانکPlanck Theory، لە ساڵی ١٩٥٠ زانا ئەنشتاین گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مادده دەبێتە وزە و بە پێچەوانەشەوە. بە پێی ئەو دیمانەیەی ئەنشتاین بێت کە جیهانی هەژاند و ناسراویشە بە دیمانەی خزمایەتی Theory of Relativity دەبێت مادده بەوە پێناسە بکرێت کە بریتییە لە وزەیەکی چڕوپڕ. ئەوەی کە لە هاوکێشەی ئەم دیمانەیەدا لەبەرچاوە و ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت فۆتۆنە Photon کە بە یەکەی Unit تیشکدەری کارومۆگنات دادەنرێت، ئەم فۆتۆنانەش لە ئاکامی خۆپێکادانی گەردیلە و گەردەکان پەیدا دەبێت کە لێوەیرا گۆڕانێک بە ڕێچکەی ئەلەکترۆنەکاندا دێت و ئەو جووڵەوزەیەیان دەبێت بە وزەتاو Photoenergy. لەو وروژان و خۆپێکدادانەدا فۆتۆنەکان بە خێرایی ٣٠٠,٠٠٠کم/ چرکە لە چاوگی ڕۆشناییەکەوە دەردەپەڕێت بەرەو نێوەندێکی دەرەکی کە ئەویش بۆشایی گەردوونە. ئەم فۆتۆنانە هەمان ڕەوشتی پێلەکارۆموگناتەکانی هەیە، جا هەتاکو پێلەکانی Wa-ven ی کورت بێت میانەی لەرزینەوەیان Frequency فراوانتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە. ئەم پێلەکارۆموگناتانەش جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە لە ڕووی لەرزینەوە، پێلدرێژی، کاریگەری و چەندین ڕەوشتی ترەوە.

بێجگە لە خۆر کە بەهێزترین و فراوانترین چاوگی سروشتییە، هەندێک چاوگی تر هەن کە سازکردانە تاویان لێ پەیدا دەکرێت و پلەی گەرمییان دەگەیەنرێتە پلەی سووربوونەوە. بۆ نموونە لە پلەی گەرمی ٢٧٣س بە دواوە ئەو چاوگە گەرمی دەداتەوە، لە ٣٠٠س – ٥٠٠س تیشکی سوور دەداتەوە، لە ١٠٠٠س تیشکی زەرد و لە پلەی ١٢٠٠س تیشکی سپی و هەروەها.... هەر بە بەرزبوونەوەی چەند پلەیەکی گەرمی چەندین تیشکەتاوی جۆراوجۆری درێژەپێلی جیاواز دەردەپەڕێت.



به شێوەیەکی گشتی... دەتوانرێت ئەو تیشکەتاوانەی چ لە خۆرەوە دەردەپەڕێت یان سازکردانە ئامادە دەکرێن لە درێژەپێلی نێوان ١٥٠ بۆ ٣٠٠٠ نانۆمەتر بۆ سێ بەش جیا بکرێنەوە.

## ١- **تیشکی بنسوور** Infra-red Ray

ئەم جۆرە تیشکە ڕەنگی سوورە و گەرمییەکەی زۆر بەتینە، درێژترین پێلی هەیە، بەدوایدا تیشکە بینراوەکان دێت کە درێژەپێلیان کورتترە. ناتوانرێت ئەم تیشکە بەتەنیا لە خۆر جیا بکرێتەوە و بخرێتە ژێر ڕکێفەوە، هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ژەمی وەرگرتن، تینی، باری ئاوهەوا و کەش کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

بۆ ئەم مەبەستە دەشێت چەند ڕێگەیەکی تر دەستەبەر بکرێت بە شێوەیەکی وەها کە مرۆڤ بە گوێرەی ویستی خۆی بیانخاتە گەڕ، لەوانەیش چاوگە سازکردەکانە Artifecial Sources کە زۆر لەبارن بۆ پەیداکرنی، ئەویش بە گەرمپێکردنیان تا ڕادەی سووربوونەوە. جا بە هۆی ئەو تەکنۆ پێشکەوتووانەی کە لەئارادان دەتوانرێت بەئاسانی جڵەوی ئەو پێلە کارۆموگناتانە بگیرێنەوە و بە شێوەیەکی گشتی بخرێنە ژێر ڕکیفی ڕێساوە. واتە دەشێت تاقیکردانە کرداری لادان Deflection، دانەوە Refledictionm، مژین Absorption، و پالاوتن Filteraction یان بزانرێت. جا ئەو بوارە چالاکەی کە بژێوانە Biological-ly دەمانەوێت لەسەری بدوێین ئەو بەشەیە کە لەشی مرۆڤ پێویستێتی، ئەو بەشەیش کە پێشتر ڕوونکرایەوە، بەندە بە درێژیی پێل، لەرزینەوە، ئەو گۆشە تیشکەی (تەن)ەکە دەپێکێت، ماوەی کاریگەری و تینی، مژین و ڕادەی پیاداڕابوون، چۆنێتی دانانی ئەو تەنە بەرامبەری، ڕادەی هەستیاری Sensitivity ئەو تەنە بەرامبەر بە تیشک.



لەمانەوە دەردەکەوێت کە هەر تیشک و تاوێک کاریگەرێتی جیاوازی هەیە ئیتر چ زیندەیی Biology بێت یان سروشتی Physiology. بۆ نموونە: تیشکی بانوەنەوشە کە پێست دەسمێت بۆ چەند بەشێکی میللیمەتر و تیشکە بینراوەکان بۆ چەند میللیمەترێک. تیشکی بنسوور کە زۆر لەوان بەتینترە بۆ چەند سانتیمەترێک دەسمێت. ئەم جۆرە تیشکە کە بە چاوی ئاسایی نابینرێت، زۆر گەرمە، لە خۆرەتاوەوە یان سازکردانە پەیدا دەکرێت. بە جامدا ڕادەبوورێت بەڵام بەشێکی زۆر کەمی دەگەڕێتەوە، ئەم ڕەوشتەی زۆر بەکارە لە دیاردەی جامخانەکان Glass-houses دا بۆ بەرهەمهێنانی هەندێک بەروبوومی هاوینە لە وەرزی زستاندا.

لەو کاریگەرە فیزیکیانەی... کار دەکاتە سەر ڕووبەری پێست و لەڕێی شلەمەنییەکانەوە دەچێتە ناخی لەشەوە، ڕەنگی سوور دەکات و دەبێتە هۆی فراوانبوونی دەمارەکانی خوێن، ڕەوتی سووڕی خوێن و چالاکی مادده لەمفاویەکان خۆش دەکات، بژێوی دەخاتە کرداری هەرسکردن و خانەنوێکردنەوە، تەنە داهێزراوەکان دەبووژێنێتەوە، گرژی و خاوی ماسولکەکان ئاسایی دەکات، پاڵهێزێکە بۆ دەرخواردنی ئۆکسجین و مادده خۆراکییەکان و فڕێدانی مادده زیاندەرەکان بە شێوەیەکی ئاسایی، جێگە هەڵامساوەکان دەپووکێنێتەوە، بۆ ئازارکەمکردنەوەی گشتی و زۆربوونی هەڵاوێرەکانی* گورچیلە بە کار دەهێنرێت. دژایەتی هەیە لەگەڵ تیشکی بانوەوشەدا ئەویش بە تێکشکاندنی ڤیتامین D و لابردنی ئەو سووتانەوانەی کە ئەم تیشکە دەبێتە هۆی. بە کار دەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ڕۆماتیزم و ئازارەکانی پەی*. ئەو کەسانەی لە ئاکامی وەرزشکاری یان کاری ترەوە دەپێکرێن پاش ئەوەی لەسەرەتادا هەندێک شێلان و وەرزشی پزیشکییان پێ دەکرێت و هەر جۆرە





دەرمانێکیان وەرگرتبێت لێیان دەبڕێت ئەمجا دەدرێنە بەر ئەو تیشکە. هەروەها بەکار دەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی هەڵامەت و ئەو کیسانەی لەناو لووتدا پەیدا دەبن پاش لابردن و پاکژکردنەوە، بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکانی سەروسیما، بۆ دیاریکردنی هەندێک نەخۆشی وەک دیتنەوەی ئەندامە پەنەمیوەکان بە تایبەتی کۆئەندامی جووڵە، دیاریکردنی نێرکی دوومەڵ و لوو، ئەو نەخۆشییانەی دەزوولەخوێنینەکان تووشی دەبن، جەڵتە و خوێنپژان و هەندێک جۆری سەرەتان.

چالاکی ئەم جۆرە تیشکە لە دەزگا و ئامێرە بۆشاییگەڕەکاندا دەردەکەوێت وەک وێنەگرتنی زەوی و ناوچەکانی لە بۆشایی ئاسمانەوە، دەزگا و پێکارە ستراتیژییەکان، بنگە و مەڵبەندە کۆنترۆڵە زۆر دوورەکان و سەتەلایت و تەلفازسازیی.

دەبێت... زۆر بەئاگا و وریا بین لەو بارانەی نەخۆش هەمیشە گیرۆدەیەتی وەک ڕشانەوە و کێمدەردان، سەرەتانی پێست، تالێهاتنی بەتین، بێهێزیی دڵ، ڕەقبوونی دەمارەکانی خوێنبەر، دڵەپەستێ، خوێنپژان، سیلی سییەکان، شەکەتبوون و داهێزرانی لەش.

دەبێت مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە (بە تایبەتی لە تەمەنی منداڵییەوە) بە شێوازێکی ڕێکوپێک پەروەردە بکرێت و فێری ئەوە بکرێت کە چۆن و لە چ کاتێکدا پێویستی بەو جۆرە تاوە هەیە و تا چ ڕادەیەک گەرەکیەتی.

## ٢- **تیشکی بانوەنەوشە** Ultra-violet Ray

ڕەنگی وەنەوشەییە، تیشکێکی سارد و نەبینراوە، لە گەرمی ٣٠٠٠سەدیدا پەیدا دەبێت، لە ڕووی کیمیکەوە زۆر چالاک و کاریگەرە، سێ شێوەی سەرەکی هەیە بەڵام گرنگترینیان سوورکردنی ڕووبەری پێستە کە بەرە بەرە ڕەنگێکی برۆنزی دەداتێ و توانای

نوێکردنەوەی لەشخانەکانیش بە گشتی بەرز دەکاتەوە. فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ زاڵبوون بەسەر بەکتریا زیاندەرەکان.

بێجگە لە خۆرەتاو، دەشێت لە چاوگە سازکردەکانیشەوە پەیدا بکرێت وەک گڵۆپەکانی کوارتز و هەڵمی جیوە یان ئەراگۆن. لە باری ناهەمواریدا Emergency بە گەیەنەرێکی دەزوولەییرا ڕەوانە دەکرێتە ناو لەشی مرۆڤە نەخۆشەکەوە لەڕێی ئەو کونانەی وەک لووت و قوڕگ و گوێ، یان دەرەبەشی کۆئەندامی زایندەیی* نێر و مێ تاکو بە هۆیەوە ڤیتامین D بگۆڕدرێت بۆ ڤیتامین D3 کە زۆر زۆر گرنگ و کاریگەرە لە گۆڕینی ڕێژەی ئەنزیمەکانی خوێن و کۆڵسترۆڵ و فۆسفۆر، هەروەها لە نیشتن و چەسپاندنی ماددەی کالسیۆم لە ئێسکدا بەو ڕادەیەی کە پێویستە. ماوەی مەیینی خوێن لە زام و بریندا ئاسایی دەکات، ڕێژەی هیمۆگلۆبین چالاکانە زۆر دەکات بە گوێرەی ژمارەی خڕۆکە سپی و سوورەکان بە ڕادەیەکی وەها کە لەش بخاتە بژێوییەکی دروستەوە، گۆڕینی PH بەرەو ئاسایی دەبات، هەڵاوێرەکانی گەدە چالاک دەکات و ئارەزوو بۆ خواردن باش دەکات و خەو خۆش دەکات، پەشێوی و شپرزەیی دڵ و دەروون کەم دەکاتەوە. ئەم هەموو کارانەیش کە پێی دەکرێت و ئەنجامی باش دەدات بەدەستەوە بە هۆی جێگۆڕکێی گەردیلەکانەوە دەبێت و کاروهاوبارگەیی گەردیلە دەگۆڕێت و ئەلەکترۆنەکان دەوازێنێتە خولگەیەکی ئاست وزە بەرزتر. ئەم جۆرە تیشکە زۆر بەکارە لە خێرا پێکهاتنەوەی ئەتەمە نوێیەکان لەجێی ئەتەمە لەناوچووەکان. لە لایەکی تریشەوە گەر ئاگاداری نەبین کاری ناهەمواریش دەگێڕێت وەک لە هەندێک بەرتەگی* ئەتەمەکانی پێست و ئەندامەکانی تردا بە دی دەکرێت کە لە ناوچەکانی هیدHID ی پێستدا دەگاتە ئەندامەکانی ناو لەش و دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پەستانی دەمارەخوێنبەرەکان بۆ ١٠–٣٠ ملم کە ئاکامێکی باش نابێت بۆ تەندروستی مرۆڤ و تووشی چەندین ماکەنەخۆشی تری دەکات.

## ٣- تیشکە بینراوەکان Invisible Rays

زانای ئینگلیزی نیوتن بە تاقیکردنەوە سەلماندی کە ئەگەر بێتو تیرۆژێکی* خۆر بەناو ئاوێزەیەکدا ببرێت، لە دیوەکەی تریەوە بۆ چەند تیشکێکی جیاواز لە ڕەنگ و درێژی شی دەبێتەوە. بەم شیبوونەوەیە حەوت ڕەنگی سەرەکی بە شێوەیەکی هەنداز و جوان دەکەونە بەرچاو:

سوور، پرتەقاڵی، زەردو سەوز و شین
نیللی، وەنەوشەن، شەبەنگی ڕەنگین*

ئەم پەلکەزێڕینە سرووشتکردە هەرەجوانە لە فەرهەنگی زاراوەی زانستیدا بە شەبەنگ Spectrum ناسراوە کە درێژەپێڵیان لە نێوان ٩٠–٧٧٠ نانۆمەتر دەبێت. هەر تاو و ڕۆشنایی‌یەک لەم درێژەپێڵانە بەدەر بێت بە چاوی ئاسایی نابینرێت و ناتوانرێت جیابکرێنەوە.

بۆ درێژەپێدانی ژیان لە هەسارەی زەوی... بوونی تاوە بینراو و نەبینراوەکان زۆر زۆر پێویستن لە پێگەیاندن و باڵا کردن، گەشانەوە و کرداری تاوەفراندن PhotoSyn-thesis ی ڕووەک و چەند کردارێکی تر. هەر گرفتێک ئیتر بە کەم بێت یان زۆر لەو برە بەدی بکرێت، ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ڕەوتی ژیان. زۆر لەو دەرد و نەخۆشییانە هەن کە زیندەوەران بەگشتی تووشی دەبن هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ کەم و زۆر وەرگرتنی خۆرەتاو. ئەم تاوە بینراوانە بۆ قوولایی ١–١٠ ملم تەنی زیندەوەران دەسمن، هەر یەکە لەمانەیش ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە لە کاریگەرییاندا بۆ سەر مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، بۆ نموونە:

* زەرد و پرتەقاڵی... کار دەکەنە سەر ورووژاندنی کۆئەندامی پەی Nervous System و خانەکانی.







* نیللی و وەنەوشە... هێمنی و هێورکردنەوە دەبەخشن.

* ڕەنگی سەوز... کاردەکاتە سەر پێکهاتن و پێگەیاندنی ڕووەکان.

* زەرد و وەنەوشە ... ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە کردارەکانی داڕمانی خانەبژێوەکان Catabolism.

*شین و سوور... بەگشتی لە ئازاری لەش کەم دەکەنەوە.

* ڕەنگی وەنەوشە بە تەنیا... لە ترپە Pulsate ی دڵ کەم دەکاتەوە.

* شین و وەنەوشە ... لەبارن بۆ سارێژکردنی زام و ئازار هێورکردنەوە. هەر بە گەرمییەکی بەردەوام بۆ ناخی ئەتەمەکان بەرهەڵستیی تەن چوستتر دەکەن و کردارە بژێوەکان چالاکتر دەبنەوە، سووری خوێن لە کۆندامەکانی لەشدا لەوپەڕی گەشیدا دەبێت. تۆشپ Gland ی عەرەقدەرەکان چالاکییان باشتر دەبێت و پێستیش باری سرووشتی خۆی وەردەگرێتەوە لە دژی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی دەبێت وەک ئاوڵە و دڕکە و مێکوتە.

* ڕەنگی شین... لە بوارەکانی پزیشکگەری دەروونی و پەی، بە تایبەتی لە ئازارەکانی کۆئەندامی بینین، بەکار دەهێنرێت.

ئەم تیشکە بینراوانە بە گشتی بەکار دەهێنرێن بۆ چارەسەرکردنی زیپکە و بیرۆ، دومەڵ و لوو، نەخۆشی بەڵەکی Psoriasis ، باداری، نەخۆشی لۆمباگۆ Lumba-go کە ئازارێکە پەیخانەکانی ناوچەی خوارەوەی بڕبڕەی پشت گیرۆدەی دەبێت، ئازاری ماسولکەکان و نەخۆشی گۆتی Gout، هەوکردنی پەیخانەی ورگ و نێوەندەماسولکەکان ، هەناسەتەنگی Asthma، خۆرانگازی کە زوو زوو لەهۆشخۆبوونی لەدوایە. بەکار دەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانەی ژنان تووشیان دەبن وەک کەمشیری، نارێکوپێکیی ماوەی بێنوێژی، هەوکردنی هێلکەدان.

هەروەها بەکارە بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی کە هێواش باڵا دەکەن ، یان پانوپۆڕ دەبن، ئەوانەی لە کاتی خۆیدا ددانیان دەرناچێت، ئەوانەی تووشی کەمخوێنی دەبن و بە گازی یەکۆکسیدی کاربۆن CO ژەهراوی دەبن، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سیلی ئێسک و تۆشپ و جومگەکان و ئەندامەکانی زاوزێ.

لە دیارکردنی نەخۆشیە کەڕووەکانی پێست و ددان و موو کاری پێ دەکرێت، بۆ نموونە: ددانی مردوو ڕەنگی بۆر، زیندوو ڕەنگی سپی و ددانی کلۆر ڕەنگی ڕەشی دەداتێ. هەروەها لە گەڕانی سووری خوێنی لاکان و دیارکردنی شوێنی نەخۆشییە سەرەتانییەکان. بە کاردەهێنرێت لە بوارەکانی ژیۆکیمیا Biochemistry و توێکاریی Anatomy و مایکرۆزانیی Mocrology.

لەگەڵ ئەو کارپێکردن و بەکارهێنانەدا دەبێت زۆر وریا و ئاگاداربین، نابێت هەر لەخۆڕا و ڕەمەکییانە مرۆڤ خۆی بداتە بەر هەتاو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن چونکە لە ئاکامدا پێست دەسووتێنێتەوە و بەرە بەرە ڕەشباوی دەکات و هەندێک جاریش بە مەرەی مردنی دەبات، نابێت بەکاربهێنرێت لە کاتی تالێهاتن و هەندێک نەخۆشی درم، پەشێویی دڵ، ڕەقبوونی دەمارە خوێنبەرەکان، خوێنپژان، سیلی سییەکان، سەرەتانی پێست، هەستیاریی‌Sensitivity، وەرگرتنی ڤیتامین D بە بڕێکی زۆر، خۆدانە بەر تیشکی ڕۆنگتن، هەوکردنی بەتینی گورچیلە، پاش خواردنی ئەنسۆلین و ئەدرینالین، بەکارهێنانی دژەتەنەبژێوەکان AntiBioics، پێکەڵەکانی سوڵفا و خوێیەکانی زێڕ و زیو، هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی دەرمانە میزپێکەرەکان.

کەمەرەی ئایۆنۆسفیر کە سوپەر و بەربەستێکە بۆ گلدانەوە و مژین و لە تینکەمکردنەوەی ئەو تیشک و پرتەوانەی زیان بە مرۆڤ و سەرانسەری ژیان دەگەیەنێت وەک تیشکە گەردوونییەکان و مانەندیان،

ئەوەندەیش کە پێمان دەگات بەکەڵک و سوودبەخشە، بەڵام بە مەرجێک وەرگرتنی بە شێوەیەکی دروست و نەخشەبۆکێشراو بێت، تین و کاریگەریشی بەپێی چوار وەرزەی ساڵ و کات و شوێن، پاکژی هەوا و رادەی شێ دەگۆرێت، هەروەها هەور و تەمومژ، بەرزێتی لە ئاستی رووی دەریا، ماوەی خۆدانە بەر هەتاو و هەندێک هۆکاری تر کە بایەتە رەچاو بکرێن بۆ چارەسەرکردن، وایش بە باش دەزانرێت کە خۆدانە بەر خۆرەتاو لە وەرزی هاویندا لە کاتژمێری حەوتەوە بێت تاکو دەی بەیانی، لەدوای شەشی ئێوارەشەوە تاکو خۆراوابوون. لە وەرزەکانی تردا کە تینی گەرمی خۆر کەمترە دەشێت لە کاتژمێری دەی بەیانییەوە تاکو چواری پاشنیوەرۆ. دەبێت بە لایەنی کەمەوە دوو کاژێر پاش نانخواردن ئەو کارەیش بە ئەنجام بدرێت. رێکاریش بۆ ئەم مەبەستە، دەشێت سەر داپۆشرێت نەوەک کاری راستەوخۆ بکاتە بان سەر و ئەو کەسە بەرگە نەگرێت و لە هۆش خۆی بچێت، لەش بە ماددەیەکی تایبەت چەور بکرێت وەک ماددەی پاراستە، چاویلکەی تاریک بەکار بهێنرێت.

سەرەتا دەبێت ئەو خۆدانە بەر خۆرەتاوە نزیکەی پێنج خولەک بێت، پاشان بەرە بەرە بۆ رۆژانی دواین زۆر بکرێت تا دەگاتە نزیکەی سێ کاژێر لەرۆژێکدا، لەو ماوەیەدا جار نا جارێک مەلە بکرێت و لە سایەیەکدا پشوو بدرێت. هەر کاتێکیش هەست بە ئارەزوونەکردنی خواردن و کەمخەوی کرا دەبێت ئەو کردارە رابوەستێنرێت.

دەبێت زۆر ئاگاداری منداڵ و زارۆیان بین... نابێت منداڵی مەلۆتکە و تەمەنی لە ساڵ کەمتر یەکسەر ببرێتە بەر خۆرەتاو، بۆ تەمەنی گەورەیش دەبێت زۆر ئاگاداری سووتانەوەی پێست بین و تووشی خۆرانگازی نەبێت کە جارو بار مەترسیی مردنی لەدوایە.

بە گشتی... لەو کاریگەرە سرووشتیانەی کە خۆرەتاو و تیشکە سازکردەکانی تر هەیانە: چالاکی و توانای تەندروستی بەتێکرا زۆر دەکات و لەش پتەو دەکات، خەو خۆش دەکات، ئارەزووی خواردەمەنی و نۆشەمەنی دەکاتەوە، داهێزران و شەکەتی لەش کەم دەکاتەوە، پێست نەرمونیان دەکات و رەنگی برۆنزی دەکات و بەهێزیشی دەکات لە رووی نەخۆشییەکان، ماسولکەکان بەهێز و چوستتر دەبێت، گازگۆرکێ رێکتر دەبێت، هەناسەدان چالاکتر دەکات و هیمۆگلۆبین چالاکتر دێتە بەرهەم لێوەیشیرا ژمارەی خرۆکە سوورەکانی خوێن زۆر دەبێت، رێژەی کالیسیۆم و فۆسفۆر هاوسەنگ دەکات، زام و برینەکان سارێژ دەکات و لە ئازاریان کەم دەکاتەوە:

لەپاڵ ئەو خۆدانە بەر خۆرەتاوەدا هەندێک کار پێویستە وەک خۆشتن بە هەوای گەرمی شێدار، جار و بار لەش تێهەڵسوین بە لم و قوم، وەرزش و مەلە کردن لە گۆم و دەریا و دەریاچەکاندا.

تاو بە مانای رۆشنایی خۆر، تیشکی خۆر یان مانگ، رێژنەی باران، کاتێکی کەم (لحظة)، غاردانی توند، توندیی گەرما، ترس، تاقەت و توان، پەلە و ئارەزوو و سوێ.

| | |
|---|---|
| تاو | Light |
| هەسارە | Planet |
| هەڵاوێر | Secretive |
| کۆئەندامی زایندەیی | Genital System |
| بەرتەک | Re-action |
| پەی | nerve |
| پەیخانە | nerve-cell |
| تیرۆژ | Light-Beam |

هەڵبەستی مامۆستا ئەحمەد قەرەداخی



## چوار جرتەکی

**شیعری: شەماڵ سائیب**



ئەمە پارچە شیعرێکی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیبە (١٩٣١ تا ١٩٨٦/١١/٧) کە پێشتر لە هیچ کوێیەک بڵاونەبۆتەوە. زۆر سوپاس بۆ دۆستانی بەرێز دۆکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد و دۆکتۆر کوردستان موکریانی کە شیعرەکەیان بۆ ناردین. ئەو دۆستانە لە نامەکەیاندا دەڵێن: "... چوارخشتەکییەکی خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیبە کە بە نێوی خواستەمەنیی فەتاح نەبەز ساڵی ١٩٨١ پێشکەشی کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی خۆی کردبوو."

سەد شوکر کەوا بێباک و تێرم
ناترسم نێرم، چاکتان بە کێرم
شاری خەبات و قۆچ و قوربانی
باپیرتان ئەگێم ئەهلی سلێمانی

بە فیز و ژنحیز، زۆربەی ئەم شارە
باوکی ئەفرۆشێ بۆ پووڵ و پارە
کامیان شیرینە وەک زەهری مارە
ئافرەتیان هەیهوو وەک سەگی هارە

ئیشیان پێت هەبێ؛ قەحپەت بۆ دێنن
مانعیان نییە ... کێرت هەڵسێنن
ئیشیان تەواو بوو دێنەوە سەرت
هەقی گەوادی و خزمەت ئەسێنن

کە دائەنیشن هەر خۆیان پیاون
خاوەنی مێژوو، خاوەنی ناون
شەریفەکانتان با بێنە هەولێر
لە قوونیان ئەنێن فەردەی گون و کێر

لای ئەوان وایە دوای سلێمانی
کوردستان نییە و ئەبێ بیزانی
بێبار و دووڕوو، راستیان تیا نییە
ئەم جرت و فرتەی ئێوە لە چییە؟

شاعیرتان کێیە با بێتە مەیدان
بەڵام بە راستی و بە هەق و ویجدان
باسی کۆتەڵ کا و باسی قوون بادان
هەر مانگێ لە دوای شەڕی شەهیدان

فەتاح نەبەز
دائیرەی کارەبا / هەولێر

# فەلسەفە لە (یۆنان)ەوە بۆ کوردستان

فوئاد عەبدولڕەحمان

## پێشەکی

ئاشکرایە کە تاکو ئێستا، هەر ڕەنج و کۆششێک درابێت بۆ دیتنەوە، یان تەکاندنی ئەو نووسراوە تۆزلێنیشتووانەی کە نەریتی ئاوەز و چاندی دێرینی کورد لە کوردستاندا تیایدا تۆمارکراوە... کارێکی ئاسان نەبووە. بەڵام دەشێت مەحاڵیش نەبێت گەر دڵسۆزانە و بە هەناسەدرێژیی و بە وردی ڕێگای لێزانی و زانستی بۆ بگیرێتە بەر. ئەوەی لێرەدا بابەت و مەبەستە بە ئەنجام بگەیەنرێت، وەڵامدانەوەی پرسیارێکە و دەکرێت: ئایا کورد لە مێژینەی نەریتی ئاوەزییدا میراتی فەلسەفەی هەیە؟... بە واتایەکی تر، ئایا کوردستان لە مێژوویدا هیچ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی تیادا هەبووە کە بۆی بووبێتە مایەی بەهایەکی ژیاری ـ فەلسەفی؟

ڕەنگبێت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاڕادەیەک سەخت بێت، بەڵام بە دەستنیشانکردنی ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییانەی کە لە جوگرافیای مێژوویی کوردستاندا هەبوون دەتوانرێت دەروویەکی ڕۆشن بۆ ئەم بابەتە بکەینەوە، ئەوەی تائێستاش لە ئەنجامی پشکنین و گەڕان لەم بارەیەوە خەملابێت چەند شوێنەوارێکی دێرین کە گرنگترین مەڵبەندی چاند بوون لە مێژووی خۆرهەڵاتدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک پاش ڕۆشنگە فەلسەفییەکانی یۆنان، میسر و سوریا، بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٣٢٣پ.ز. (ئەسکەندەری مەکەدۆنی تیا مردووە) تا سەدەی هەشتەمی زایین، لەو شوێنەوارانەیش وەک (ئەنتاکیا: ئافای)، حەڕان، ڕەها، نسێبین و گوندی شاپوور.

لێرەدا، دەشێت تەنها ئەوەندە بوار هەبێت کە بۆ ماوەیەکی کەم ڕۆشنایی بخەینە سەر یەکێک لەو شوێنەوارانە و خودا یار بێت لە داهاتووشدا پشکنین و لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر شوێنە دێرینەکانی تر. بە ئومێدی ئەوەی دەروویەک بێت بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنە گرنگە کە تائێستا وەک پێویست لێی نەکۆڵراوەتەوە، هەروەها پاڵهێزێکی ڕوون و هاندەرێکی بڕێو بێت بۆ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی خولیای ئەم لایەنەن تاکو بەشێک لەم ئەرکە پیرۆزە بگرنە ئەستۆیان و ئەوانەی لێرەشدا بەهەڵە لێکدرابێتنەوە و بۆی چووبین، بە شێوەیەکی زانستانە ڕاست بکرێنەوە تاکو بە هەموو زیاتر خزمەت بە کەلەپوور و چاندی کوردەواریمان بکەین.

حەڕان HARRAN شارێکی زۆر دێرین و گرنگ بووە لە مێژووی پساتدا، یەکێکە لەو شوێنەوارە دێرینە لەبیرچووانەی کوردستان کە لەوانەیە لەلایەن زۆربەی ئاخێوەر و ڕۆشنبیری کوردەوە ئەوەندە بەر گوێ نەکەوتبێت. ئەم شارە کە کەوتۆتە سەر ڕووباری گۆلاو کە عارەب کردویە جەلاب Djullab بوویەوە کاروانسەرایەک بۆ ڕێگاکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا. یۆنانە کۆنەکان ئەم شارەیان بە Kappav ناویان بردووە و ڕۆمە بیزەنتییەکانیش بە کەرخە Carkha، کەشیشە دیانەکانی ئەو سەردەمەش بە هێلینۆپۆلیس Hellenopolis ناویان بردووە کە بە مانای شاری بێدین دێت، چونکە دانیشتووانی لە کاتی پەیدابوونی ئایینی دیانیشدا هەر لەسەر بێباوەڕی خۆیان بوون.

ئەم شارە هەروەکوو لە (یاقووت ئەلحەمەوی)دا باسکراوە... "قەڵەمڕەوی چوارەمە و بە قۆناغ تاقەڕۆژێک لە شاری ئۆرفە Urfaی ئێستا و دوو ڕۆژیش لە ڕەخا Rakhaوە دوورە، شارێکی گەلێک دێرینە و خەڵکیش بڕوایان وایە کە زادگای حەزرەتی برایم پێغەمبەر بووبێت. ماڵی (سین Sin)ی خواوەندی مانگ بووە." جا بەگوێرەی بۆچوونی ئەلبیرونی بێت کە لە (الاثار الباقیە)دا ئاماژەی بۆ کردووە دەبێت شاری حەڕان تایبەت بووبێت بە خواوەندی سین، دەشێت هەر لەبەرئەوەش بووبێت کە لە شێوەی مانگدا دروستکراوە.

سەردەمی خەلیفەنشینی عومەری کوڕی خەتاب، لە ١٩ی کۆچی (٦٤٠ز)دا، ئیسلامەکان بەبێ جەنگ چوونە شارەکەوە کە لەودەمەدا گرنگترین شاری هەرێمی دیارمودەر بووە، هەروەکوو بەلاذریش لە (فتوح البلدان)دا دەڵێت: ئەیادی کوڕی غەننام بەبێ جەنگ شاری حەڕانی داگیرکردووە. ئیبن ئەبیعوشەیبییەش لە (عیون الانباء في طبقات الاطباء)دا نووسیویەتی کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پزیشگای ئەسکەندەریای گواستۆتەوە بۆ شاری حەڕان، خەلیفە مەروانی دووەمیش کردویەتی بە نشینگەی خۆی و پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی، هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کە بناغەی مزگەوتی بەناوبانگی حەڕان دانرا و کرایەوە. ئەلیەعقوبی لە (التاریخ)دا دەڵێت: "کە خەلیفە مەروان کۆشکەکەی خۆی تیادا دروست کردووە بە ناوی (ضباب البین)، ئەم کۆشکە نزیکەی دە ملیۆن درهەمی ئەو سەردەمی تێچووە.

لە مێژووی (الطبری)دا دەڵێت: کاتێک کە عەباسییەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئێران و عارەبستانی عیراق و بەشی خۆرهەڵاتی کوردستاندا سەپاندووە، خەلیفە مەروانیش لە دواهەوڵدانیدا بۆ گەڕانەوەی خەلافەتەکەی، لە شاری حەڕانەوە بە سوپایەکی دوانزەهەزار جەنگاوەرەوە بەرەنگاری عەباسییەکان بۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لەبەر ئەو شاڵاوەدا ڕابگرێت. بەم چەشنە ئەم شارە چۆتە ژێر دەسەڵاتی عەباسییەکان و کۆشکەکەشی دەکەوێتە بەر تاڵان و وێرانکردن، تاکو سەردەمی سەرەتای خەلفەنشینی هاروونە ڕەشیدیش هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا بەڵام پاش ماوەیەک کە کەوتە نەخشەکێشان بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشاندنەوە، ئەم شارە بۆ جارێکی تر بەر ئەو بایەخپێدانە کەوتەوە، هەروەکو ئیبنونەدیمی ئەلبەغدادی لە (الفهرست)دا دەڵێت: "جۆگەیەک لە ڕووباری گۆلاوەوە بۆ شارەکە براوە، کاتێکیش خەلیفە مەئموون لە ساڵی ٢١٥ی کۆچی (٨٣٠ز.)دا هێرشی بۆ سەر بیزەنتەکان بردووە بەنێو ئەم شارەدا تێپەڕیوە، جا کە زانیویەتی دانیشتووانەکەی بێدینن، زۆری لێ کردوون کە ئایینێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، ئیتر یان ببن بە موسوڵمان یان هەر ئایینێکی تر کە ئیسلام ڕێگەی بدات. ئەگەر بیانەوێ بەبێ ئایین بمێننەوە ئەوا بە زەندیق سەیر دەکرێن، نەفرەتیان لێ دەکرێت و بە مەرەی لەناوبردن دەبرێن، ئەوانیش بۆ ئەوەی لە مردن خۆیان بپارێزن داوایان کرد کە ڕێیان بدەن ببنە سائبی کە ئیسلام پاوانی نەدەکرد." هەرچەندە ئەو ئازادییە ئایینییەشیان تاسەر بۆ نەلوا چونکە لە سەردەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی (یانزەی زایین)دا دیسانەوە نائاسوودە کرانەوە و دواپەرستگاشیان تاڵانکرا و ڕووخێنرا.

دوای ئەوە شاری حەڕان کەوتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی نومەیرییەکان کە عارەبی دەشتەکی و دەوارنشین بوون، یەکەمین سەرگەورە و دەسەڵاتداریشیان یەکێک بووە بە ناوی وەساب

(٣٨٠-٤١٠)ی کۆچی (٩٩٠-١٠١٩)ی زایین. شایانی باسە لەسەر یەکێک لە دەروازەکانی قەڵای شارەکە ناوی مانی[1] لێ هەڵکۆڵراوە کە سێهەمین سەرگەورەی ئەو بنەماڵەیە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو (مانی)یە تا مردنی کە نزیکەی ٤٥٦ی کۆچی (١٠٦٣ز.) دەکات فەرمانڕەوایی ئەم شاری کردووە. کاتێک کە ئەو بنەماڵەیە فەرمانڕەوایی خۆیان بەستەوە بە فاتمییەکان و چوونە پاڵیان ئیتر شاری حەڕانیش تا نزیکەی ساڵی ٤٧٥ی کۆچی (١٠٨١ز.) بووە یەکێک لە شارەکانی دەوڵەتی فاتمی، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە ئیتر کەوتە ژێر ڕکێفی لایەنگرێکی سەلجوقییەوە بە ناوی ئوخەیلدی شەرەفولدەولە و لەلایەن (یەحیای کوڕی ئەلشاتر)یشەوە فەرمانڕەوایی کراوە. هەرچەندە پاش دوو ساڵ حەڕانییەکان بۆ ئازادی وەدەستهێنان لەدژی ئەو فەرمانڕەواییە و دەسەڵاتی سەلجوقییەکان ڕاپەڕین، بەڵام زۆر بەخێرایی و دڕندانە سەرکوتکران و نائومێد بوون، خاچدروشمەکانیش Crusaders کە لە ساڵی ١١٠٤زاییندا شاری ئێدیسایان Edessa داگیرکرد، ئاوی جۆگەکەیان لە حەڕان بڕیوە.

کاتێک عیمادەدینی زەنگی میرنشینی زەنگی لە موسڵ دامەزراند، لەنزیک ساڵی ٥٢١ی کۆچی (١١٢٧ز.) شاری حەڕانی کردە بەشێک لە دەسەڵاترەوی خۆی. لە سەردەمی میر نورەدیندا ساڵی ٥٤٤ی کۆچی (١١٤٩ز.) و دواییش لەلایەن سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبییەوە بایەخ و گەشەی پێدراوە و مزگەوتەکەی فراوانتر کراوە. ئیتر لەودەمەوە دوو فەرمانڕەوای تیادا دەسڕۆ بووە یەکێک بۆ سەرانسەری شارەکە و ئەویتر بۆ قەڵاکەی.

ئیبنولئەثیر دەڵێت: "لەدەوروبەری ٥٥٧ی کۆچی (١١٧١ز.)دا میر موزەفەرەدین بووە بە فەرمانڕەوای حەڕان و لایەنگری سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبی، بەڵام لەدوای ساڵی ٥٥٨ی کۆچی (١١٩١ز.) سوڵتان سەلاحەددین ئەو شارەی خستە ژێر دەسەڵاتی ئەلمەلیکولعادلی برایەوە، ئەویش ئەوەندەی تر قەڵاکەی مەزنتر و ئاوەدانتر کرد.

شایانی باسە کە لە سەدەی شەشەمدا دوو جار بوومەلەرزە لێیداوە، جارێک لە ساڵی ٥٠٨ی کۆچی (١١٤ز.) و دووەم جاریش لە ساڵی ٥٥٢ی کۆچی (١١٥٧ز.).

مێژوونووسی ئیسلامی ئیبن شەدداد دەڵێت: "لەنێوان ساڵانی ٥٩٩ی کۆچی (١٢٠٢ز.) بۆ ٦٢٦ی کۆچی (١٢٢٩ز.) حاجیب عەلی لەلایەن سوڵتانی ئەیوبییەوە (ئەلمەلیکولئەشرەف) کراوە بە فەرمانڕەوای شاری حەڕان. خوارزمییەکان کە لە مەنگۆلستانەوە هاتوون لە ساڵی ٦٣٥ی کۆچی (١٢٤٠ز.)دا شار و قەڵاکەیان داگیرکردووە بەڵام پاش سێ ساڵ ئەیوبییەکان لەلایەن ئەلمەلیکونناسرەوە توانیان جارێکی تر بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ئەمانیش پاش ماوەیەک فەرمانڕەواییان ئەوەندەی نەخایاندووە، ئەو دەسەڵاتکزییەشیان ڕێی بۆ مەنگۆلە ـ تاتارەکان خۆش کردووە کە زۆر بەئاسانی و بە هێرشێکی دڕندانەوە خۆیان بدەن بەسەر ناوچەکەدا و چییان بکەوێتە ڕێی تالان و وێرانی بکەن. ئەبولقاسم کە کوڕەزایەکی شێخی حەیات بووە (تاکو ئێستاش گڵکۆی لە دەرەوەی شارەکە ماوە) لەگەڵ هۆلاکۆدا ڕێکەوتنێکی کردووە و قەڵای شارەکەشی داوە بەدەستەوە.

لە ساڵی ٦٦٢ی کۆچی (١٢٦٣ز.)، تەقیەددین ئەحمەدی کوڕی تەیمیە کە گەورەپیاوێکی ئایینی ئەو سەردەمە بووە (هەر لەو شاری حەڕانە لە دایک بووە و پاشان چۆتە شاری دیمەشق) لە ساڵی ٦٧٠ی کۆچی (١٢٧١ز.)دا بەزەبری هێزێکی (عەلادین تیبەرس)ەوە توانی تەنگ بە مەنگۆلەکان هەڵچنێت و ناچاریان بکات تا ئەولای موسڵ و ماردینیش پاشەکشێ بکەن، بەڵام مزگەوت و دیواری شارەکە و زۆربەی هەرە زۆری خانووەکانیان وێران کردووە.

لە ساڵی ٧٠٣ی کۆچی (١٣٠٣ز.) مەمالیکەکان هەڵمەتیان بردۆتە سەر مەنگۆلەکان و شکاندوویانن، قەڵەمڕەوی ناوچەی جزیرە، کە شاری حەڕانیش ئەو سەردەمە بەشێک بووە لێی، کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی مەمالیکەکانەوە. ئیتر لەو مێژووەوە ئەم شارە گرنگ و پڕ لە کارەساتە تاکو ڕۆژگاری ئیمڕۆمان بە وێرانە و بێ ئاوەدانی ماوەتەوە.





## بزووتنەوەی بیری فەلسەفی و وەرگێڕان لە(حەڕان)دا

شاری حەڕان، هەر لە سەرەتای سەردەمی عەباسییەکانەوە،[2] ڕۆڵێکی ڕۆشنبیریی فراوانی تیادا بینراوە. دەشێت بووترێت کە لەو سەردەمەوە گرنگترین مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و دووهەم خوێندنگەی فەلسەفەی لەدوای ئاکادیمیاکەی ئیفلاتوون و گرنگترین مەڵبەندی وەرگێڕانی بەدرێژایی ژیاری ئیسلام تیادا دامەزراوە. زۆر لە دانا و زانا بەناوبانگەکانی ئیسلام ئاماژەیان بۆ گرنگیی ئەم شارە کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەوانە: ئیبنونەدیم، ئەلشەهرستانی کە لە (الملل والنحل)دا بەدوورودرێژی لەسەری دواوە، محەمەد جەمیل ئەلشەتتی لە (مختصر طبقات الحنابلة)دا وێڕای ئەوەی کە لە گرنگیی شارەکە دواوە، ئاماژەی بەوەش کردووە کە بنکەی دینزای حەنبەلییەکان بووە، ئەم ناودارانە و چەند کەسانی تری مانەندیان زۆربەی چالاکی و بزووتنەوەی باوەڕ و چۆنیەتی بیرکردنەوەی حەڕانییەکانیان لەنووسراو و یاداشتەکانیاندا نمایان کردووە و ناوی ئەو حەڕانیە بەتوانا و هەڵکەوتووانەیان بردووە و ئاماژەشیان بەو کارنامانەیان کردووە کە ڕۆڵێکی بژێویان گێڕاوە لە ڕەوتی مێژوودا، وەک ثابت کوڕی قوڕڕە کە چەندین نووسراوی سروشتناسیی (میتافیزیکا) و ئەستێرەناسیی لە یۆنانی کۆنەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی، هەروەها ئەلبۆتانی[3] (بە زمانی لاتینی ئەلباتینیۆس Albateniusی پێ دەوترێت) کە یەکێکە لە ئەستێرەناسە بەناوبانگەکانی مێژوو. هەر لەوانەوەڕا دەگەینە ئەو بیر و بۆچوونەی کە ئەم حەڕانییانە بۆ یەکەمجار ئەستێرەناسیی بابل و پەند و دانستنامەکانی ئێران و بیری فەلسەفیی یۆنانییەکانیان گوێزاوەتەوە نێو ڕێبازی ئیسلامەوە و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە فەلسەفەی خۆرهەڵاتی ـ ئیسلامی هاتۆتە کایەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شارە گرنگە دەشێت مەڵبەندی ڕێبازی هورمسی و ئامۆژگای ئیفلاتوونیی نوێ (نیوپلاتۆنیزم) بووبێت، هەروەها زەمینەخۆشکەری گوێزانەوەی ئەو بیرە فەلسەفیە خۆرئاواییانەش بووبێت بۆ خۆرهەڵات بە بەڵگەی ئەوەی کە بیروباوەڕیان خۆی لەخۆیدا زۆر لێکچوونی لەگەڵ بیرە فەلسەفییە یۆنانییەکاندا هەبووە. باوەڕیان وا بووە کە هەرچی ئەستێرەیە خواوەندە و چاودێر و کارگێڕی ئەم جیهانی زەوییەن. با، باران، سەرما و گەرما، زایین و مردنی هەموو زیندەوەرێک، هەر یەکێک لەمانە ئەستێرەیەکی ئاسمان خوڵقاندوویەتی. هەموو ئەو ئەستێرانەش کە هەریەکە و خواوەندێکن، پێوەندی خودای مەزنن بە مرۆڤەوە، بێگومان ئەم جۆرە بیروباوەڕەش زۆر جیاوازە لەو باوەڕەی کە پێغەمبەران نێردراوی خودان بۆ مرۆڤ. واتە حەڕانییەکان بڕوایان بەوە نەبووە کە پێغەمبەران فرستادەی خودان بۆ مرۆڤ و بەلای خۆیانەوە پێویستییان بە هیچ پێغەمبەرێک نەبووە، چونکە بەلایانەوە هەموو ئادەمزاد یەکسانن بۆ پەیوەندیکردن بە خوداوە، گیانی هیچ مرۆڤێکیشیان لە خۆیان بە باڵاتر نەزانیوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جیهانی ئاسمانییەوە هەبێت.

بە واتایەکی تر، بڕوایان بەوە نەبووە کە ئادەم باوکی مرۆڤی سەرزەوییە بەڵکە مرۆڤ هەر لە سروشتەوە دروست بووە. جا بۆ ئەوەی بیانەوێت پەیوەندییان بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە هەبێت بایەتە هەر یەکە دەروونی خۆی لە جیهانی ماددی پاک بکاتەوە و لە ئارەزووی ناپاک خۆی سەرفراز بکات، ئیبنونەدیمیش کە لە ئەلکیندییەوە وەریگرتووە دەڵێت: سائیبەکانی حەڕان لایان وابووە کە ئاسمان ئاوەزانە، هەر بە خۆی دەبزوێت، چاکە و خراپەیش هەر لە گیاندا دەبێت و هیچ سزا و

پاداشتێکیش بۆ گیان بۆ زووڕوانێکی داهاتووی دیارکراو هەڵناگیرێت. بۆچوونیشیان بۆ بوون و نەبوون، کات و شوێن، بزووتنەوەی بوون هەروەک بۆچوونی ئەرستۆیە. خودایش تاکە و بێڕەنگ و بێوێنەیە، سۆلۆگسمۆسی نییە ـ واتە بە پێوان نەسەلمێنرێت ـ و بە ئاوەزیش پەیی پێنابرێت. هەر لەم بارەیەوە ئەلبیروونی گوتوویەتی: "ئێمە لەوە زیاتر نازانین جگە لەوەی کە ئەو حەڕانییانە خەڵکێکن کە خوا بە تاک و بێگەرد دەزانن بەڵام بە چەوتی بیری لێ دەکەنەوە چونکە نە دەبینرێت نە زیانبەخشە و نە زۆرداره، چاکەیشی ناخەنە پاڵ تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێن چاووگی ڕووناکییە." هەروەها لە (الاثار الباقية)دا گوتوویەتی: "حەڕانییەکان کە لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا (نزیک ساڵی دووسەد و بیستوهەشتی کۆچی) خۆیان خستۆتە ئامێزی دینی سائیبییەوە. پێشتر بە حەنەفی و گومڕا ناسراوبوون، لە بەرەبابی ئەوانەن کە خاوەنی ئایینی کۆنی خۆرئاوایی ـ واتە یۆنانی ـ بوون کە لەپاش ئەوەی ڕۆمە یۆنانییەکان بوون بە دیان ئەمان هەر لەسەر باوەڕی خۆیان ماونەتەوە." بەڵام پرسیار لێرەدا دەکرێت ئەوەیە کە ئەم حەڕانییانە چۆن بوون بە سائبی؟ واتە بۆچی ئایینێکی تریان جگە لەو ئایینە هەڵنەبژاردووە؟ بەتایبەتی ئایینێکی بەهێزیان لە ڕووی سیاسییەوە هەڵنەبژاردووە و کە لە هەمان کاتیشدا خەلیفە مەئموون زەبری گەورەی لەسەریان هەبووە و بە زەندیق و گومڕا لە قەڵەمی داون؟

ئەلبیرونی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: "باوەڕی سائبی کە هەندێک لە خەڵکی باشووری عێراقیش پێڕەویان کردووە، بەشێکە لە بیروباوەڕی ئایینەکانی هیندی و فارسی کۆن کە ئەستێرەپەرست بوون." لە مێژینەی بیر و بۆچوونیانەوە وا دەردەکەوێت کە باوەڕیان پێکەڵێک بووبێت لە زاردەشتی، مانیی، فەلسەفەی فیثاگۆرسی Pthagorismی یۆنانی، هورمەسی Hermetism و فەلسەفەی ڕازگەری Gnosism.

لەو پێغەمبەر و دانایانەش کە پێڕەوییان کردبێت بریتی بوون لە شیت، ئیدریس، بەئادیمۆن، ئاگاتۆدیمۆن، هورمس، سۆلۆن (باپیری ئەفلاتوون)، والیس، فیثاگۆرس و بابەشاسوار (کە زانای ئیسلامی کیندی بە باباوسواری ناوی بردووە) کە باپیری ئیفلاتوونە لەدایکییەوە. بەم چەشنە باوەڕ و بیر و بۆچوونەیان توانییان پردێکی پەیوەست و بەپیت بسازێنن بۆ گوێزانەوەی بیری فەلسەفی یۆنان بۆ نێو ژیاری ئیسلام. بە وەرگێڕان و ئەمجا بە ڕەباز و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە توانیویانە ئامۆژگارییەکی وەها بهێننە کایەوە کە مانەندی ئاکادیمیاکەی ئیفلاتوونی ئەسینایی بێت لەگرنگیدا. هەر بە ڕێگای ئەو وەرگێڕان و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیان ببنە زانا و مامۆستای فەلسەفە، لێهاتووانە و لێزانانەش هزر و دیمانە فەلسەفییەکانی تایبەت بە خۆیان بڵاو بکەنەوە. گرنگیی ئەم کارەشیان لەوەدا بووە کە فەلسەفەی یۆنانی و ئایینی ئیسلامیان لە یەک کاتدا خوێندۆتەوە و چوستانە و زرنگانە ڕێبازی نوێیان لە فەلسەفەی ئایینی لێ هەڵگۆزیوە. بۆ نموونە: ئەو بیر و بۆچوونە فەلسەفییانەی کە تایبەت بووە بە خۆیانەوە دەربارەی بوون و گەردوون، خودا و خوداوەند... توانیویانە بیئاوێزێنن لەگەڵ بیری میتافیزیکیانەی قورئان و تێڕوانینە فەلسەفییەکانی یۆنان. هەروەکو ثابت کوڕی قوررە کە یەکێکە لە وەرگێڕە هەرە لێهاتووەکانیان، هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانی بە فریشتە لێکداتەوە. لەو کارە گرنگانەی تریان ئەوە بووە کە هەرچی زاراوەیەکی سریانی و یۆنانی لە کارنامەکانیاندا بهاتایەتە ڕێگەیان دەیانگۆڕییە سەر زمانی عارەبی و شێوەزاری قورئانیان دەدایێ. هەرچی ئەو زانا و دانایانەی ئیسلامیش کە بەدوایاندا دەهاتن هەمان چەشن و ڕێبازیان دەگرتەبەر و سەرکەوتووانەش پەرە و گەشەیان بە بەرهەمەکانیان دەدا.

زۆری ئەو ژێدەر و سەرچاوە مێژووییانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێخۆشکەری هاتنی فەلسەفەی یۆنانی بۆ نێو حەڕانییەکان لە شاری ئەسکەندەروونەی سووریاوە بووە. سەردەمی ئەو هاتنەش بەر لە ئیسلام بووە و زیاتر لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی ئەسکەندەی مەکەدۆنیدا







دەستی پێکردووە و تا وەدەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەشی هەر بەردەوام بووە. کاتێک کە ئیسلامییەکان هاتوون و بە هەموو ئەو هەرێم و ناوچانەی کە تیایاندا بڵاوبوونەتەوە، زمانی عارەبیان کردۆتە زمانی ڕەسمی و زانست و ڕۆشنبیری بە ناوی ئەوەی کە زمانی قورئانی پیرۆزە و قورئانیش فەرموودەی خودایە. جا حەڕانییەکانیش... ئەگەرچی موسوڵمان نەبوون بەڵام لەبەرئەوەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە ناچار بوون زمانی ڕۆشنبیری و نووسین و کارنامەکانیان کە بە سریانی و فارسی و یۆنانی بووە بیگۆڕنە سەر زمانی عارەبیی قورئان، لەو بابەت و ڕشتە نووسراوانەی کە لەودەمەدا باو بوون و وەرگێڕانیان بایەخی پێ دەدرا بریتی بوون لە ئەستێرەناسیی Astronomy، کیمیازانیی، زارشتیی (علم المنطق Logic)، کاتێکیش خەلیفەکانی ئیسلام گرنگیی ئەو زانیارییانەیان بۆ دەرکەوتووە ئەوەندەی تر بایەخیان پێداوە و هانی پەروایان و لێزانانیان داوە کە هزر و بیری خۆیان بخەنە گەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو زانستانە.

دەشێت لەم هاندان و هەوڵدانەیاندا بەهێزکردن و فراوانترکردنی دەسەڵاترەوییەکەیان مەبەست بووبێت. بۆ نموونە: دەشێت ویستبێتیان بە هۆی زانستی کیمیاوە لە نهێنییەکانی مادەن Meniral و کانزا Metalەکان بزانن بەتایبەتی لە دۆزینەوەی چۆنیەتیی کردنی کانزایەکی کرپۆڵی هەرزان و بێبەهای ئەو سەردەمانەی وەک جیوە بە کانزای زیو یان مسی زەرد بە زێڕسارا کە زیاتر مەبەست بوو. یاخود ویستبێتیان بە هۆی زارشتیی و خواناسیی Theology، فەلسەفەی فیزیک و میتافیزیک و ڕامیارییەوە نێوەندی دەسەڵاترەوییان بەهێز بکەن و بیر و ڕێبازی نەیار و دوژمنەکانیان لە کۆڕی شەنگەبێژی و لێکۆنۆڕیندا (مناظرە) لاواز بکەن و بیانبەزێنن بەتایبەتی ئەوانەی لە بازنەی بیری ئیسلامیدا نەبوون وەک مانی و زەردەشتییەکان. لەبەر ئەوە ئەو وەرگێڕە حەڕانییانەیان دەگرتە خۆ و هانیان دەدان هەرچییەک بزانن لە خزمەتی خۆیاندا بێت و وەریبگێڕنە سەر زمانی عارەبی. ئەو هاندانەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو وەرگێڕزانانە دەستوەردانی وەرگێڕانی ئەو بوارە فرەلایەنانە بن. لەو حەڕانییانەی لە مێژووی وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ زمانی عارەبی ناوبانگیان بووە: یۆحەنای باتریک (لە ساڵی ۲۰۰ی کۆچیدا مردووە) کە بۆ یەکەمین جار فەلسەفەنامەیەکی ئەرەستۆ بە ناوی (ئاسمان و گەردوون)ی وەرگێڕاوە، حەنین کوڕی ئیسحاقی یەزیدی حەڕانی (لە ۲٦۰ی کۆچیدا مردووە) وەرگێڕانەکەی یۆحەنای زۆر پێ باش نەبووە و لێزانانە چاککاریی تیادا کردووە، ئیسحاق کوڕی حەنین (ساڵی ۲۹۸ی کۆچی مردووە) وەرگێڕانەکەی حەنینی باوکی هێناوە و دەستکاریی تیادا کردووە. لە سەردەمێکی دواتردا چەند وەرگێڕێکی تر ناویان دەرکەوتووە وەک ئەبوبیشر مەتتی کوڕی یونس کە دووەم شێکارنامەکەی ئەرەستۆی وەرگێڕاوە بە ناوی سیلۆگیزم Syllogism (بە مانای زارشتەپێوانە /القياس المنطقى دێت) هاوسەردەمی فارابی بووە و ساڵی ۳۲۸ی کۆچی مردووە، یەحیای کوڕی عەدی کە لە دوانیوەی سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە و چەندین لێزانی تر لەم بوارەدا.

ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەر بەهۆی حەڕانییەکانەوە فەلسەفەگەرییەکەی ئەرەستۆ هاتۆتە نێو ئیسلامەوە، هەروەها ئەوەش دەگەیەنن کە زەمینەیەکی ڕۆشنبیری مەزنی وەک بیری فەلسەفەی ـ ئاوەزی بەرلەوەی لەنێو عارەبدا هەبوو بێت لە کوردستاندا هەبوو ئەگەرچی لەبنەڕەتدا بەشێکی بیروباوەڕی زەردەشتیانە و مانی باوەڕ بووبێت، یاخود دەشێت لەگەڵ لەشکرکێشییەکەی ئەسکەندەردا بەهاری بیری فەلسەفەی یۆنانی و ئەرەستۆیی و ئیفلاتوونی بووبێت، یاخود هورمەسی و پاییزی بیری فەلسەفەی یۆنان و نیوپلاتۆنیزم بووبێت.

ئیبنونەدیم لە (الفهرست)ەکەیدا دەڵێت: "هۆی فرەبوونی نووسراوە فەلسەفییەکان و زانستە کۆنەکان لەو وڵاتانەی ئیسلامدا ئەوە بووە کە گوایە مەئموون ـ

خەلیفەی عەباسی لە خەونیدا ئەرەستۆی دیتووە و پێی ڕاگەیاندووە کە فەلسەفەنامەکانی یۆنان بەتایبەتی ئەوانەی خۆی وەرگێڕدرێتە سەر زمانی عارەبی و بەبێ مەترسیکردنیش لە ئایینی ئیسلام بخوێنرێتەوە، بۆ ئەو کارەش بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردووە.

مەئموون لەم کارەدا ویستوویەتی بەهۆی ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە لە وەرگێڕانی ئەو نووسراوە فەلسەفی و زانستانەوە زەمینەیەکی هزری پتەو بۆ نێوەندی دەسەڵاتڕەوییەکەی بخات تاکو بتوانێت بەکاری بهێنێت لە ڕووی ئەو تەیار و گرۆهە ئایینزا(مذهب)یانەی دژی دەوڵەتی ئیسلامی سوننی دەبنەوە وەک مانیی[٤] و ئیسماعیلی و شیعەکان کە هەندێک لە کورد و فارس و ئەفغانی و ئازەری پێڕەوی بوون. ئەو دەمەی پێغەمبەر لە حیجاز ـ جەزیرەی عارەبی بانگی ئیسلامەتی دەدا، زۆری کوردستان بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرێتی ساسانی (هەندێک لە مێژوونووسان بە ئێرانی گەورە ناویان بردووە). کە ئیسلام تەشەنەی کردووە و هەموو ئێرانی گەورە لە سەردەمی عەباسییەکاندا بەتەواوی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە، کوردستانیش کە بەشێک بووە لەو ئێرانە گەورەیە بۆتە مەیدانێک بۆ بزووتنەوە ئایینی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە خەڵکی ئەو هەرێمە کۆنانەی ئێرانی گەورە، بەر لە هاتنی ئیسلام ڕەدووی ئایینی زەردەشتی و مانیی و مەزدەکی کەوتبوون بەڵام کە ئایینی ئیسلام هات و چووە ناویانەوە ناچار بوون کە واز لە باوەڕی پێشینیان بهێنن و خۆیان بخەنە ئامێزی ئەو ئایینە نوێیەوە (واتە ئیسلام). بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامی زەبری توندی دەسەڵاتدارانی عارەب کە ئایینی.ئیسلامیان کردبووە دەستاوێژێک و خواستی داگیرکردن و خۆبەزۆرسەپاندیان پێ دەهێنایە دی بۆ سڕینەوەی زمان و کەلەپووری ئەو گەل و نەتەوانەی دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتیان، چەندین ڕاپەڕین و بزاڤی ئایینی و ڕامیاری چ بەنهێنی و چ بەئاشکرا بە زەمینەی کۆنیانەوە دژ بە دەسەڵاتی خەلیفەنشینەکان پەیدا دەبوو، پاڵهێزی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش تەنها ئەو بیر و هۆش و فەلسەفەی ڕێبازەکەیان بووە کە لە چەند ئایینزا و تەیارێکی ئایینیدا ڕەنگی دابووەوە وەک شیعە، ئیسماعیلی، یەزیدی، علیوللاهی، ئەهلی هەققە و سۆفیگەری و... چەندینی تر.

کەواتە، دەشێت ئەو بزووتنەوە وەرگێڕانانەی کە خەلیفە مەئموون هاندەر و بایەخپێدەری بوو، مەبەستێکی ستراتیژیانەی بووبێت دژی بنجی ئەپستمۆلۆژی نەیارەکانی، بەڵام ئاکامەکەی هاتنی فەلسەفەی یۆنانی بوو بۆ نێو ئیسلام کە لێوەی ڕا فەلسەفەی ئیسلامی هەڵات و گەشەی کرد. وێڕای ئەمانەش گەر ئەو هونەری وەرگێڕانە نەبایە، لەوانەبوو فەلسەفەی یۆنانی بەتەواوی نەگەیشتبایە ئەوروپای خۆرئاوا چونکە زۆر لە دەستنووس و فەلسەفەنامەکانی یۆنانی پاش ئەوەی کرابوونە عارەبی خودی دەقە یۆنانییەکان لێیان بزر دەبوو و نەدەدۆزرانەوە. کەواتە دیسان دەشێت بووترێت کە بەهۆی ئەو وەرگێڕکارانەی حەڕانییەکانەوە بووە کە فەلسەفەی ئیسلامی داهاتووە، یاخود بە واتایەکی تر، فەیلەسووفە ئیسلامییەکان بەهۆی ئەو وەرگێڕدراوانەوە بەو ڕادەیە کارلێکراو بوون کە دژی ئایینی ئیسلام نەبوون. بۆ نموونە ئەبونەسر ئەلفارابی (٨٧٨؟–٩٥٠ز.) کە لە فاراب لە دایک بووە، چۆتە شاری حەڕان، بەهۆی ئەو وەرگێڕە حەڕانییانەوە بە فەلسەفە ئاشنا بووە و وەرگێڕدراوەکانی ئیفلاتوون و ئەرەستۆی خوێندۆتەوە، ئەمجا بەلێهاتوویی خۆی لەسەر فەلسەفەی ئەو دووانە فەلسەفەکەی خۆی داڕشتووە و سەرکەوتووانەش توانیویەتی شەریعەتی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی هۆگری یەکتر بکات. هەروەک خۆی لە نووسینەکەیدا بە ناوی (کۆکردنەوەی ڕاکانی دانایان





ئیفلاتوونی لاهووتی و ئەرەستۆ) دەڵێت: "زۆر لە خەڵکی ئەم سەردەمەمانەم دیتووە دژایەتییان لەنێواندا بووە لەسەر دێرینی و نادێرینی جیهان و بڕواشیان وابووە کە ستێزە و ناکۆکیی زۆر لەنێوان ئەم دوو دانا مەزنەدا هەیە سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خولقێنەری یەکەم و کێشەی ئاوەز و گیان، هەروەها کێشەی خێر و شەڕ و ڕامیاری، ڕەوشت و زارشت. جا لەم داڕشتەیەمدا ویستوومە ڕای هەردوو ئەو دانایانە کۆ بکەمەوە و ناوەڕۆکی بیروڕایان ڕوون بکەمەوە بۆ ڕێکخستنی بیروڕای هەردووکیان. بۆ ئەوەی گومان و دوودڵی لەو کەسانەدا نەمێنێت نووسراوەکانیان دەخوێننەوە. ئەو سەردەمەش کە فارابی چۆتە شاری حەڕان دانای دیانی یۆحەنای کوڕی حەیلانی لەوێ بووە کە شارەزاییەکی تەواوی لە زارشتیی یۆنانیدا هەبووە و فارابیش هۆگری ئەو شارەزایییەی بووە و توانیویەتی کەڵکی لێ وەربگرێت. یاخود ئیمامی غەزالی (١٠٥٨ز.–١١١١ز.) کە بەو ڕێژەیە گەلێک کەڵکی لەو نامە وەرگێڕدراوانە وەرگرتووە کە پێوەندی بە زانستی ژمێرە و ئەندازە و پێوان و شێوەی گەردوونەوە هەبووە. هەروەها کەڵکی لە زارشتی یۆنانییەکانەوە وەرگرتووە کە زانستێکە زیانی بۆ ئایین نییە و هەموو سروشتیش خودا خولقێنەر و بزوێنەرێتی. هەروەها لە ڕامیاریشی کۆڵیوەتەوە لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی سەردەمەکەی بووە، لە نووسراوە ڕەوشتزانیی Ethic یەکانیشی کۆڵیوەتەوە چونکە لە ڕەفتار و دەروونی مرۆڤ دواوە. هەروەها ئەبوبەکری زەکەریای ڕازی (٨٦٥؟–٩٢٥؟ز.)یش کە بەتەواوی کاریگەریی بیروڕای حەڕانییەکانی لەسەر بووە، پزیشکگەرێکی زۆر ناوداری ئەو سەردەمە بووە، چەند نووسراو و وتارێکی لەسەر نووسیون. جا ئەو کارنامانەی کە هەیبووە دەربارەی پزیشکگەریی و کیمیازانیی و ئەپستمۆلۆژی، لە هزر و بیری گنۆسیە هورمسیەکانەوە لەڕێی حەڕانییەکانەوە وەری گرتووە.

لەو نووسراوانەی کە ناوی شاری حەڕانی تیادا بردووە باسی ئەوەی کردووە کە یەکەمین مەڵبەندی ڕۆشنبیریی بووە لە جوگرافیای مێژوویی کە فەلسەفەی یۆنانی بە ئیسلام و خۆرهەڵات ناساندووە.

لەو دیاردە گرنگانەی تر کە مێژوو ئاماژەی بۆ کردووە ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای سەدەی زایینییەوە حەڕانییەکان بایەخیان بە زانستەکانی کلدانی و تەوژمەکانی فەلسەفەی یۆنانی داوە. گرنگترین ڕووداوای زانستی کە لە مێژووودا ناوی شاری حەڕانی پێوە ئاوێزا بێت، سەردەمی خەلیفەنشینی ئەلمتەوەکیلی عەباسییە کە ئەنجومەنی خوێندن لە شاری ئەنتاکیاوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەو شارە، بەرلەوە تا ساڵی ٩٩ و ١٠١ی کۆچی لە شاری ئەسکەندەریە بووە. بەڵام لە سەردەمی خەلیفەنشینی ئەلموعتەضددا گوێزراوەتەوە شاری بەغدا. بە درێژاییی ئەو ساڵانەی کە ئەنجومەنی خوێندن لە شاری حەڕاندا بووە، وەرگێڕەکان زرنگی و لێهاتوویی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ بەعارەبیکردنی زۆربەی نامە و نووسراوە هورمسییەکان، ئەم کارەش ئەوە دەگەیەنێت کە حەڕانییەکان بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بەشێکی زۆری کەلەپووری ڕۆشنبیریی و فەلسەفەی هورمسییەکانیان خواستووە. دەشێت هەر ئەو وەرگێڕنامانەیان بوو بێت کە هۆکارێکی باڵای گێڕا بێت لە پەیداکردنی ڕێبازەکانی ڕازگەری و سۆفیگەری لە ئیسلامدا.

شایانی باسە، ژیاریی ئیسلام (کە کوردستانیش بەشێک بووە لێی) لە ئەنجامی کاریگەریی بیری فەلسەفەی یۆنانی میثۆس Methosییەوە بووە بە لۆگۆس Logos، واتە لە چوونە ئەندێشە و پەرستنی ئەستێرە و مانگ و خۆرەوە، بووە بە بنەمای ئاوەزی زارشتی.

بێگومان ئەم چەشنە بیرکردنەوە و بۆچوونە زەمینەیەکی زۆر پێشکەوتووی خستەوە لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەلێک بواری تردا.

## پەراوێزەکان

١- بەپێی لێکدانەوەی زمانەوانی مێژوویی و بەراورد Philology، دیارە ئەو (مانی)یە هەر خەڵکی شاری (مان) بووە کە شوێنەوارەکەی زۆر لە شوێنەواری حەڕانەوە دوور نییە.

٢- مەبەستەکە سەردەمی عەباسیی یەکەمە کە یەکسەر رووخاندنی ئەمەوییەکانی بەدوادا دێت، لە ساڵی ١٣٢ی کۆچییەوە تاکو ٢٣٠ی کۆچی. هەندێک لە مێژوونووسانی عەرەب ئەم سەردەمە بە سەردەمی تۆمار و وەرگێڕان ناو دەبەن.

٣- ئەلبۆتانی کە عەرەب کردوویەتی بە البطانی، ناوی تەواوی ئەبوعەبدوڵڵا موحەمەدی کوڕی جابری کوڕی سینانی ئەلبۆتانی ئەلحەڕانی ئەلسائبییە کە بە لاتینی Albategni یان Alateniusی پێ دەوترێت. بەر لە ساڵی ٢٤٤ی کۆچی، ٨٥٨ی زایین، لە کوردستان لە شاری حەڕان لە دایک بووە، خێزانەکەی ڕەوەی ئایینی سائبی بوون، زۆربەی ژیانی لە ڕەخا: ڕەها Rakha بردۆتە سەر کە کەوتۆتە بەری خۆرئاوای ڕووباری فوراتەوە و زۆر لە دانیشتوانی حەڕانی نەژاد بوون. بۆتانی لەدواییدا چۆتە بەغدا بەڵام لە ساڵی ٣١٧ی کۆچی، ٩٢٩ی زایین، کە گەڕاوەتەوە بۆ زادگاکانی لەڕێ نزیک سامەڕا مردووە. چەند نووسراوێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە:

١- كتاب معرفة مطلع البرج.

٢- رسالة في تحقيق اقدر الاتصالات.

٣- شرح المقالات الاربع لبطليموس.

٤- الزيج.

٤- یەکێک لە بیانووەکانی موسوڵمان دژی مانیزمەکان ئەوە بوو کە مانییەکان باوەڕیان نەبووە قورئان پەرجوو (موعجیزە)ی ئیسلام بێت و لەئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، چونکە هەموو ئەو باس و بەسەرهاتانەی تیایدا نووسراون بەلای ئەمانەوە نوێ نەبووە و هەمان بەسەرهاتن لە تەورات و نووسیدەکانی تردا هەن (ابو الحسن الاشعري، مقالات الاسلاميين)، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد ج٢، القاهرة: مكتب النهضة المصرية ١٩٦٩، ج١، ص٢٩٦.



**فوئاد عەبدولڕەحمان**

ساڵی ١٩٥٥ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ بەشی فەلسەفە و کۆمەڵناسی لە زانکۆی عەرەبی لە بەیرووت-لوبنان تەواو کردووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاوە دەنووسێت، سەرەتا شیعر و پاشان لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەدەب و هونەر و فەلسەفە. شانۆنامەی (کالیگۆلا)ی ئەلبێر کامۆی کردۆتە کوردی و ساڵی ١٩٨٤ چاپ کراوە.



# نهێنییەکانی تەنیایی و هەڵوەرینی باڵە ڕەشەکانی شەو

خەبات عارف

نە قەڵای ڕەنگینی ژیان پەناگای دڵشکاوانە و نە گۆڕستانی خۆکوشتن!

چ نابینایە چاوی چارەنووسە سەپێنراوەکان و دەستی ڕق. نە بە ساتە مەستەکانی ئەم بوونە ڕام دەبین و نە تووڵەڕێکانی یاخیبوون بەرەو کەنارە دوورەکانی خۆکوشتن کێشمان دەکەن. بە دەستی چ مەرگێک لاشەی لەزەلکاوداونبوونی خەونەکانمان هەڵکێشین و بە کام هەناسەی سەهۆڵینی بسپێرین! ڕێی هەواری چ چارەنووسێک بگرینە بەر، کوڵی دڵ بە چ ئاواتێک بدەین و لە گۆڕستانی کام خەمدا لاشەی زیندووی خەونەکانمان بنێژین!

خواستەکانمان بە لق و پۆی چ درەختێکی ژیاندا هەڵبواسین!

هاوڕێیانی ساتەکانی سەرفرازی و سووکنایی‌ی ڕۆح، ئەمە سەردەمی هەڵوەرینی گەڵا زەردەکانی خەندە و بەئاگاهاتنەوەی لاشەی ڕەشهەڵگەڕاوی مەرگە. با لە تاریکستانی ئەم تەنیایی‌یە ئەبەدییەدا، گۆڕێک بۆ تەرمی یەک لەدوای یەکی خەونەکانمان بگێڕن و پێکەوە لەنێو ساتەکانی مردن و ژیانێکی سەرمەدیدا سەما بۆ گیانی تێکچرژاوی خۆمان و ئەم سەرزەمینە بەدۆزەخکراوە بکەین. با لە کانیاوی خەمەکانی یەکتر بخۆینەوە و سترانی نامۆیی بۆ خەونە بەسەرچووەکانمان بچڕین. چاو ببڕینە هەرەسی یەک لەدوای یەکی هیواکانمان و نوێژێک بۆ سەرەوەریی ڕۆحمان دادەین.

لەم هەوارە تەنیایەدا بێ لە خەونە پاکەکانمان چی ئەتوانێت سووکنایی‌یەک بە دڵمان بات. کێ ئەتوانێت چاو لە گوناهە ئاوییەکانمان بپۆشێ و دەستی ساتەکانی ورووژان و هەرەس و شێتبوونمان بگرێت. چ دەستێک ئەتوانێ لە ڕووباری بەخوڕی ئەم ژیانە سەنگینە قوتارمان کات. بێ لە خۆمان کێ ئەتوانێت، لە بەردەم گەلەگورگی ئەم شێوانە ئەبەدییەی ڕۆحا، دوو باڵی ئەفسانەیی، سەرێکی بەکڵپەبوومان پێ ببەخشێ و بەرەو ئاسۆی ژیانێکی دی هەڵمانگرێ. بێ لە سەری

به سەر نەکراوی خۆمان کێ ئەتوانێت، لەبەردەمماڵی وێرانە و کاولبووی بیرکردنەوەدا، لەم تاریکییەمان دابڕێ و ڕوومان بەرەو ئاستانەی ڕووناکییەکی نادیار وەرگێڕێت. لەم گۆڕەپانی تفەنگ و شمشێر و گڕبارانەدا، دەستەکانی خۆمان نەبێت چی شک ئەبەین، تا بیانکەین بە قەڵغانی پاراستنی چاوەکان و کوێرنەبوونمان. لەناو زەلکاوی یەقکردنەوە و هێڵنج و هەڕاجکردنی لەشە مردووەکاندا، درەختە وەنەوشییەکانی ئارەزوویەکی دێوانە و خۆرنشینی مەستی نەبێت، شنەبای نێو پرچی سەوزی چ درەختێک بە دنیای خەیاڵ و ساتەکانی لەزەتمان ئەسپێرێ!

چ بێسەودایە بازاڕی ڕۆحی هەڵوەدای ئێمە، چ نابینایە چاوی ڕق و دەستی چارەنووسە سەپێنراوەکان، گێژەی ئەم بوونە تاڵە تا بێت زیاتر لەنێو خۆیدا ونمان ئەکا و ناگەین بە مەرگ. ڕەشەبای ئەم کارەساتە گەورانە تا بێت زیاتر لەگەڵ خۆیدا هەڵمان ئەکا و ناگەین بە دەنگ. لەنێو خەونی ڕەنگەکاندا دەسووتێین و دەستمان ناگات بە داوێنی پاک و بێگەردی بێڕەنگی.

لەنێو گڕەی تێڕاماندا دەسووتێین و
ناگەین بە شنەی دیمەنێ بیناییمان ڕوون کاتەوە.

لەم دۆزەخە شیرینەدا بە سکاڵای بێدەنگی دڵ و خەرمانەی خەم نەبێت،
ناگەین بە هیچ.
نە گۆڕستانی خۆکوشتن پەناگای دڵشکاوانە و نە قەڵای ڕەنگینی ژیان!

١٩٩٥/٧/١



# چەند ڕاستییەک دەربارەی نەخۆشیی ئەیدز

# (A I D S)

د. زاهیر سۆران

## سەرەتا

لە هاوینی١٩٨١دا بۆ یەکەم جار نوژدارانی ئەمریکا لە ڕۆژنامەکاندا باسی جۆرێک هەوکردنی نوێیان کرد. دوو ساڵان پاشتر لە ئینیستیتۆتی پاستیۆر لە پاریس ڤایرۆسێکیان دۆزییەوە کە تا ئەو کاتە نەدەزانرا چ جۆرە ڤایرۆسێکە و سەر بە چ ڤایرۆسەخێزانێکە. پاشتریش دەستنیشانکرا کە ئەو ڤایرۆسە نوێیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و نەمانی بەرگری لەش واتە نەخۆشی ئەیدز. نزیکەی پازدە ساڵان بەسەرباسکردنی نەخۆشییەکەدا تێپەڕیوە کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ ترسی هەوکردن بە ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکە زێدەتر دەبێت و نەخۆشییەکەش لە زۆربەی وڵاتاندا لە جاران خێراتر بڵاودەبێتەوە . هەرچەندە لە سەرەتادا وا باس دەکرا گوایە ڤایرۆسەکە هۆمۆرەگەزباز و هێترورەگەزبازەکان دەگرێتەوە و ئەیدزیش هەر نەخۆشی ئەوانە . هەروەها دەگوترا کە گوایە نەخۆشییەکە تەنها لە ئەفریقادا هەیە ، بەڵام ئەمڕۆ پاش ئەوەی سەلمێنرا چ هەوکردن بە ڤایرۆسەکە و چ نەخۆشی ئەیدز هەموو کەسێک دەگرێتەوە بە بێجیاوازی تەمەن ، وڵات، ڕەگەز، نەژاد، ئاین و بگرە هەوکردن بە ڤایرۆسەکە و نەخۆشییەکەش لە هەموو جیهانا هەس . تەنانەت لە ساڵی١٩٨٨دا لە باشووری کوردستاندا چەند کەسێک تووشی ڤایرۆسەکە بوون، یەکێک لەوانە منداڵێکی کورد بووە کە لە ساڵی١٩٨٧ دا لە نەخۆشخانەیەکی بەغداد خوێنی تێکراوە و لە ڕێگای خوێن وەرگرتنەوە تووشی ڤایرۆسەکە بوو بوو، هەروها ئەمڕۆ ژمارەیەک کورد کە لە ئەورووپا و ئەمریکادا دەژین و تووشی ڤایرۆسەکە بوون ، واتە هەڵگری ڤایرۆسەکەن !

پێویستە ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکرێت کە هەڵگرانی ڤایرۆسەکە هیچ تاوانێکیان نییە کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون،تووشبون بە ڤایرۆسەکە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کەسە نابێت لە نێو کۆمەڵدا بژیت یان دەبێت بمرێ یان بکوژرێ ، چونکە لە ڕاستیدا تەنها مرۆڤی نەزان بیر لە کوشتن و لە ناوبردنی مرۆڤێکی تر(نەخۆشێک)دەکاتەوە ، بگرە پێویستە نەخۆش یارمەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بدرێت وهەر وەک نەخۆشەکانی تر تەماشابکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت .چونکە تەنها لە.٣٠٪ ی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە دەزانن چۆن و بە چ ڕێگایەک تووشی ڤایرۆسەکە بوون، لە .٧٠٪ ی تووشبوان نازانن چۆن و بە چ ڕێگایەک تووشی ڤایرۆسەکە بوون . هەروەها لە .٥٠٪ ئەمانیش دان بەوەدا نانێن بە چ ڕێگایەک تووشی ڤایرۆسەکە بوون و تەنها لە.١٠٪ ی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە دانیان بە ڕێگای تووشبوونی ڤایرۆسەکەدا ناوە ! جا وابزانم کاتی ئەوە هاتووە ئامارێکی کوردە تووشبووەکان بکرێت چونکە تا ئێستا نازانرێ ژمارەی تووشبووان لە ئەورووپا وئەمریکادا چەندە چونکە بەپێی ئامارێک دەتوانرێت سنوورێک بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە لە کوردستاندا دابنێین !

## پەتازانی

لە سەرەتادا وا دەزانرا کە هەوکردنەکە تایبەتە بە ناوچە یان وڵاتێکی تایبەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ڤایرۆسەکە لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. بۆ نموونە تا (١) ی دیسەمبەری ١٩٩٥ زیاتر لە (٢٢) ملیۆن مرۆ تۆمارکراوە کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن و زیاتر لە (٢) ملیۆنیان منداڵن و نزیکەی (٥) ملیۆن ئەیدزداری تۆمارکراویش لە جیهاندا هەبووە. گەر بێت و بەراوردێک لە نێوان ساڵی١٩٩٤ و ١٩٩٥دا بکەین دەبینین لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە (٥) ملیۆن کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون. بەڵام تا ئێستا ژمارەی تووشبووە تۆمارنەکراوەکان بەتەواوی نازانرێت. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی وای قەبڵاندووە کە لە ساڵی (٢٠٠٠) دا ژمارەی تووشبووان دەگاتە نزیکەی (٤٠) ملیۆن مرۆڤ. بەپێی ئاماری لێپرسراوە سویدییەکان تا مانگی سێپتەمبەر (٤١٦١) تووشبوو بە ڤایرۆسەکە و (١٢٧٦)ئەیدزدار لە سویددا هەبووە و (١٠٠٢) ئەیدزداریش مردوون.

## مێژووی هەوکردن و نەخۆشییەکە

لە ساڵی ١٩٥٩دا بۆ یەکەمجار زەریاوانێکی ئینگلیزی بە نەخۆشی ئەیدز مرد.

لە ساڵی ١٩٨١دا لە ڕۆژنامە و تەلەوزیۆنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باسی نەخۆشییەکی نوێ کرا.

لە ساڵی ١٩٨٢ دا نەخۆشییەکە نێوی ئەیدزی لێنرا.

لە ساڵی ١٩٨٣ دا لوک مونتاگنیری فەرەنسایی ئەو ڤایرۆسەی دۆزییەوە کە دەبێتە هۆی ئەیدز.

لە ساڵی ١٩٨٦دا ئەو ڤایرۆسەی کە لوک مونتاگنیر دۆزیبوویەوە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەیدز و نێوی HIV لێنرا.

## هۆی هەوکردنەکە و نەخۆشییەکە

هۆی سەرەکی هەوکردنەکە ڤایرۆسێکە لە خێزانی ڕێترۆڤایرۆس لە جۆری لێنتی و نێوە کورتکراوەی HIVی بۆ بەکاردەهێنرێت. بەشەکانی ڤایرۆسەکە شێوەیەکی بازنەییان هەیە، تیرەکەی نزیکەی (١٠٠) نانۆمیترە، لە دەرەوە بە بەشێکی پرۆتینی دەورەدراوە.


نەخشەی جیهان

## جۆرەکانی ڤایرۆسەکە

ئەوەی شایانی باسە زانستییانە سەلمێنراوە کە ڤایرۆسەکە (٣) جۆری جیاوازی هەیە کە ئەمانەن:

١- HIV- 1 لە هەموو جیهاندا بڵاوە، ئەم جۆرە (٨) جۆری سێری هەیە و هەرجۆرێکیان تایبەتن بە وڵاتێک.

٢- HIV- 2 لە ڕۆژئاوای ئەفریقادا بڵاوە و ئەمیش (٥) جۆری سێری ڤایرۆسەکەی هەیە.

٣- HIV- 0 ئەم جۆرەیان ٣ جۆری سێری تری هەیە کە ئەمانەن(01, 02, 03) هەر یەکێکیان تایبەتن بە وڵاتێک.

لە (٢٤) ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥دا لێپرسراوانی تەندروستیی جیهانی ڕایانگەیاند کە ڤایرۆسێکی نوێ دۆزراوەتەوە و نێوی ئەو ڤایرۆسە نوێیەیان ناوە HIV-E ئەم ڤایرۆسە زۆر زۆر لەوانی دیکە درمیترە، هاوکات زۆر






بە ئاسانی لە ڕێگای ماچەوە دەگوێزرێتەوە، چونکە وا دەرکەوتووە کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە لیکی ناو دەمدا هەیە. هەروەها لێپرسراوانی کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان لە سوید و ئەڵمانیا زۆر گرنگییان بەم ڤایرۆسە نوێیە داوە لەبەر ئەوەی کە زۆر بە ئاسانی بڵاو دەبێتەوە و دەڵێن ئەمیش دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەیدز. ئەوەی ڕاستی بێت زانیاری ورد دەبارەی ئەم ڤایرۆسە نوێیە کەمە، بەڵام دەربارەی درمێتی ڤایرۆسەکە کەمێک زانیاری ڕوون بۆتەوە .

## ئەیدز

بریتییە لەکەمبوونەوەو نەمانی بەرگریی لەش دژ بە ڤایرۆسیHIV و لە قۆناغێکی درەنگتردا نەخۆش تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی هەلپەرستی ڤایرۆسی و باکتریایی و پاراسیتی تریش دەبێت و، پاش ئەوەی ماوەیەکی نادیار دەژی، دەمرێت .


وێنەی ڤایروسەکە

## کۆئەندامی بەرگری

بریتییە لەو پێکهاتووانەی دەتوانن و ڕۆڵیان هەیە لە بەرگریکردن لە ئەندامەکانی لەش دژی هۆکاری تێکچوون، ئەنتیجێن، ناهاوسەنگی و میکرۆئۆرگانیسم.

مرۆڤ(٢) جۆر کۆئەندامی بەرگری هەیە کە ئەمانەن:

١ـ کۆئەندامی بەرگری ناوخوێن.

ئەم کۆئەندامە لە بەشێکی خڕۆکە سپییەکان کە بە لیمفۆسیتەکان ناسراون پێکهاتووە کە ئەمانیش پێکهاتووی خوێنن .

٢ـ کۆئەندامی بەرگری ناوپۆشەکان

ئەم کۆئەندامە لە ئاستی ناوپۆشەکانی (ناودەم، ڕیخۆڵە، گەدە ...هتد) لەشدا هەیە بەرگری شوێنی دروست دەکات.

هەردوو کۆئەندامەکە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بەرگریکردندا دژ بە هەوکردن، هەروەها کۆئەندامی بەرگری لە (٢) جۆر پێکهاتووی سەرەکیدروست بووە کە ئەوانیش لیمفۆسیتەکانن، ئەرکی سەرشانیان تایبەتە بە بەرگریکردن لە لەش دژ بە ئەنتیجینەکان و ئەمانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە کە ئەمانەن:

١- لیمفۆسیتی B

لە مۆخی ئێسکدا دروست دەبن و خوێن دەیان گوێزێتەوە بۆ سپڵ، گلاندە لیمفاوییەکان،گرنگترین ئەرکیان دروستکردنی دژەتەنە، ئەم خانانە بەپێی جۆری فاکتۆرەکان، ڤایرۆس، ئەنتیجێنی باکتریا چالاک دەبن. هەروەها ئەم لیمفۆسیتانە دەبنە هۆی دروستکردن و بەرهەمهێنانی (٥) جۆر لە ئیمونۆگلۆبین، کە بریتین لە کۆمەڵی پرۆتین و لە خوێندا هەن و ڕۆڵی دژەتەنیان هەیە. فەنکشنی ئیمونۆگلۆبولینەکان ئاڵۆزە لە بەرئەوەی پێکهێنەری بنەڕەتی پێشوازیکەری مۆلیکیولەکانن.

جۆرەکانیان ئەمانەن :

– ئیمونۆگلۆبولینی IgG ئەمیش (٤) جۆری هەیە کەلێپرسراوی بەرگری دژ بە میکرۆبە.

– ئیمونۆگلۆبولینی IgM گەورەن و (٢) جۆرن١ و ٢ کە ڕۆڵیان لە بەرگری دژ بە میکرۆبدا هەیە.

- ئیمونۆگلۆبولینی IgA ئەمیش (٢) جۆری هەیە ١ و ٢ هەروەها ڕۆڵی گرنگیان لە بەرگری دژ بە میکرۆبدا هەیە.

- ئیمونۆگلۆبولینی IgD ڕۆڵی گرنگی لە ناسینەوەی ئەنتیجینە تایبەتەکاندا هەیە.

- ئیمونۆگلۆبولینی IgE ڕۆڵی گرنگی لە بەرتەکی پڕهەستییتیدا هەیە.

لە کاتی هەوکردندا ئیمونۆگلۆبولینی جۆری IgM زووتر لە جۆرەکانی تر لەنێو خوێندا دەردەکەوێت!!

٢- لیمفۆسیتی T

لە مۆخی ئێسکدا دروست دەبن و هەر ئەمانیشن کە بەرگری خانەیی دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەردوو لیمفۆسیتەکەدا دروست دەکەن. بەپێی کاریان (٤) جۆر لیمفۆسیتی T هەیە کە ئەمانەن:

- کوژەر =3 LT ڕۆڵی لە سەرکوتکردن و کوشتندا هەیە. - یاریدەدەر = 4 LT ڕۆڵی لە هەژاندنی وەڵامدانەوەی بەرگریی سۆزیدا هەیە.

- بیرەوەری =5 LT توانایان لە وەڵامدانەوەی بەرگری لاوەکیدا هەیە و دەتوانن دووبارە ئەنتیجینەکان بناسنەوە.

- ڕاگرەکان =8 LT توانای ڕاگرتنی وەڵامدانەوەی سۆزییان هەیە.

## ئافرەت ئاسانتر تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت

ئەوەی تا ئێستا ڕوون بۆتەوە ئەوەیە کە ئافرەت بەئاسانی و زیاتریش لە ڕێگای (گان)ەوە تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت وەک لە ڕێگاکانی تر، ئەمەش پەیوەندی بەم (٢) خاڵەوە هەیە:

١- ناوپۆشیگولینکی ئافرەت زۆر ناسکە و ژمارەیەک خانەی پێشوازیکەری هەن، بەڵام ئەم خانانە لەسەر کێر نین.

٢- هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ڤایرۆسەکە لەنێو سپێرمی نێردا هەیە گەر بەراورد بکرێت وەک لە گولینکی مێ.

## ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە

ڕۆژانە خەڵکیی باسی ئەوە دەکەن کە گوایە بە جۆرەها ڕێگەی خەیاڵی و دروستکراو دوور لە زانست و نەسەلمێنراو ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا زانستیانە سەلمێنراوە کە تەنها بەم (٤) ڕێگایەی خوارەوە ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە:

١ - ڕێگای زایەند

نزیکەی لە ٨٠٪ی ئەوانەی تووشی ڤایرۆسەکە دەبن بەم ڕێگەیەدا تووش دەبن، ئەمیش لە نێر> نێر، نێر >مێ، مێ >نێردا واتە بە هەموو شێوەکانی گانگردن دەبێت.

٢- ڕێگای خوێن

نزیکەی لە ١٠٪ی تووشبووان بە ڕێگای خوێنەوە تووشی ڤایرۆسەکە دەبن، لەمانیش لە ٥٪یان لە ڕێگای خوێن و پێکهێنەرەکانی خوێنەوە دەبێت.

٣- ڕێگای بەکارهێنانی دەرزی

هەروەها لە ٥٪ی تووشبووان لە ڕێگەی دەرزلێدانی خوێنهێنەرەوە لەلایەن بەنگکێشەکان یان لەلایەن برینپێچەکانی نەخۆشخانەکانەوە دەگوێزرێتەوە، هەرچەندە ئێستا مەترسیتووشبوون یان گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بە دەرزیی برینپێچەکان لەماڵەوە و نەخۆشخانەکاندا زۆر کەم بۆتەوە، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەمڕۆ دەرزی بۆ تاکە جارێک بەکار دەهێنرێت.

٤- ڕێگای دایک بۆ پێزە

نزیکەی لە ١٠٪ی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە بەم ڕێگایە تووش بوون، هاوکات تووشبوونی پێزە کاتێک لەنێو منداڵدانی دایکیدایە زۆر گیروگرفت بۆ نۆژداران و دایک و باوکان دەخولقێنێت.

ئەو ٤ خاڵەی سەرەوە بە باشی سەلمێنراون کە بەهۆیانەوە ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە، دەنا بەکارهێنانی کەلوپەل و قاپ و قاچاخی نەخۆش، دەستکردنە ناو دەست، دەستکردنە مل، باوەشپیاکردن، ئاودەست، گۆمی مەلەکردن و گەرماویش نابنە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە.





## چۆن مرۆڤ دەزانێت تووشی هەوکردنەکە بووە؟

ئەوەی شایانی باسە ئەم خاڵە زۆر قسە و باسی لەسەر کراوە و ئێستاش بۆچوونی جیاجیای لەسەر داڕێژراوە. لە ڕاستیدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مرۆڤ هەست بەوە ناکات کە تووشی ڤایرۆسەکە بووە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای هەوکردنەکەدا و بگرە چەند ساڵێکیش پاش تووشبوون مرۆڤ نازانێ کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە . چونکە مرۆڤ هیچ نیشانەیەکی وا گرنگی تیادا دەرناکەوێت تا هەست بکات نەخۆشە. تاکە ڕێگایەک کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ هەوکردنەکە دەستنیشان بکات بریتییە لە تێستی ELISA.

وا لێرەدا نیشانەکانی هەوکردنەکە لە (٣) خاڵی گرنگدا کۆ دەکەمەوە کە ئەمانەن:



وێنەی ١

١-نیشانەکانیهەوکردنەکە ڤایرۆسی HIV دەتوانێت پێکهاتووی دەرەوەی خۆی بگۆڕێ کە وا دیارە ئەم گۆرانکارییە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانە جیاوازەکانی هەوکردنەکە و نەخۆش زۆرجار وا دەزانێت هەوکردنێکی ئاساییە و بەبێ ئەوەی بیر لە ڤایرۆسی HIV بکاتەوە، بە کورتی نیشانەکانی هەوکردنەکە ئەمانەن:

## ماوەی کڕکەوتنی ڤایرۆسەکە...

بریتییە لەو کاتەی کە ڤایرۆسەکە دەچێتە ناو لەشەوە تا دەرکەوتنی نیشانەکانی هەوکردنەکە، ئەم ماوەیەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکیتر جیاوازە. گەربێت و ڤایرۆسەکە بە ڕێگای گانکردندا بچێتە ناو لەشەوە ئەوا ماوەی کڕکەوتنەکە درێژترە و لە نێوان ١٠ - ١٤ مانگدایە. گەر بێت و ڤایرۆسەکە لە ڕێگای خوێن یان دەرزلێدانەوە بگاتە ناو خوێن ئەوا ماوەی کڕکەوتنەکە زۆر کورتترە و لەنێوان ١ - ٣ مانگدایە.

لە هەوکردنە بێنیشانەکاندا ماوەکە ٦ - ١٢ هەفتەیە و پاشتر دژەتەنی تایبەتی دژ بە ڤایرۆسەکە دەردەکەوێت.

A- هەوکردنی توندی بێنیشانە...

بەگشتی نەخۆش باری ژیانی باشە و کار وژیانی کۆمەڵایەتی ئاسایی ئەنجام دەدات و هیچ نیشانەی نەخۆشی پێوە دیار نییە، بەڵام لەڕاستیدا هەڵگری ڤایرۆسەکەیە و بەو ڕێگایانەی پێشووتر باسکران دەتوانێت ڤایرۆسەکە بگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی تر، جاری واش هەیە بارە هەوکردووەکە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت.

B- هەوکردنی توندی نیشانەدار...

لەم بارەدا نەخۆش نیشانەی گشتی و نیشانەی تووشبوونی ئەندامەکانی تیادا دەردەکەوێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا نیشانەکان زۆر تایبەت نین. لە سەرەتادا تووشبوو هەندێ نیشانەی هەوکردنی ڤایرۆسی تیادا دەردەکەوێت:

- نیشانە گشتییەکان، ماوەی ٣ - ١٤ ڕۆژ تالێهاتن، ژانکردنی گەروو، هەڵئاوسانی گلاندە لیمفاوییەکان، ژانکردنی جومگە و ماسولکەکان، لەشداهێزران، نەمانی ئیشتیهای خۆراک خواردن، کەمبوونەوەی کێشی لەش.

- نیشانە دەمارییەکان، ژانەسەر، ژانکردنی قووڵایی چاو، هەوکردنی پەردەی مەنگ، هەوکردنی ڕووکەشە دەمارەکان.

- نیشانەکانی پێست، دەرکەوتنی پەڵەی سوور وپەمەیی، ئاڵۆش، قژکەوتن و ڕووتانەوە و برینی ناوپۆشەکان و سەرپێست.

– نیشانەکانیگەدە، کاندیدەی ناودەم و گەروو، ڕشانەوە و سکچوون.

– نیشانەکانی هەناسە، کۆکەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی.

– دەرکەوتنی لیمفۆسیتە تایبەتەکان لەنێو خوێنی تووشبوودا.

پاش دەرکەوتنی ئەم نیشانانە هەڵگری ڤایرۆسەکە دەکەوێتە باری بێنیشانەیی و هیچ نیشانەیەکی تیادا بەدی ناکرێ و هێدی هێدی ڤایرۆسەکە لە لەشدا زۆر دەبێت و دەبێتە هۆی لاوازبوون و تێکدانی کۆئەندامی بەرگری.




وێنەی ٢

C– گەورەبوونی

گلاندە لیمفاتییەکان

لەم حاڵەتەدا گلاندە لیمفاتییەکان زیاتر لە یەک سانتیمەتر گەورە دەبن بە تایبەتی گلاندە لیمفاوییەکانی (بنباخەڵ، لامل، ژێر کاکیلەی خوارەوە) کە نزیکەی ٣ مانگ گلاندەکان بهگەورەیی دەمێننەوە.

٢– تێست لە تاقیگادا

لەم حاڵەتەدا گرنگترین تێستی تاقیگایی کە لە بوونی ڤایرۆسەکەو هەوکردنەکە دڵنیامان دەکات بریتیە لە تێستی ELISA. بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی HIV، بۆ دڵنیابوونیش زۆر پێویستە نەخۆش تێستی تر بکات یان پاش ماوەیەکی تر هەمان تێست دووبارە بکاتەوە لەبەر ئەوەی چەند هەفتەیەک پاش تووشبوون بە ڤایرۆسەکە دژەتەنەکانی ڤایرۆسەکە لە خوێندا دەردەکەون. بوونی دژەتەن ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆ هەڵگری ڤایرۆسەکەیە و دەتوانێت مرۆڤێکی لەش ساغ بەو ڕێگایانەی باسکران تووش بکات. تێستە تاقیگایەکانی تریش وەک تێستی فەنکشنەکانی بەرگری، کەمبوونەوەی ژمارەی خڕۆکە سوور و سپییەکان، نزمبوونەوەی ژمارەی خانە یاریدەدەرەکان CD4 گەر بەراوردی نێوان T4/T8 بکرێت ئەوا ژمارەی CD4 دەکەوێتە ژێر 350 /mmcیەوە، بەرزبوونەوەی ژمارەی گاماگلۆبولینەکان هەریەکەیان گرنگییەکی تایبەتی خۆیانیان هەیە، هەروەها کەمبوونەوەی لیمفۆسیتە یاریدەدەرەکان مانای ئەوەیە کە هەوکردنەکە زیاتر کۆئەندامی بەرگری لاوازکردوە و لەش هەوکردنی هەلپەرستی لێ دەردەکەوێت و هەوکردنەکە زووتر بەرەو ئەیدز و دوا قۆناخ (مردن) دەچێت.

## نیشانەکانی ئەیدزدار

چەند ساڵێک پاش هەوکردن بە ڤایرۆسەکە ولاوازبوون و نەمانی بەرگری، نەخۆش وای لێ دێ بە تەواوی لە کار دەکەوێت و چیتر ناتوانێ چالاکییەکانی ڕۆژانەی ئەنجام بدات. پاشتریش تووشبوو کۆمەڵێ نیشانەی سەرجێگەیی تری تیادا بەدی دەکرێ کە بە نیشانە گەورەکان دەناسرێن، هاوکات چەند نیشانەیەکی تریشی دەردەکەون کە بە نیشانە گچکەکان دەناسرێن. شارەزایان لە بواری ئەیدزدا وایان داناوە کە دوو نیشانەی گەورە و نیشانەیەکی گچکەی هەستپێکراو یان بینراو بەسە بۆ دەستنیشانکردنی ئەیدز.

نیشانە گەورەکان

– کەمبوونەوەی کێشی لەشی نەخۆش زیدەتر لە ٪١٠.





– سکچوونی درێژخایەن زیدەتر لە مانگێک.

– ژانەسەر زیدەتر لە مانگێک.

## نیشانەگچکەکان

کۆکەی بەردەوام، هەوکردنی پێست، تامیسکی زۆستەر، کاندیدەی ناودەم، کاندیدەی گەروو، تامیسکی لالیو، هەڵئاوسانی گلاندە لیمفاوییەکان. بەڵام بوونی سارکۆمی کاپووسی و هەوکردنی توندی مەننگ بە کریپتۆکۆکۆس بە تەواوی نەخۆشی ئەیدز دەستنیشان دەکات.

## خۆپاراستن

هەموومان دەزانین کە خۆپاراستن گەلێک باشترە لە چارەسەرکردن، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر ئەیدز زۆر پێویستە مرۆڤ ئاگاداری خۆی بێت تا تووشی ڤایرۆسەکە نەبێت. لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ دەرمانێک نییە ڤایرۆسەکە بکوژێت و هاوکات هیچ کوتانێکیش نییە تا مرۆڤ بتوانێ بەرگری پەیدا بکات و تووشی ڤایرۆسەکە نەبێت. بەڵام باشترین خۆپاراستن تا ئەمڕۆ بەکارهێنانی کۆندۆمە لە کاتیگانکردندا چونکە لە ٪٨٠ی حاڵەتەکاندا ڤایرۆسەکە بەم ڕێگایەدا دەگوێزرێتەوە. هەروەها پێویستە مرۆڤ لە ژنە سۆزانییەکان دوور بکەوێتەوە و زۆر باشیشە گەر بەنگکێش دەرزی خوێنهێنەری پاکژی یەکجاری بەکار بهێنێت و دەرزییەکەی خۆی، واتە هەمان دەرزی، نەدات بە هاوەڵەکانی و لەوانیش دەرزی بەکارهێنراو وەرنەگرێت!

## ئامۆژگاری

لەکۆتاییدا تاکە ئامۆژگاریم ئەوەیە کە هەرکەسێک گومان دەکات و لە خۆی دوودڵە بە زووترین کات و بێ شەرمکردن ڕووبکاتە نزیکترین نەخۆشخانە بۆ تێستکردن، چونکە هەموو کەسێکمافی ئەوەی هەیە تێستیخۆی بکات تا لە ژیانی خۆی دڵنیا بێت،



بەتایبەتی ئەو کەسانەی دەیانەوێت خێزانێکی نوێ و کامەران پێکبهێنن. چونکە هەموو دواکەوتنێک ڕێڕۆی نەخۆشییەکە خێراتر دەکات و هەوکردنەکە بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر دەبات کە هەموو کاتێک بە زیانی نەخۆش دەگەڕێتەوە.

### وشە زانستییە کورتکراوەکان

AIDS: Acquired Immunodeficiency Syndrome

CD4: T-helper lymphocyte

ELISA: Enzymelinked Immunosorbent Assay Ig: Imunoglobulin

HIV: Human Immunodeficiency Virus

RNA: Ribonucleicacid



زاهیر سۆران

لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان لە دایک بووە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا بڕوانامەی نۆژداری لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی یاش لە ڕۆمانیا وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٢دا بڕوانامەی تایبەتی لەسەر "خۆپاراستن لە هەوکردن بە HIV و نەخۆشی ئەیدز" لە کۆلێژی بەرزی خزمەتگوزاریی ستۆکهۆڵم وەرگرتووە و تا ئێستا زیاتر لە بیست کۆڕی زانستی لەسەر هەمان بابەت پێشکەش کردووە.

لە ١٩٩١-١٩٩٢دا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی نۆژدارانی بیگانە دژ بە ئەیدز بووە، لە سوید.

لە ساڵی ١٩٩٣دا نامیلکەی (هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV و نەخۆشیی ئەیدز)ی بە کوردی و ڕۆمانی چاپ کردووە.

ژمارەی تووشبوانی جیهان تا ١/١٢/ ١٩٩٥

ئەفریقا ١٢ ملیۆن

ئەمریکای خواروو ٢ ملیۆن

ئەمریکای سەروو زیاتر لە ١ ملیۆن

باشوور و ڕۆژهەلاتی ئاسیا ٤ ملیۆن

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ١٠٠ هەزار

ئەورووپای ڕۆژئاوا ٦٠٠ هەزار

ڕۆژهەلاتی ئەورووپا و ناوەڕاستی ئاسیا ٥٠ هەزار

ڕۆژهەلاتی ئاسیا ٥٠٠ هەزار

ئۆستراليا ٣٠ هەزار ...هتد.



# گومان

**میقداد شاسواری**

بەدرخان بە بەری دەستی، هەڵمی سەر جامی پەنجەرەکەی سڕییەوە. سەیرێکی دەرەوەی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ باران مۆڵەت نادا... ئەترسم دوا بکەوم.

پوورە خاتوون هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا:

ـ چایەکەت سارد ئەبێتەوە...

دوای تاوێک دوودڵی درێژەی بە قسەکانی دا.

ـ بڕیار وابوو قسەیەکی ڕاستم بدەیتێ بەدر...

بەدرخان گەڕایەوە، لە جێگای خۆی دانیشت و بە بزەیەکەوە وتی:

ـ بۆ وا بە پەلەی دایە؟ ئاوا بوومەتە بارگرانی لەسەر شانت؟!

دایکی بە نیگایەکی پڕ لە سۆزی دایکایەتی سەیری کوڕەکەی کرد و وتی:

ـ خۆ ئەگەر ژن بهێنی، ئەبنە دوو باری گران لە سەرشانم کوڕەکەم. ئەم دڵ لە دڵ دانەی پێ ناوێ ! لە سی ساڵەوە بۆ کوێ؟

بەدرخان بە پەلە چایەکەی خواردەوە و هەستایەوە. دیسان دەستێکی بەسەر جامی هەڵمگرتووی پەنجەرەکەدا خشاند.

ـ ئەمە چیتە ئۆقرە ناگری بەدر! خۆ هێشتا وەختی چوونت نەهاتووە کوڕم.

ـ ئەمەوێ سەرێک لە...

ـ لە کێ؟..

پوور خاتوون هەر چەند لە مەبەستی کوڕەکەی گەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا بە تووڕەبوونێکی هەستپێکراو، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە..

ـ ئەتەوێ سەر لە کێ بدەیت؟

بەدرخان ئاوڕی دایەوە لای دایکی:

– لە نازەنین، دایە ... لە نازەنین ...

لۆچەکانی دەموچاوی پیرەژنە تێک ئالآن.

ـ کوڕم واز لەو ماڵە بێنە! بە پیر قەزاوبەلاوە مەچۆ. خۆت ئەبینی...

بەدرخان قسەکەی دایکی بڕی: بچمەوە چی بە وریا بڵێم؟ ها؟ بڵێم نەمتوانی ژنەکەت ببینم لە ترسی قەزاوبەلا و قسەلۆکی خەڵکی.. ڕەنگە لە بیرت چووبێتەوە، وریا کە بە ئیجازە دێتەوە، پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵ خۆی، دێتە لای تۆ و وەک من پێت دەڵێ دایە!

* * *

دەنگە زیقەکەی پێش خۆی گەیشتە ژوورەکە. حەکیم چاوی لە سەر کتێبەکەی دەستی هەڵگرت:

ـ خوا خێر کا! هەر چەند خێر بە پاتەوە نییە!

ڕەعنا بە لەچکەکەی سەری، دەموچاوی وشک کردەوە و ڕووی کردە حاجی ڕەمەزان:

– ئەوە لای خۆی تۆ حاجیت؟ نامووسی کوڕە گەورەکەی خۆتت لەو دوورە، لە تاقە ژوورێکی بێ حەوشە و بان فڕێ داوە. هەر هیچ نەبێ ئاگاداری بە! سێ کوڕی ملئەستوورت لە ماڵەوە داناوە ئەڵێی دابەستەن! غیرەتیان نییە مەنعی کوڕەکەی پوورخاتوون بکەن ئەوەندە جرتوفرت نەچێتە لای بووکەکەتان!

زۆراب وەکوو هەستی بە مەترسییەکی گەورە کردبێ هەستایەوە سەرپێ:

ـ ئێستا لەوێیە ڕەعنا؟

ڕەعنا لەچکەکەی لە سەری ئاڵاندەوە و وتی:

ـ کەی لەوێ نەبووە؟ هەموو کات و ساتێک لەوێیە..

حەکیم خۆی بۆ نەگیرا:

ـ ئەمە چیتە ئەڵێی پەیامهێنەری شەڕ و فیتنەی؟ دونیا سەراوبن بێ تۆ لە بەزمی خۆت ناکەوی...

ـ لە بێخەبەران کەشکەک سەڵەوات، کاک حەکیم! وریاش دڵی خۆشە برای هەیە و پارێزگاری لە ناموسی...

ـ زمانت ببڕە غەزەبی! دیسان چ فیتنەیەکت لە بن سەرە؟ هەر تۆ نەبوویت نازەنینت لەم ماڵە بەدەرکردن دا...

حاجی ڕەمەزان سەرێکی بادا،

ـ ڕەعنا فیتنەی نەهێناوە، حەکیم! ئێوە لە گوێی گادا نووستوون! یەقەی ئەم هەتیوەی پوورخاتوون بگرن با زیاتر نەچێتە لای ئەم ... نەعلەت لە شەیتان!

زۆراب قیژاندی:

ـ هەستن ! حەکیم ... جەبار.. بە دوامدا وەرن...

* * *

لەگەڵ گرمەی هەورەکەدا لە دەرگا درا. نازەنین ڕاچڵەکی. ترس و سەرما وەک گورگی برسی، پەنجەیان لە جەستەی چەقاندبوو. بە دەنگێکی گریاناوی وتی:

ـ ئەوە کێیە ؟

لەبەر هاژەی با و باران و ئاڵۆزیی مێشکی ، گوێی لە هیچ وەڵامێک نەبوو، دەرگاش بەردەوام لێ ئەدرا. تەکانێکی دایە خۆی. هەستی کرد قاچەکانی ئەلەرزن و توانای ڕاکێشانی جەستە لاوازەکەی نییە.

ـ ئەوە کێیە ؟

تریشقەی هەور ڕایچڵەکاند.

"ئەوە زۆرابە.. نە .. زۆراب نییە... جەبارە شێتە... هاتووە بمکوژێ.." هەردوو دەستی لە دەوری قوڕگی ئاڵاند. هەستی کرد هەناسەی دەرناچێ، ویستی بە دەنگی بەرز هاوارکا: وریاااا...

تووڕەتر قیژاندی:

ـئەوە کێیە ؟

ـ نازەنین ئەوە شێت بوویت ... چەند جار بڵێم منم.. دەرگا بکەرەوە...

لەجیاتی ئەوەی بەرەو دەرگا بڕوا، هەنگاوێک بەرەو دوا کشاوە.

ـ تۆ کێیت؟

ـ لەم بەر بارانە ڕاممەگرە نازەنین. منم، بەدرخان ...

ڕێگەی هەناسەی کرایەوە، هێزی ڕۆیشتن گەڕایەوە ناو قاچەکانی. هەر کە دەرگای کردەوە، بەدرخان خێرا خۆی کوتایە ژوورەوە.

– یەک سەعاتە ئەم دەرگایە ئەکوتم نازەنین، ئەوە بۆ وا هەڵبزڕکاوی ؟ نەخۆشی؟

* * *

زۆراب ڕووی کردە جەبار:

ـ تۆ لێرە بە، شێتە! ئەگەر لە دەستم ڕای کرد، ڕێگای لێرەوەیە. دەزانی ! ئەوەی بە دەستەوەیە، هەر ئەو دارەیە کە پار گورگەکەت پێ کوشت.

حەکیم هەرچەند زانیی بێسوودە، بەڵام وەک دوایین هەوڵ، ویستی براکەی هێمن کاتەوە:

ـ گوێ بگرە زۆراب، خەڵکیش ئەزانن و تۆش ئەزانی بەدرخان و وریا هەر لە منداڵییەوە وەکوو دوو برا پێکەوە گەورە بوونە. کارێکی وا مەکەن دوایی پەنجەی پەشیمانی بگەزن، بەدرخان ...

زۆراب بێ ئەوی گوێ لە قسەکانی حەکیم ڕاگرێ، لە جەباری دووبارە کردەوە:

ـ من ئەڕۆم شێتە ...

کە بەرەو کەلاوەکەی نازەنین هەنگاوی ئەنا، دەستەویەخەبوونی لە گەڵ بەدرخان هەموو قەوارەی تەسکی مێشکی داگیر کردبو. پێش ئەوەی پاڵ بە دەرگاوە بنێ، قسەکانی بەدرخان هاتە بەر گوێی:

ـ ئێوە لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیتاندان، شایانی ئەم وەزعە نالەبارە نین. لەوێ لەگەڵ وریا قسەم کردووە. بڕیار وایە بگەڕێنەوە ماڵی خەزوورت. ڕێگا نەدەن خەڵکی ئاژاوەچی ئاگری نێوانتان خۆشتر بکەن. نە وریا دەتوانێ ئێشکگری تۆ بێ و نە تۆش دەتوانی وەک کوندەبوو لەم کەلاوەیەدا بژییت. من وەک برای هەردووکتان بۆتان بە پەرۆشم.



نازەنین بە گریانەوە قسەکانی بەدرخانی بڕی:

ـ من ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە بێکەسی ئەکەم بەدرخان. وریا ڕێز لە قسەکانی تۆ ئەگرێ. پێی بڵێ با زوو بێتەوە و بمباتەوە ماڵی باوکی. شەو و ڕۆژ با بە شەق تێم هەڵدەن، من ڕازیم بەس لەگەڵ ئەوان و لە ناو ئەواندا بژیم... ئەم وەزعە خەریکە ئەمخنکێنێ، بەدرخان ...!

زۆراب لەگەڵ خۆیدا وتی: "کەواتە ئەو قسانەی دەکرێ هەمووی درۆ و دەلەسە و بوختانە!"

ـ دوای نیوەڕۆ من ئەڕۆمەوە نازەنین. بەیانیش وریات بۆ ئەنێرمەوە ، خوا حافیز...

ـ خوات لەگەڵ بەدرخان...

زۆراب هەر ئەوەندەی بۆ کرا، خۆی حەشار دایە پەنایەک. کە دیتی بەدرخان دوورکەوتەوە، بە پەلە خۆی کوتایە ژوورەوە، بۆ لای نازەنین.

ـ مەترسە نازەنین ... خۆت سازدە با بچینەوە بۆ ماڵ ... لەپڕ هاتەوە بیری:

ـ بەدر... بەدرخان... جەبار...

بە پەلە ڕای کردە دەرەوە

* * *

لە دوای ڕۆیشتنی زۆراب، حەکیم هەوڵێکی زۆری دا جەبار لەسەر ڕێگاکەی بەدرخان لادا. کە زانیی بێسوودە، خۆی لە گۆڕەپانی ئەم کێشمە کێشە شێتانەیە دەرکرد. باران بێ ڕاوەستان ئەباری، دووکەڵ لە هەموو بۆڕیی سەربانەکانی دێوە ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشا و نوقمی ناو پرزە خۆڵەمێشینەکانی بارانەکە دەبوو.

جەبار بە ئەسپایی، سەرێکی کێشا. بەدرخانی دی لەوسەر کۆڵانەکەوە، خێرا هەنگاوی ئەنا و سەری لە ناو یەخەی پاڵتۆکەیدا حەشار دابوو.

جەبار پار زستانی هاتەوە یاد کە لە داربڕینەکەیا گورگێکی دی، بێ ئەوەی ئەوی دیبێ بەرەو لای ئەهات. خۆی لە پەنای دارێک مات دا. هەناسەی لە خۆی بڕی و بێ جووڵە ڕاوەستا تا گورگ چەند هەنگاوێک لێی تێپەڕ بوو. لە ناکاو لە پەنای دارەکە هاتە دەرەوە و پێش ئەوەی گورگ ئاوڕ بداتەوە لە چاوتروکانێکدا دارەکەی دەستی لە حەواوە بۆ سەر کەللەی گورگەکە داهێلا. ئاژەڵی بەستەزمان پێش ئەوەی هەستێتەوە لە ڕاوەشانی دووەمدا بێگیان کەوتە سەر زەوی و جەبار بە دیاریەوە ڕاوەستا و بزەی سەرکەوتن نیشتە سەر لێوی.

بەدرخان چەند هەنگاوێک لە جەبار تێپەڕ بوو.

زۆراب لە ترسی کەوتن، توانای ڕاکردنی نەمابوو... "... دەک بە لەعنەتی خوا بیت ڕەعنا... دەک خوا ڕووت ڕەش کا..."

لەوسەری کۆڵانەکەوە دەرچوو، هاواری تێکەڵ بە تریشقەی هەور بوو:

ـ جەبااار... نەکەی بۆ خاتری خوا، جەباار ... دەست ڕاگرە، جەبار!!

بەڵام جەبار بە دیار چاوە زەق دەرپەڕیوەکانی بەدرخانەوە، بزەی سەرکەوتن نیشتبووە سەر لێوی ...

پوورخاتوون بە ناولەپی دەستی، هەڵمی سەر شووشەی پەنجەرەکەی سڕییەوە و، سەیرێکی دەرەوەی کرد. ڕەعنای بەرچاو کەوت بە پەلە بەرەو ماڵی ئەوان ئەهات.

ـ نازانم بەدرخان بۆ وا تاخیر بوو...؟!



**میقداد ئیبراهیم محەمەد**

میقداد ئیبراهیم محەمەد (میقداد شاسواری) لە گوندی خێلەکیی سەر بە شاری ئاکرێ لە ساڵی ١٩٦١ لە دایک بووە و ئێستا لە ئێران دەژی.

یەکەم کورتەچیرۆکی ساڵی ١٩٨٠ بە زمانی فارسی لە گۆڤاری (جوانان امروز)دا بڵاوکراوەتەوە و تا ئێستاش بەردەوام نزیکەی ٢٣ چیرۆکی بڵاوکراوەی لە هەمان گۆڤاردا هەیە.

گەرچی فەقیر و موفلیسە شێخ مامەساڵەحم
نەمدی کەسێ وەکوو ئەو صاحیبی کەرەم
میوانی بووم، نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستاش بە بێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ ساڵەح
بۆ دەکەی سەرزەنشی من: "کە ڕەزا هەججاوە".
غایەتی بەندە جنێوم بە دوو سێ کەسێ دابێ،
تۆ هەتا ئێستە، بە قوربان، بە هەزارت داوە.

شێخ موستەفا لە زومرەی ئەولادی مورتەزایە
هەر کەس کە خەصمی ئەو بێ دەیگێم لە لام غەزایە،
حاجی ڕەسووڵی زادە مەفعوولی شێخ ڕەزایە
ڕەزا بە ناڕەزایی وەک ماری بێڕەزایە.

## دیوانی

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی



# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بەتایبەتی بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

## کتێب

* پەیام قازی (ئامادەکردن لە ئەڵمانییەوە): هایدی و پێتەر و نەوت، ئەڵمانیا، هانۆڤەر، ئەیلوولی ١٩٩٥، ٢٤ ل.

* المقدم شیخ عبدالوحید: الاکراد و بلادهم، تاریخ الشعب الکردی (منذ اقدم العصور الی العصر الحاضر)، مع تقدیم للفیلد مارشال محمد ایوب خان، ترجمة عبدالمسیح سراج الدین، طبع فی مطبعة المکتبة العلمیة، لاهور، پاکستان ١٩٧٠، ١٩٢ ص.

* طالب الصحفی: الاستقرار المفقود فی عهد صدام، الطبعة الاولی، دار الوفاء، ١٩٩٥، ٢٨٧ ص.

* الموسوعة المیسرة فی الادیان والمذاهب المعاصرة، الندوة العالمیة للشباب الاسلامی، الطبعة الثانیة، الریاض ١٤٠٩ هـ ــ ١٩٨٩م، ٥٧٥ ص.

* زەینەلابدین زنار (ئامادەکار): خوەنچە، جلد ٨، کلام، مەسەلۆک، سەرپێهاتی وو چیرۆک، پەنجینار؛ وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٢٨٤ ڕ.

* شێرکۆ بێکەس: ئاوێنە بچکۆلەکان (شیعر)، کەمال مەعرووف لە کوردییەوە کردوویەتی بە فرانسی، دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی لارماتان، پاریس، فرانسا ١٩٩٥، ٩٥ ل.

* شێرکۆ بێکەس: ئافات (شیعر)، چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٥٦ ل.

* شێرکۆ بێکەس: دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٥٥١ ل.

* مهەمەد دەهسوار: مزگین، فەرهەنگۆکا زارۆکان ب وێنە، چاپا یەکەمین، نەورۆز، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٢٥٥ڕ.

* مهەمەد دەهسوار: چریسکێن ڕزگاریێ (ڕۆمان)، چاپا یەکەمین، وەشانێن نەورۆز، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٣١٤ڕ.

* کورد لە کاریکاتێری جیهانیدا، ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا (سۆکسە)، بەرلین ١٩٩٥–٢٦٠٧، ٦٠ ل.

* کەمال بورکای: بەرف فەدی دکە (شئێر)، وەشانێن دەنگ، ئیستانبول ١٩٩٥، ١٢٠ ڕ.

* عەبباس وەلی: پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، وەرگێڕ: حەسەنی قازی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپەمەنیی ڕۆژ، سوێد، سۆڵلەنتوونا ١٩٩٥، ٤٠ ل.

* دانا ڕەووف: گووتاری ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا؛ تیشکێک بۆ سەر پانتاییە ئەزموونکارییەکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی، قۆناغی هەشتاکان (لێکۆڵینەوەی شانۆیی)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٦١ ل.

* د. زاهیر سۆران: نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان؛ ئامۆژگاری و خۆپاراستن، پەخشخانەی ڕۆژ، سۆڵلەنتوونا، سوێد ١٩٩٥، ٦٠ ل.

* جگەرخوین: ژینەنیگارییا من، وەشانێن ئاپێک، سپۆنگا، سوێد [١٩٩٥]، ٤١٤ ڕ.

* شێرزاد فەقێ عەلی (ئامادەکردن و کۆکردنەوە): منداڵەکەت بۆ وا ئەکات !؟ لە بارەی پێشکەوتنی هەست و نەستی منداڵەوە لە کاتی لەدایکبوونەوە تاکو تەمەنی دوانزە ساڵی، سەرپەرشتی زانستی: د. عەبدولباقی

ئەحمەد، چاپی یەکەم، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٢٠٠ ل.

* سڤێن نوردکڤیست: نێچیرا ڕۆڤی، وەرگەرا کوردی: موستەفا جزیری، وەشانخانەیا ئاپێک، سپۆنگا ١٩٩٥، ٢٦ ڕ.

* سڤێن نوردکڤیست: پاستەیا کلۆران، وەرگەرا کوردی: ئاهمەت جانتەکین، وەشانخانەیا ئاپێک، سپۆنگا ١٩٩٥، ٢٦ ڕ.

* د. کوردستان موکریانی: ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی، هەیرن فەین [هۆلاند] ١٩٩٥، ٢٦ ل.

* د. کوردستان موکریانی: ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا (١٨٩٨–١٩٧٠)، هەیرن فەین [هۆلاند] ١٩٩٥، ١٠٠ ل.

* عەبدوڵڵا غەفوور: جوگرافیای دانیشتووانی کوردستان (پێداچوونەوەی شاسوار هەشەمی)، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ١٤٤ .

* عەبدوڵڵا غەفوور: ئەتنۆ - دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٩٦ل.

* عەبدوڵڵا غەفوور: بیبلیۆگرافیای کوردستان ١٩٠٣–١٩٩٥، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٦٢+٦٣ ل.

* دکتۆر عەبدوڵڵا غەفوور: بارزانم چۆن دیت، پەخشخانەی ئاپێک ١٩٩٥، ١٠٩ ل + ٦٩ لاپەڕەی دەستنووس.

* عبدالله غفور: بيبليۆغرافية كردستان، ستۆكهۆلم ١٩٩٤، ١٢٣ ص.

* ژیلا حسەینی: گەشەی ئەوین (شیعر)، چاپی یەکەم، پەخشخانەی ژیار (شركت نشر ژيار)، سنە، کوردستانی ئێران ١٣٧٤ی هەتاوی [١٩٩٥]، ٨٦ ل.

* نەزەند بەگیخانی: دوێنێی سبەینێ (شیعر)، تابلۆ: قەرەنی جەمیل، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فرانسا، سانوا ١٩٩٥، ٨٥ ل.

* ئارتویر ڕامبۆ: درەوشانەوە، گۆڕینی لە فرانسییەوە: ئەحمەدی مەلا، هەروەها پەراوێزەکانی بۆ ڕێکخستووە، پێشەکی: ڕۆنیە شار، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فرانسا، سانوا ١٩٩٥، ٧٩ ل.

* عەبدوڵڵا سەڕاج: پەیک (چیرۆک)، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فرانسا، سانوا ١٩٩٥، ١٢٦ ل.

* هەڵکەوت: گرانەتا (شیعری کاریکاتێر)، ١٩٩٢، ١٢ل.

* عبدالكريم فندى، سگڤان عبدالحكيم، انور محمد طاهر، حسن سليڤانى، رشيد فندى (اعداد): دليل محافظة دهۆک، مطبعة كلية الشريعة - جامعة دهۆک ١٩٩٥، ٢١٤ + ٧ ص.

* ئالبێر کامو: بیانی (ڕۆمان)، وەرگەرا ژ فرانسی: در. فەواز حوسێن، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٠٨ڕ.

* ئانتۆن دی سانت ئێکزوپەری: میرزایێ بچووک، وەرگەرا ژ فرانسی: در. فەواز حوسێن، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٩٨ڕ.

* خەلیل دوهۆکی (ئامادەکار): ئانتۆلۆژییا چیرۆکا نوو یا کئرمانجێن باشوور، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ١٠٤ڕ.

* یاشار کایا: گۆتن، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ١١٥ڕ.

* فرات جەوەری: کەڤۆکا سپی (چیرۆک)، چاپا دووەم، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٦٠ ڕ.

* فرات جەوەری: گرتی (چیرۆک)، چاپا دووەم، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ١٧٤ ڕ.

* جاک لۆندۆن: زارۆکا شەڤێ (چیرۆک)، وەرگەر: موستەفا ئایدۆگان، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٨١ ڕ.

ڕۆژەن بارناس: ملکێ ئەڤینێ (شیعر)، وەشانێن نوودەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٥، ٨١ ڕ.

* دۆکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد شاهۆیان: ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکەی هەڵەبجە لە زاتی







مێژوونووسێکی کورددا، لە چاپەمەنییەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی لە فریزلاند، فریزلاند ١٩٩٤، ٤٢ ل (هۆللاند).

* دۆکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد شاهۆیان: لە مێژووی کوردستاندا چاند و ئایین و هونەر، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەریی کوردی لە فریزلاند، فریزلاند ١٩٩٤، ١٣٠ ل (هۆللاند).

* د. کوردستان موکریانی (ئامادەکردن): تیشکێک لەسەر زمانی دانیشتووانی کۆنی کوردستان (زمانانی خووری و ئورارتوو)، هەیرن فەین ١٩٩٥، ٨٨ ل.

* ڕەفیق سابیر: دیوانی ڕەفیق سابیر ١٩٧٠–١٩٩٠، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٣، ٤٧٧ ل.

* محەمەد ڕەسووڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاپێک APEC ، سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ٦٩٧ ل.

* عەبدوڵڵا حەسەنزادە: گوڵ چنینەوە لە خەرمانی "هەنبانە بۆرینە"ی هەژار، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاپێک APEC ، سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٥٠ ل.

* دۆکتۆر سادقی شەرەفکەندی : کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد، وەرگێڕانی: تەها عەتیقی، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاپێک APEC ، سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٦٤ ل.

* عەبدوڵڵا قەرەداغی: مارف ورێنە دەکات؛ چمکێک ڕووداو و قسەی خۆشی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاپێک APEC ، سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ١٦٥ ل.

* م. زیلانی: دەستپێکێن شەڤینێ (هەلبەست)، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئاپێک APEC ، سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٨٠ ڕ.

* زەینەلعابیدین زنار: چارمخ (هەلبەست)، پەنجینار؛ وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٦٩ ڕ.

* مارتین فان برونەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، کوردۆ لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بە کوردی، بەرگی یەکەم، بنکەی چاپەمەنیی ڕۆژ لە سوێد، سۆللەنتوونا ١٩٩٦، ١٩ لاپەڕە+ ٦ لاپەڕە+ ٥٣٦ لاپەڕە + ٢٨ لاپەڕە وێنە و نەخشە.

* حوار مع الاستاذ جرجيس فتح الله؛ هذه مقابلة اجرتها مجلة (سەرهەڵدانی نوێ) مح الاستاذ جرجيس فتح الله المحامى فى اواخر ايلول ١٩٩٥، ٤٣ ص.

* گێرتروود شتاین: پیکاسۆ، وەرگێڕ لە سوێدییەوە: زاگرۆس زەردەشتی، بنکەی چاپی ئاهوورا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥–٢٦٠٧ی کوردی، ١٠٦ ل.

* موستەفا دوزگوین: تاریخا فەلسەفەیێ یا ڕۆژاڤا (قرنا ئانتیق)، وەشانێن بەرهەمێ Berhem ، سپۆنگا، سوێد حزێران ١٩٩٥، ١٨٩ ڕ.

* وەشانێن ئاپێک APEC : کاتالۆگ، سپۆنگا ١٩٩٦، ٢٤ ل.

* Christer Nordmark: Strategier mot rasism och främlingsfientlighet, Statens Invandrarverk, Sweden 1995. 127 s.

* Rohat Alakom: Bir Kürt Diplomatinin Firtinali Yillari, General Serîf Pasa (1865-1944), APEC, Stockhilm 1995, 124 s. (+44 s. Album & Document).

* Kurdish National Congress Of North America: United Free Kurdistan; Proceedings of The Eighth Annual Congress of North America, October 1995, 57 pp.

* Celadet Ali Bedirhan: Günlük Notlar (1922-1925), Dilini sadelestirererek yayina hazirlayan: Malmîsanij, Birinci baski, Apec Tryck & Förlag, Stockholm 1995, 76 s.

* Dr. Abdullah Gafur (hazirlayan): Kuzey Kurdistan'da yerlesim yerleri 1980, Stockholm 1994, 270 s.

## گۆڤار و ڕۆژنامە

* نوویهار: مەهنامەیا چاندی، هونەری، ئەدەبی (خوەدی وو بەرپرسیارێ نڤیساران: سولەیمان چەڤیک، بەرپرسیارێ گشتی: سەباح کارا)، هەژمار: ٣٤-٣٥، تیرمەه ـ تەباخ ١٩٩٥، هەژمار: ٣٦، ئیلوون ١٩٩٥، هەژمار ٣٨، چرییا پاشین ١٩٩٥. (ئەستەمبووڵ).

* ڕۆژا نوو: کۆڤارا هونەری، چاندی وو ئەدەبی (خوەدی: کۆمکار ـ سوێد)، سال: ١٧، هەژمار: ٨٦ (٤٣)، تەباخ ١٩٩٥ (سوێد).

* رابوون: گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە (سەرنووسەر: رەفیق سابیر)، ژمارە: ١٢- ١٩٩٥، ژمارە: ١٣- ١٩٩٥، ژمارە: ١٤-١٩٩٥، ژمارە: ١٥ - ١٩٩٥ (سوێد).

* ڕۆژ: مجلة ثقافية عامة تصدرها لجنة الثقافة و الاعلام لدى جمعية الاكراد الفيليين، العدد: ٨، ايلول ١٩٩٥ (السويد).

* گزنگ (زانست، ئاشتی، ئاوەدانکردنەوە): گۆڤارێکی وەرزییە، لقی ئاوارەی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان ـ عێراق دەری دەکات (سەرنووسەر: ڕێبوار)، ژمارە: ١٠، ساڵی دووهەم، بەهاری ٢٦٩٥ی کوردی (کەرەج ـ ئێران).

* گزینگ: گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی – ئەدەبییە (بەرکار و بەرپرسی نووسین: س. چ. هێرش)، ژمارە: ٩، پاییزی ١٩٩٥ / ١٣٧٤، ژمارە: ١٠، زستانی ١٣٧٤ (١٩٩٦) (سوێد).

* بارزان: ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێت (سەرنووسەر: عەبدولقادر محەمەد ئەمین)، ژمارە: ١٩ و ٢٠، ئۆگوستی ١٩٩٥.

یەکگرتن: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە (سەرنووسەر: هەڵکەوت عەبدوڵڵا): ژمارە: ١٧ – ١٩٩٥ (دانمارک).

* یەکگرتوو: ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات (خاوەنی ئیمتیاز: زاهیر محمد امین، سەرنووسەر: عمر عبدالعزیز)، ژمارە: ٥٥، ساڵی دووەم، هەینی ٢٩ی ربیع الاول ١٤١٦ک، ٢٥-٨-١٩٩٥ز، ژمارە: ٥٦، ساڵی دووەم، هەینی ٦ی ربیع الثانی ١٤١٦ک، ١-٩-١٩٩٥ز، ژمارە: ٥٧، ساڵی دووەم، هەینی ١٣ی ربیع الثانی ١٤١٦ک، ٨-٩-١٩٩٥ز، ژمارە: ٥٨، هەینی ٢٠ی ربیع الثانی ١٤١٦ک، ١٥-٩-١٩٩٥ز، ژمارە: ٥٩، هەینی ٢٧ی ربیع الثانی ١٤١٦ک، ٢٢-٩-١٩٩٥ز، ژمارە: ٦٠، هەینی ٤ی جمادی الاولی ١٤١٦ ک، ٢٩-٩-١٩٩٥ز، ژمارە: ٦٢، هەینی ١٨ی جمادی الاولی ١٤١٦ک، ١٢-١٠-١٩٩٥ز، ژمارە: ٦٤، هەینی ٣ی جمادی الاخرة ١٤١٦ ک، ٢٧-١٠-١٩٩٥ز، ژمارە: ٦٥، هەینی ١٠ی جمادی الاخرة ١٤١٦ ک، ٣-١١-١٩٩٥ز، ژمارە: ٦٧، هەینی ٢٤ی جمادی الاخرة ١٤١٦ک، ١٧-١١-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٦٩، هەینی ٩ی ڕەجەب ١٤١٦ک، ١-١٢-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٧٠، هەینی ١٦ی ڕەجەب ١٤١٦ک، ٨-١٢-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٧١، هەینی ٢٣ی ڕەجەب ١٤١٦ک، ١٥-١٢-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٧٣، هەینی ٧ی شەعبان ١٤١٦ک، ٢٩-١٢-١٩٩٥ز؛ ژمارە: ٧٤، هەینی ١٥ی شەعبان ١٤١٦ک، ٥-١-١٩٩٦ز؛ ژمارە: ٧٥، هەینی ٢٢ی شەعبان ١٤١٦ک، ١٢-١-١٩٩٦ز (هەولێر، کوردستان).

* ئەمڕۆ: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی ئازادە (سەرنووسەر: فریاد حەسەن هیرانی)، ژمارە: ٤، سەرەتای گەلاوێژی ١٩٩٥- ٢٦٩٥ی کوردی (هەولێر، کوردستان).

* وێران: گۆڤاری وێرانی داهێنان (خاوەنی ئیمتیاز: ڕزگار عەبدوڵڵا، سەرنووسەر: د. فەرهاد پیرباڵ)، ژمارە: ٢، بەهاری ١٩٩٥.

* پەیام: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کولتووریی گشتییە، سەر بە هیچ ڕێباز و ڕێرەوێکی ڕامیاری و ئایینی نییە، گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووریی کوردستانییە لە شاری یۆنشوێپینگ، ژمارە: ٣، ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٥.

* بانگی هەق/ نداء الحق: مجلة اسلامية تصدرها الرابطة الاسلامية الكردية ( رئيس التحرير: ابو توانا القرەداغی، مدير التحرير: برهان الدين الشيروانی)، السنة الرابعة، العدد الرابع عشر والخامس عشر، سپتمبر ١٩٩٥م (لندن).

* کردستان: سياسية، ثقافية، شهرية،[يصدرها] المكتب الاعلامی الكردی فی النرويج، العددان ٢١-٢٢، ايلول ـ ت١ / سپتمبر ـ اكتوبر ١٩٩٥، جمادی الاولی ١٤١٦، العدد ٢٢، تشرين الثانی/ نوفمبر ١٩٩٥، جمادی الاخرة ١٤١٦.

* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی وو چاندی (خوەدی وو بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، هەژمار: ١٦، زڤستان ١٩٩٥ (سوێد).

* هەڵەبجە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە لە سوێد دەردەچێت (سەرنووسەر موحسین جوامێر)، ژمارە: ٢٥، ساڵی حەوتەم، دێسەمبەری ١٩٩٥، ڕەجەب ١٤١٦.

* سروە: گۆڤاری فەرهەنگی ـ ئەدەبیی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی دەریدەکات، ژمارە: ١٠٩-١١٠، ساڵی یانزدەیەم، گەلاوێژ ـ خەرمانان ١٣٧٤، ژمارە: ١١١ - ١١٢، ساڵی یانزدەیەم، ڕەزبەر ـ خەزەڵوەر ١٣٧٤ (١٩٩٥)، ورمێ، کوردستانی ئێران.

* ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە: ٢٦، سەرماوەزی ١٩٩٥ (نۆروێژ).

* هانا: گۆڤاری وەرزی، ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی (سەرنووسەر): کاکە، ژمارەی یەک، نۆڤەمبەری ١٩٩٥ (سوێد).

* ڕەنگین: گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کاردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەموو (١٥)ی مانگێک دەری دەکات (سەرنووسەر: د. بەدرخان سندی)، ژمارە: ٨٤، مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥ز ـ ١٤١٦ک (بەغدا).

* ژینی نوێ: ئاوەڵایە بۆ ڕۆشنبیری کوردی قەڵەم نەترس، میدیای جیهانیی کورد دەری دەکات (سەرنووسەر: ڕێبوار فەتاح)، ژمارە: ٥، دێسەمبەری ١٩٩٥ (لەندەن).

* دلانپار: دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە: ٤ و ٥، خولی پێنجەم، ٢٥-١٢-١٩٩٥ (فینلاند).

* Kurdistan Review: A publication of the Kurdish National Congress, Volume VII, Issue 1, October 1995 (USA).

* Kosmopolit: En tidskrift för det internationella Sverige, Chefredaktör och ansvarig utgivare: Leo Kantor, nr 3-4, 1995 (Sweden).

* Kurdish Life: A Publication of the Kurdish Library, Number 15, Summer 1995 (USA).

* Kurdistan heute: Zeitschrift des Kurdischen informations- und Dokumentationszentrums e. V., Nr. 16, Oktober/November 1995 (Germany).

* Kurdistan heute: Zeitschrift des Kurdischen Informations- und Dokumentationszentrums e. V., Nr. 17, Januar/Februar 1996 (Germany).

## کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فرانسا

ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە:

◇ نەزەند بەگیخانی: دوێنێی سبەینێ ، شیعر

◇ ئارتویر ڕامبۆ: درەوشانەوە، ئەحمەدی مەلا لە فرانسییەوە کردوویەتی بە کوردی

◇ عەبدوڵڵا سەڕاج: پەیک، چیرۆک

بۆ پێوەندی کردن بە کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فرانساوە و بۆ وەدەستهێنانی بڵاوکراوەکانیان:

AAPKF

Association des Artistes Kurdes en France

46, Allee Corneilles

95110 Sannois, FRANCE

Tel: 39 81 38 06

Fax: 30 25 10 77

THE CASE OF KURDISTAN AGAINST TURKEY




**دۆزی کوردستان دژی تورکیا**

ئەم کتێبە یەکێکە لە بەڵگەنامە گرنگەکانی مێژووی تازەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد. بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیە و بە ڕوونی دڕندایەتیی تورکە داگیرکەرەکان پێشان دەدات.

کتێبەکە یەکەم جار ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن کۆمەڵەی (خۆیبوون)ەوە لە فیلادێلفیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا چاپ کراوە.

ساڵی ١٩٣٠ کتێبەکە کراوە بە عەرەبی و ناوی دۆکتۆر بلەچ شیرکوە (یا بلێچ شێرکۆ)ی وەک نووسەر لەسەر دانراوە و لە قاهیرەی پێتەختی میسر بڵاوکراوەتەوە.

چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ئەو تێکستە عەرەبییەی کتێبەکە لەلایەن کاک محەمەد حەمەباقییەوە کراوە بە کوردی.

ساڵی ١٩٩٥ سەرلەنوێ کتێبە ئینگلیزییەکە لە سوێد لەلایەن پەخشخانەی (سارا)وە چاپ کراوەتەوە و لێرەدا وا دانراوە کە میر سورەییا بەدرخان نووسیویەتی.

هەتا ئێستا لە بارەی نووسەری ئەم کتێبەوە گەلێ تیۆریی جیاواز هەبووە؛ زۆر کەس دۆکتۆر بلەچ شێرکۆیان بە میر جەلادەت بەدرخان دانابوو. لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا خاتتو دوڕڕییە عەونی، کچی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد عەلی عەونی، لە هەندێ گفتوگۆدا وتوویەتی کە بلەچ شێرکۆ باوکیەتی، واتە محەمەد عەلی عەونی. بە هەرحاڵ تەنانەت ئەم چاپە تازەیەش، ئەگەرچی ئەوەی جەخت کردووە کە سورەییا بەدرخان نووسەری کتێبەکەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی پێشان نەداوە کە چۆن ئەمە ساغ کراوەتەوە.

نووسەری کتێبەکە هەرکەسێک بێت لە نرخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە، کە نموونەیەکی چاکە بۆ کاری سیاسی و بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد بۆ ڕای گشتیی جیهانی.

لەم چاپە تازەیەدا کۆمەڵێ وێنە و بەڵگەنامەی تازە خراونەتە سەر کتێبەکە.

بۆ وەدەستهێنانی ئەم کتێبە:

Sara Publishers
Dalagatan 42
113 24 Stockholm, Sweden
Tel/ Fax: 46 +8- 33 12 29

**ڕۆهات ئالاکۆم: ساڵانی پڕ لە پشێویی دیپلۆماتێکی کورد؛ گەنەراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٤٤)**

لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی APEC ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥، ١٢٤ لاپەڕە + ٤٤ لاپەڕە ئالبوومی وێنە.

هەر لاپەڕەیەکی مێژووی تازەی کورد هەڵدەدەیتەوە یەکسەر چاوت بە باسی پەیماننامەی سێڤر و سێ بەندە ناودارەکە دەکەوێت. ئەوە حەفتا ساڵ زیاترە لە باسی ڕەوابوونی مافی نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا، سەری زمان و بنی زمانی مێژوونووس و سیاسەتزانی کورد بۆتە سێڤر و سێ بەندەکە، بەڵام کەم





کەس هەیە بەڕاستی ئاگاداری ئەوە بێت ڕۆڵی کورد لەو پەیماننامەیەدا چی بووە. لەوەش کەمتر هەن کە بەڕاستی شەریف پاشای ئەندازیاری ئەو ڕووداوە گرنگە بناسن و بزانن کێ بووە و چۆن ژیاوە.




لەم کتێبەدا کە بە زمانی تورکی نووسراوە، ڕۆهات ئالاکۆم بە شێوەیەکی ورد و ڕێکوپێک هاتووە بە دوای داوە ئاڵۆزکاوەکانی ژیانی شەریف پاشادا گەڕاوە و زۆریشی لێ کەوتۆتە بەردەست. دیارە بە هۆی ئەوەوە کە نووسەر لە سوێد دەژی و شەریف پاشاش بەشێکی گرنگی ژیانی وەک سەفیری دەوڵەتی عوسمانی لە سوێد بردۆتە سەر، گەلێ بەڵگەنامە و وێنە و وتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سوێدی بەئاسانی دەست کەوتووە.

کتێبەکە لەم بەشانە پێک هاتووە: ١- سەرەتایەک، ٢- ساڵانی سەرەتای شەریف پاشا (١٨٦٥-١٨٩٧)، ٣-ساڵانی ستۆکهۆڵم (١٨٩٨-١٩٠٨)، ٤- ساڵانی بەرەنگاریی شەریف پاشا لە پاریس (١٩٠٩-١٩١٤)، ٥- ساڵانی مۆنت کارلۆ (١٩١٤-١٩١٨)، ٦- شەریف پاشای نوێنەری کورد (١٩١٨-١٩٢٠)، ٧- دوا ساڵەکانی شەریف پاشا.

بۆ ئامادە کردنی ئەم کتێبە، نووسەر سەری بەشی هەرە زۆری کتێبخانە دەوڵەتییەکان و موزە و ئارشیڤی پاراستنی بەڵگەنامەکانی سوێدی داوە و ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە گرنگەکانی ساڵانی کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی تەماشاکردووە. بێجگە لەوانە سوودی لە زۆر سەرچاوەی تورکیزمانیش وەرگرتووە. دیارە لەبەر ئەوەی نووسەر زاراوای کوردیی خواروو ناخوێنێتەوە، نەیتوانیوە سوود لە سەرچاوەکانی کوردستانی باشوور وەربگرێ، هەندێ شتێ لە ڕێگەی دۆستانیەوە بۆ کراون بە کرمانجیی سەروو.

بەشێکی گرنگی کتێبەکە ئەو وێنانەن کە نووسەر بە ماندووبوونێکی زۆر پەیدای کردوون، کە دیارە لە ناویاندا وێنەی دەگمەن و مێژوویی هەن. یەکێک لەو وێنانەی کە خۆی چیرۆکێکی سەربەخۆیە، ئەو تابلۆیەیە کە هونەرمەندی سوێدی ئاکسەل یونگستێت کاتی خۆی کردوویەتی و دوای دەستاودەست کردنێکی زۆر لە دواییدا لە موزەیەکی ئەستەمبووڵ گیرساوەتەوە.

جێگەی داخە کە دوا ساڵانی ژیانی شەریف پاشا لەم بەرهەمەشدا هەروا بە تاریکی ماونەوە و ڕووناکییەکی ئەوتۆیان نەخراوەتە سەر کە خوێنەری کورد، یا مێژوونووسی کورد بە دڵنیایی بتوانێ وای دابنێ کە نەخشەی هەموو ژیانی شەریف پاشا تەواوە.

ئەم کارەی ڕۆهات ئالاکۆم، بێگومان ، دەبێتە بناغەیەکی باش و بتەو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمەڕ ژیانی شەریف پاشا و بەشێکی گرنگی مێژووی تازەی کورد. خۆزگە کوردێکی تورکیزان ئەم کتێبەی وەردەگێڕایە کوردی.

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

- هەنگاو هەنگاو ... بەرەو زمانێکی یەکگرتوو (زمانەوانی)
- کورد لە بەڵگەنامەی قاجاری و عوسمانیدا (مێژوو)
- ناوچەی کەرکووک و سیاسەتی بە عەرەبکردنی (لێکۆڵینەوە)
- عەلی ئەکبەر دیهخودا و جەمالزادەی ئێرانی: خوێنێکی کوردی لە نووسراوەکانیاندا (وتار)
- ئەز ب ناچاری بووم هەمەکارە هیچکارە (هەڤپەیڤین)
- کێشەی کورد و ڕۆژگاری نوێ (شیعر)
- قەنارە (شیعر)
- بێزاری، مانگ و دەریا (دوو پارچە شیعر)
- ئەرباسەگ (شیعر)
- ساقی (شیعر)
- دانە و داو (چیرۆکی وەرگێردراو)
- پەیامی زەردەشت بۆ خەڵکی کورد (نامە)
- باج ـ ی تاوانەکەی خۆم دا (کورتەچیرۆک)
- شوێنی بەشەکانی ڕستە لە نێو ڕستەی کوردیدا (زمانەوانی)
- دۆنایدۆن (کورتەچیرۆک)
- ئاشتی (کورتەچیرۆک)
- نەخۆش (کورتەچیرۆک)
- ڕۆمانی "مۆبی دیک"، ئینسکلۆپیدیای زەریاوانێکی تراژیدی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)
- پەیماننامەی سیڤەر لە سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتاندا

ببوورن کە نەمانتوانی بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە.



# یادگارێکی شێخ مەحموودی نەمر

ئەم وێنانەی لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە وێنەی پارچەیەکن لە جلوبەرگی شێخ مەحموودی نەمر. ئەم جۆرە جلە ئەو سەردەمە (لبادە)یان پێ وتووە. ئەم لبادەیە ئێستا لای بەڕێز جەنابی شێخ محەمەدی شێخ سلێمانی شاکەلی پارێزراوە. ئێمە زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەین کە دوو وێنەی ئەو یادگارەی شێخی نەمریان بۆ ناردین وێڕای چەند ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی مێژووی لبادەکە خۆیەوە.



بەڕێز جەنابی شێخ محەمەدی شێخ سلێمانی شاکەلی لە نامەکەیاندا دەنووسن:

لەو کاتانەدا کە شێخ بە شاخەوە بووە، لە کاتی پشوودان و نوێژکردندا لە بەری کردووە. پاشان دەست بە دەست گەیشتۆتە لای شێخ عەلی ناوێک لە عەبابەیلێ. دوای مردنی ئەو شێخ عەلییە لبادەکە ئەکەوێتە دەست (سۆفی عەلی دەروێش مستەفای نەورۆلی). ئەم سۆفی عەلییە بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل لە بەغدا وەفات ئەکات، بەڵام پێش مردنی چاوی بە (سۆفی کاک ئەحمەد)ی خەڵکی ناوچەی هۆرێنی بناری بەمۆ ئەکەوێ و ئەڵێ: سۆفی وەرە ئەو پاڵتۆیەی خۆتم بدەرێ، من ئەم لبادەیەت ئەدەمێ و بەو جۆرە ئاڵوگۆڕی ئەکەن.

بەهاری ساڵی ١٩٧٢، ڕۆژێک لە سەفەر گەڕامەوە، بینیم خوالێخۆشبوو مامم، شێخ ئەحمەدی شاکەلی (١٩٠٣-١٩٨٢/٢/١٤) لەگەڵ سۆفی ئەحمەددا لە حەوشەی ماڵی ئێمە دانیشتوون. دوای قسە و دەمەتەقێ، ئەو لبادەیە چووە دڵمەوە و عەرزی مام سۆفیم کرد: دەستێ کەواوسەڵتەی جوانم هەیە لەگەڵ برێ پارەدا ئەتدەمێ، ئەو لبادەیەم بدەرێ، چونکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. مام سۆفی بێ سێودوو باڵی هەڵبڕی و لبادەکەی لەبەر داماڵی و بەو جۆرە ڕێک کەوتین. دەنگوباسی ئەم لبادەیە لە ناوچەکەدا بڵاوبووەوە. زۆر کەس ئەهاتن، بۆ پیرۆزی و تەبەڕک تۆزێکیان لێ ئەبڕی و ئەیانبرد. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بریندار و ڕووشەڵ ببێت. ئێستا کە ٢٣ ساڵە ئەم یادگارەی شێخ مەحموودی نەمرم پاراستووە، پێم خۆش بوو باس و وێنەکەی بڵاوبکەمەوە.





# سێ شیعر: سیمین چایچی

## پرسیار

گەورەم ئاخۆ
ناونیشانی تۆ کامەیە؟
بارەگاکەت لە کام کەیهان و ئاسمانە؟
دەڵێن دانیشتووی وڵاتی بەرزی ئەستێرە و
هەورانی ...
ئەوەتانێ
دەستم کورتە و ناگاتە تۆ،
دەنگم تینی نییە پەردەی ڕەشی هەور بدڕێنێ
دەڵێن وای لە هەر دڵێک و هەر ماڵێکا
سەدان ساڵە
دڵ لە دوای دڵ،
ماڵ لە دوای ماڵ لە دووت وێڵم
نە لە سووچی شەوەزەنگی
ڕەشماڵێکا جێگا ئەگری
نە لە پێنجدەری و تەلاری
کۆشکی ئاغا ڕێگات ئەدەن.
گەورەکان بە بەرز و نزمی
ماڵەکانیان ئەتناسێنن ...
تەنیا جارێ، تەنیا جارێ
ناوی تۆم بیست
نیوە شەوێ
کوڕێکی شێت
وێڵی کۆڵانی دلداری
دەیگوت: وەرە ئەی چاومەستم
وەکوو خوایەک ئەتپەرستم!

## تاجی گوڵ

کە بەهار هات
وشەکانم ئەهۆنمەوە
دەیانکەمە تاجی گوڵێن
بۆ سەر گۆڕی ئەویندارێ.

## تابلۆ

بۆ: فەرهاد شاکەلی

سەعات دوانزە
ترپەی پێڵاو
دەنگی چەرخانی کلیلێ،
جیڕەی ئاستەمی دەرگایێ،
خورپەی دڵ و ... ڕۆیشتنی بێ هەست و بیر.
سەعات دوانزە و چارەکێ
بێدەنگیی شەو
تەقەیەک .. دوان
چرایەکی دیکەش، ئەمشەو، کوژایەوە.

**ڕاپۆرتی شانۆ**

# هاملێت لە سێ دیدی جیاوازەوە

## لەندەن، تامەرفۆش و ستۆکهۆڵم

**دانا ڕەئووف**

هاملێت یەکێکە لەو شاکارە بەرزانەی شەکسپیر کە بەردەوام لەسەر ئاستی جیاوازی دید و بیر و بۆچوون دەخرێتە ڕوو. ڕاڤەکردنی کاراکتەری هاملێتیش یەکێکە لە لایەنەکانی ئەم هاوکێشەیە. بێگومان زیندوویێتی کاراکتەرەکە، وەک گیانێکی نەسرەوتی پڕ لە پرسیار، زەمینەیەکی لەباری خولْقاندووە بۆ بەردەوامیی ئەم تراژیدیایە. وا پێ دەچێت چرکەزەمەنی هاملێت لەم سەدەیەشدا نەسرەوێت و بەردەوام جیهانبینیی شتی نوێ و نهێنیی بەدینەکراوی دووتوێی ئەم زەمەنە زیاتر بدۆزرێتەوە.

ساڵی پار توانیم لە سێ دید و ڕوانگەی جیاوازەوە شانۆگەریی هاملێت ببینم. سەرەتای پار لە لەندەن، هاوینی پار لە شاری تامەرفۆشی فینلاند و کۆتایی پاریش لە ستۆکهۆڵم.

لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەم هەندێ باری سەرنج بخەمە سەر دەرهێنان و پێشکەشکردنی هەر سێ شانۆگەرییەکە.

**شانۆیی: هاملێت** Hamlet

**نووسینی: شەکسپیر** Shekespeare

**ڕیژیسۆر: پێتەر هاڵ** Peter Hall

گومان لەوەدا نییە کە ساڵی چەندین جار لەلایەن چەندین گرۆی جیاوازی ئینگلیزییەوە لە لەندەن تراژیدیا و شانۆییەکانی شەکسپیر پێشکەش دەکرێن. وەک شێوازی ڕێژی و بنەما هونەرییەکانی تری پێشکەشکردنی شانۆیی، شێوازی جیاواز لە خۆ دەگرن. لە کلاسیکییەوە بۆ دیدی نوێ و شێوەئامێز. ئەمەش حاڵەتێکی چاوەڕوانکراوە بەرانبەر بە شانۆییە تراژیدیاکانی شەکسپیر، لەو ڕوانگەیەوە کە زەمینەیەکی لەبار هاوکێشە و زەمەنە فەلسەفییەکانی دەخولْقێنێ.

ئینگلیزەکان زیاتر لە ڕوانگە و دیدێکی نەریتانەوە (هاملێت)یان بەرجەستە کردبوو. وەک نەریتێک مامەڵەیان لەگەڵ شانۆگەرییەکە کردبوو. هەرچەندە لە ڕووی سینۆگرافیا و نەخشەی گشتیی بونیادی شانۆگەرییەکەوە تەکنیکێکی نوێیان بەکارهێنابوو. بەڵام گیانە نەریتخوازانەکە زیاتر لە پشت عەقڵە ڕێژییەکەوە کاری دەکرد.

لە ناوەڕاستی شانۆکەدا بە شێوە بازنەیەکی گلۆڤەر (خڕ)ی گەورە بە (گوریس) پانتاییەکیان دروست کردبوو. گوریسەکان لەسەرەوە شۆڕ بووبوونەوە بۆ خوارەوە و بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کرابوون. گوریسەکان لەگەڵ هەموو دیمەنێکدا شێوە و شێوازی جیاوازی لە خۆ دەگرت. سەرەتا بەو شێوە لوولەییە قەڵا و کۆشکی پادشای







دەنەخشاند، کە دەکرایەوە دەبووە پانتاییەکانی ناوەوەی کۆشکی شاهانە و... بەو شێوەیە.

یەکێک لەو ڕاڤە نوێیانەی کە ڕیژیسۆر هەوڵی دابوو، وەک زەمەنێکی نوێ پانتاییەکەی جیهانی هاملێت فراوان بکات ئەوە بوو بە هیچ جۆرێک دایکی هاملێت، شاژنی تاوانبار نەکردبوو بەرانبەر بە لەناوبردنی باوکی هاملێت. بەڵکە مامی هاملێت تاوانباری یەکەم و ڕاستەوخۆی تراژیدیاکە بوو. هەروەها لە یەکێک لە دیمەنە بەرزەکانی ئەم تراژیدیایەدا، ڕووبەڕووبوونەوەی هاملێت و دایکی لە بارێکی دەروونیی زۆر نالەباری هاملێتدا. دوای کوشتنی پۆلۆنیۆس لەلایەن هاملێتەوە. سەرلەنوێ تارماییی باوکی هاملێت دەردەکەوێتەوە. لێرەدا هاملێت هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دایک و باوکی بە یەک بگەیەنێتەوە. یەکێک لە جوانترین دیمەنەکانی ئەم شانۆگەرییە دەرکەوتنەکانی تارماییی شای دانمارک (باوکی هاملێت) بوو کە لە کەشێکی ئەفسووناوییدا بەرجەستە کرابوو.

**شانۆیی: هاملێت** Hamlet

**نووسینی: شەکسپیر** Shekespeare

**ڕیژیسۆر: ئێریک سویدەربلووم** Erik Söderblom

**گرۆی (دیکە)ی هێلسنکی، پایتەختی فینلاند.**

هاوینی پار ئەم شانۆگەرییە لە شاری تامەرفۆش لە ڤیستڤاڵێکی نێونەتەوەییی شانۆدا پێشکەش کرا. فینلاندییەکان لە دیدێکی زۆر جیاواز و لە شێوازێکی ئەزموونگەریدا (هاملێت)یان پێشکەش کرد. یەکێک لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان گۆڕینی کاراکتەری هاملێت بوو لە کوڕەوە بۆ کچێکی گەنج. هەروەها بەرجەستەکردنی پادشا لە دیدێکی زیاتر نزیک لە جیهانێکی بێهوودە (ئەبسورد)ەوە.

شانۆگەرییەکە لە پانتاییەکی دیارکراودا پێشکەش کرا. ستوونێکی لوولەییی گەورە لە ناوەڕاستی شانۆکەدا بەرز بووبووەوە و دوو دەرگای گەورە لکێندرابوون بە لاتەنیشتەکانیەوە. ئەملا و ئەولاکانی وەک پەیژە دروست کرابوون. هەروەها دەرگاکان تەنها چوارچێوە بوون و پەردەیان پێوە کرابوو. بە درێژاییی و قووڵاییی شانۆکەش و بە شێوەیەکی قۆقزی لەوحێکی ڕەنگ ڕەش و قاوەیی تۆخ هەڵواسرابوو. لەملا و ئەولای بەردەمی شانۆکەش ئۆرکسترایەکی بچووک دانیشتبوون و لە کاتی پێویستدا مۆسیقایەکی زۆر تایبەتیان دەژەند.

ئەو دوو دیوارە لەگەڵ هەموو دیمەنێکی نوێدا دەخولانەوە و شێوازی نوێ و گونجاویان وەردەگرت. ئەکتەرەکان لە جووڵە و هەڵچوونێکی وەهادا بوون کە گیانێکی نوێیان لەگەڵ ئەو دیدە نوێیە بەتێکڕای شانۆگەرییەکە بەخشیبوو.

هۆراشیۆ زیاتر وەک کاراکتەرێکی بێهێز، دەستەپاچە



دەردەکەوت. گەنجێکی ئەورووپایی بە جلوبەرگێکی کاوبۆی و گیتارێک بەملیەوە.

بەڵام هاملێت بەردەوام هێڵی کاراکتەرەکەی هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکان، بەتایبەتی ڕیتمی جیاوازی پادشادا، بە ڕێ دەکەوت. Leea Klemola زۆر سەرکەوتووانە ڕۆڵی هاملێتی دەنواند. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەرچەندە کیژە ئەکتەرێک ڕۆڵی هاملێتی دەنواند، بەڵام ڕاڤە و خستنەڕووی ڕێژیسۆر هەر وەک پیاو مامەڵەی لەگەڵ هاملێتدا کردبوو.

دواجار شاژن، واتا دایکی هاملێت، وەک هەڵوێستێکی پەشیمانی بەرامبەر بە تاوانی کوشتنی باوکی هاملێت پێکە پڕ لە ژەهرەکەی هاملێت نۆش دەکات. پادشاش دوای پەردەهەڵماڵین لەسەر تاوانەکانی خۆی، خۆی دەکوژێت و کۆتایی بە کارەسات و تاوانەکانی تراژیدیای هاملێت دەهێنێ.

**شانۆیی: هاملێت** Hamlet

**نووسینی: شەکسپیر** Shekespeare

**وەرگێرانی: بێنگت ئەندەربارى** Bengt Anderberg

**ڕێژیسۆر: ئێتینە گلاسەر** Etienne Glaser

**دراماتۆرگ: نیلس گریدەبی** Nils Gredeby

**گرۆی شانۆیی:** unga klara

هاملێت لە ستۆکهۆڵم شێوازێکی تر دەگرێتە خۆ. شێوە گەمەیەکی توندوتیژی مێردمنداڵان لە پانتایی و ڕووبەرێکی فراوان و لە هەمان کاتدا دیارکراودا.

ئەکتەرەکان دوو دوو بینەرانیان دەبردە هۆڵی شانۆکە. سینۆگرافیا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕابوو لە پراکتیزەکردنی دیدی ڕێژیسۆردا.

سەکۆیەکی بەرز لە نێوەندی ژوورێکی مامناوەندیدا. بینەران لە سێ لاوە بە دەوری شانۆکەدا دانیشتبوون. هەروەها دیوارێکی گەورەیان لە شووشە لە بەردەم شانۆکەدا دروست کردبوو. سەکۆی شانۆکەش بە (لم) داپۆشرابوو.

هاملێت وەک لاوێکی هەندێ تاساو دەردەکەوت. بەرانبەر ئەو ئۆفیلیا بووبووە تەوەری شانۆگەرییەکە و، شێوازێکی زۆر تایبەتی لەخۆ گرتبوو. ئۆفیلیا کیژێکی زۆر گەنج، بەوپەڕی برواوە هەنگاوی دەنا. یەکێک لە جوانترین دیمەنەکانی ئەم شانۆگەرییە بەرێکردن و ناشتنی تەرمی ئۆفیلیا بوو لە پانتاییە دیارکراوەکەدا. دیمەنەکە بووە ئەفسوون و بە تەکنیکێکی زۆر بەرز بە تیشک و ڕووناکیی لەچاوترووکانێکدا بەرجەستە بوو. لەم دیمەنە پڕ لە تراژیدیایەدا هۆراشیۆ بە دیار تەرم و گۆڕەکەی ئۆفیلیاوە بە ئامێری سەکسیفۆن غەمناکترین ئاوازی پێشکەش کرد. هەروەها دوای ئەم پەردەهەڵماڵینە لەسەر تاوانەکانی پادشا و لە کاتی نوێژکردنەکەیدا، هاملێت لەبری شمشێر وەک خەڵکی





کۆمەڵگا سەرەتاییەکان گەرەکی بوو بە بەردێکی زل پادشا بکوژێت و تۆڵەی باوکی بکاتەوە. هەروەها بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەریی گرۆ گەڕۆکەکە لەبەردەم پادشادا، دیوارە شووشەکە کرایەوە و لەو دارشتەیەدا شانۆیەکی بچووکی تریان دروست کردبوو. سەرلەنوێ لەم دیمەنەشدا هۆراشیۆ وەک یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو گرۆ گەڕۆکە کە هاتبوونە کۆشکی پادشاوە بە سەکسیفۆنەکەی بەشداریی چالاکییەکانی کردن. بۆ بەرجەستەکردنی ئەو مەبەستەش لە دیدێکی جوانەوە لە خوارەوەی بەردەمی شانۆکەی ئەواندا جێگای خۆی گرتبوو.

پادشا زیاتر لە کابرایەکی بەدەسەڵاتی سەر بە دەزگا تۆقێنەرەکانی ئاسایش دەچوو. زۆر دڵڕەقانە و هەندێ جار گاڵتەجارانە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆڵەکەی خۆیدا دەکرد. پاسەوانێکی بەردەوام بەدواوە بوو. پاسەوانەکە زیاتر لە ئامێرێک دەچوو. هەندێ جار وەک پۆلیسی نهێنی بەدوای کاراکتەرەکانی ترەوە بوو. شاژنیش وەک ئافرەتێکی بێدەسەڵاتی گێل لە پەراوێزی پادشادا دەخولایەوە. ڕێژیسۆر بە شێوازێکی جوان کۆتایی بە شانۆگەرییەکەی هێنا. دوای مردنی کاراکتەرەکانی

هاملێت لەم دیمەنەدا زۆر توندوتیژانە تەرمی (پادشا و شاژن و لایرتس)ی یەکە یەکە لەسەر سەکۆ بەرزەکەی شانۆکەوە فڕێ دایە خوارەوە. خۆشی زۆر بەهێمنی چاکەت و پێڵاو و گۆرەوییەکانی داکەند و لەسەر شانۆکە بەجێی هێشتن و ڕۆیی، وەک گوزارشتێک لە ڕەفزی خۆی بۆ ئەو بارودۆخە پڕ لە کارەسات و خیانەتکارییە. لە کۆتاییشدا کە هەموو کاراکتەرەکان مردن و (ڤێتریاس) وەک سەرکردەیەکی سەربازی هاتە وڵاتەکەوە، پاسەوانەکە وەک بەردەوامییەک بەو بارودۆخە ترسناکە پۆلیسییە، وەک هیچ ڕووی نەدابێت، جێگای خۆی بەدوای (ڤێتریاس)ەوە کردەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ڕێژیسۆر، ئێتینە گلاسەر، بۆ خۆی و بە شێواز و تەکنیکێکی بەرز ڕۆڵی (پۆلۆنیس)ی دەنواند.

حەز دەکەم لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ چۆنێتی جلوبەرگی ئەکتەرەکانیش بکەم.

شانۆگەرییەکە لە لەندەن زیاتر جلوبەرگی سەردەمی کۆنیان بەکار هێنابوو، بەڵام لە فینلاند و سوێد جلوبەرگی سەردەمی نوێیان بەکار هێنابوو.

*Dana R. Marouf*